حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی
زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان

# ناوی ئەبستراکت و پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت لە زمانی کوردیدا

نامەیە
مستەفا ڕەزا مستەفا

پێشکەشی سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت
پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.فاروق عومەر سدیق

(2712)کوردی (2013)زایینی

# ناوی ئەبستراکت و پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت لە زمانی کوردیدا

**نامەیەکە**

**مستەفا ڕەزا مستەفا**

**پێشکەشی سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا**

**سەرپەرشت**

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر.د.فاروق عومەر سدیق**

(2712)**کوردی** (2013)**زایینی**

**ئەم نامەیە بە چاودێری من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا.**

**ناو: د. فاروق عومەر سدیق**

**ڕۆژ: / /**

**بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

**ناو:**

**ڕۆژ:**

**ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایانی ئەوەیە بە پلەی (            )، بڕوانامەی ماجستێری لە زمانی کوردیدا پێ بدرێت.**

**ناو:** | **ناو:**
**ئەندام:** | **سەرۆکی لیژنە:**
**ڕۆژ:    /    /** | **ڕۆژ:**

**ناو:** | **ناو:**
**ئەندام:** | **ئەندام و سەرپەرشت:**
**ڕۆژ:    /    /** | **ڕۆژ:**

**لەلایەن سکوڵی زمانەوە پەسەند کرا.**

**ناو:**
**سەرۆکی سکوڵی زمان:**
**ڕۆژ:**

# پێشکەشە بە:

- هاوسەر و هاوڕێی ژیانم (سۆزان).
- جگەرگۆشەی ئەزیزم (لیا).
- نەنك و باپیرم، کە بەدڵسۆزییەوە منیان گەیاندە ئەم قۆناغە.
- سەرجەم ئەو مرۆڤانەی، کە وشەی کوردی و ناوی کوردستانیان خۆشدەوێت.

# سوپاس و پێزانین:

**سوپاس و ئەمەگداریم بۆ:**

- مامۆستای گەورە و خۆشەویستم بەڕێز (پ.ی.د. فاروق عومەر سدیق)، کە زۆر لێبوردووانە و دڵسۆزانە کارەکەی لەگەڵمدا گەیاندە ئەنجام و بەردەوام بە تێبینی زانستیی و ڕێنماییە بەنرخەکانی توێژینەوەکەمانی دەوڵەمەندترکرد، هەروەها ماندوونەناسانە سەرچاوە ڕووسییەکانی بۆ وەرگێڕاوم.
- بەڕێز (پ.ی.د حەمید عەزیز)، کە بەردەوام دەرگای واڵابووە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانم و پێدانی سەرچاوەی زانستیی و بەنرخ.
- بەڕێز (پ.ی.د. دڵشاد عەلی) سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا، کە زۆر لەخۆبوردوانە کارەکانی بۆ ڕاپەڕاندووین.
- بەڕێز (م.شێروان حوسێن)، کە برایانە ڕێنمایی کردووم بە مەبەستی دەوڵەمەندبوونی توێژینەوەکەمان.
- بەڕێزان (م. حەیدەر ناسیح، م.ئارام قادر، م.زرارعەلی، م.هێمن)، کە ماندووم کردن بە وەرگێڕانی سەرچاوە عەرەبی و ئینگلیزییەکانەوە.
- بەڕێزان فەرمانبەرانی کتێبخانەکانی (کۆلێژی زمان، کۆلێژی پەروەردەی چەمچەماڵ، ناوەندی زانکۆ، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، کتێبخانەی گشتیی سلێمانی).
- سەرجەم ئەو هاوڕێ و مرۆڤە دڵسۆزانەی، کە لەقۆناغی سەرەتایی تا قۆناغی ماستەر وانەیان پێوتوم و منیان ئاشناکرد بەوشەی شیرینی کوردی.

# هێماو کورتکراوەکان:

| | |
|---|---|
| / | یان |
| /  / | مۆرفێم، فۆنێم |
| : | هەمبەر/پەیوەست |
| ★ | واتای نادروست |
| = | یەکسانە |
| < | دەبێتە |
| /   –/ | پاشگر |
| /–   / | پێشگر |
| /–  –/ | ناوبەند |
| Ø | مۆرفی سفر |
| S. | سەبجێکت |
| O. | ئۆبجێکت |
| V. | ڤێرب |
| ف.ن | فرێزی ناوی |
| ف.ك | فرێزی کرداری |
| و.د | وشەدارێژ |
| پ.ز | پێش زایین |

# لیستی زاراوەکان:

| | |
|---|---|
| | - أ - |
| **Idealism** | ئایدیالیزم |
| **Idea** | ئایدیا |
| **Metaphysic** | ئەودیوسروشت |
| **Deep Structure** | ئاستی قووڵ |
| **Surface Structure** | ئاستی ڕووکەش |
| **Parole** | ئاخاوتن /توانای دەربڕین |
| | - ب - |
| **Production** | بەرهەمهێنان |
| **Full Productivity** | پڕبەرهەم |
| **Productivity** | بەپێزی/بەبەرهەمی |
| **Morphological Productivity** | بەپێزی لە مۆرفۆلۆژیدا |
| **Un Productivity** | کەم بەرهەم |
| **Subject** | بکەر |
| **Object** | بەرکار |
| | - پ - |
| **Degree of Morphological Productivity** | پلەکانی بەپێزی لە مۆرفۆلۆژیدا |
| **Prefix** | پێشگر |
| **Suffix** | پاشگر |
| | - ت - |
| **Competence** | توانست |
| **Performance** | توانا |
| **Langue** | توانای گشتی زمان |
| | - ج - |
| **Concept/Sense** | چەمك/مەفهوم |
| **Abstract Concept** | چەمکی ئەبستراکت |

| | |
|---|---|
| | - ف - |
| Phone | فۆن |
| Phoneme | فۆنێم |
| | -ز - |
| Abstract Term | زاراوەی ئەبستراکت |
| | - و - |
| Mental Image | وێنەی زەیینی |
| | - ی - |
| Unit | یەکە/دانە |
| | - م - |
| Materialist | ماددیەت |
| Morph | مۆرف |
| Morpheme | مۆرفێم |
| Free Morpheme | مۆرفێمی سەربەست/ئازاد |
| Bound Morpheme | مۆرفێمی بەند |
| Derivational Morpheme | مۆرفێمی وشەداڕێژ |
| Grammatical Morpheme | مۆرفێمی ڕێزمانی |
| | - ن - |
| Abstract Noun | ناوی ئەبستراکت |
| Concrete Noun | ناوی کۆنکرێت |
| Semi—Productivity | نیمچەبەرهەم |

## ناوەڕۆك:


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| | پێشەکی |
| 1 | 1/0 ناونیشانی نامەکە |
| 1 | 2/0 هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە |
| 1 | 3/0 کەرەستەو سەرچاوەی بەکارهاتوو لە نامەکەدا |
| 1 | 4/0 ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە |
| 2 | 5/0 گرفتی نامەکە |
| 2 | 6/0 گرنگی و بایەخی نامەکە |
| 3-2 | 7/0 ناوەڕۆك و بەشەکانی نامەکە |
| | **بەشی یەکەم:** **چەمکی ئەبستراکت و ئەبستراکت لە ئاستەجیاوازەکانی زماندا** |
| 4 | 1/1 زاراوەی ئەبستراکت |
| 6-4 | 2/1 چەمکی ئەبستراکت |
| 8-6 | 3/1 دنیای ئایدیاڵ (نابەرجەستە/ئەبستراکت) |
| 11-8 | 4/1 دنیای ماتریاڵ (بەرجەستە/کۆنکرێت) |
| 13-11 | 5/1 پرۆسەی بە ئەبستراکتکردن |
| 17-13 | 6/1 گواستنەوەی بیرۆکەی ئەبستراکت لە فەلسەفەوە بۆ زمان |
| 17 | 7/1 ئەبستراکت لە ئاستە جیاوازەکانی زماندا |
| 19-17 | 1-7/1 ئەبستراکت لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا |
| 24-20 | 2-7/1 ئەبستراکت لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا |
| 27-24 | 3-7/1 ئەبستراکت لە ئاستی سینتاکسدا |
| 34-28 | 4-7/1 ئەبستراکت لە ئاستی واتاسازیدا |
| | **بەشی دووەم:** **چەمکی پێز و مۆرفیمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت** |
| 36-35 | 1/2 بەرهەمهێنان production |
| 38-37 | 2/2 بەپێزی پەیوەست بە بەرهەمدارییەوە |

| | |
|---|---|
| 38-39 | 3/2 بەپیزی لە زماندا |
| 40-42 | 4/2 بەپیزی لە مۆرفۆلۆژیدا Morphological Productivity |
| 42-45 | 5/2 پلەکانی بەپیزی لە مۆرفۆلۆژیدا |
| 46 | 6/2 سەرهەڵدانی بیری مۆرفیم |
| 46-47 | 7/2 دابەشکردنی مۆرفیم بەپێی واتا و ئەرك |
| 48 | 1-7/2 دابەشکردن بەپێی واتا |
| 48-49 | 2-7/2 دابەشکردن بەپێی ئەرك |
| 49-61 | 8/2 چۆنیەتیی تەماشاکردنی ناوی ئەبستراکت و مۆرفێمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت لە زمانەوانیی کوردیدا |
| 61-65 | 9/2 ناساندنی ناوی ئەبستراکت و مۆرفێمەداڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت |
| 65-66 | 10/2 جۆرەکانی ناوی ئەبستراکت لەڕووی پێکهاتەوە |
| 66-69 | 11/2 تایبەتمەندیی ناوی ئەبستراکت و مۆرفێمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت |
| | **بەشی سێیەم:** **پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت لە سازکردنی وشەی نوێدا** |
| 70-71 | 1/3 ڕێگاکانی سازکردنی وشەی نوێ لەزمانی کوردیدا |
| 71-77 | 2/3 مۆرفێمی داڕێژی /-ی/ لەگەڵ ناو و ئاوەڵناودا |
| 77-81 | 3/3 مۆرفێمی داڕێژی /-ێتی/ لەگەڵ ناو و ئاوەڵناودا |
| 81-84 | 4/3 مۆرفێمی داڕێژی /-ایەتی/ و ئەلۆمۆرفەکانی لەگەڵ ناو و ئاوەڵناودا |
| 84-86 | 5/3 مۆرفێمی داڕێژی /-ەتی/ لەگەڵ ناو و ئاوەڵناودا |

| | |
|---|---|
| 6/3 مۆرفێمی داڕێژی /-ایی/ لەگەڵ ئاوەڵناودا | 86-89 |
| 7/3 مۆرفێمی داڕێژی /-ە/ لەگەڵ ئاوەڵناو و ڕەگی کردار و ژمارەدا | 89-90 |
| 8/3 مۆرفێمی داڕێژی /-ێنی/ لەگەڵ ناو و ئاوەڵناودا | 90 |
| 9/3 مۆرفێمی داڕێژی /-ا/ لەگەڵ ئاوەڵناودا | 90-92 |
| 10/3 ئاماری ئەو مۆرفێمە داڕێژانەی، کە چوونەتە سەر (ناو، ئاوەڵناو، ڕەگی کردار) بۆ ڕۆنانی ناوی ئەبستراکت | 92 |
| 11/3 چەند مۆرفێمێکی داڕێژی ناچالاك لە سازکردنی ناوی ئەبستراکتدا | 93-95 |
| 12/3 ڕۆنانی ناوی ڕووداوی ئەبستراکت (چاوگ) لە ڕەگی کرداری ڕابردووەوە | 95-97 |

| | |
|---|---|
| 13/3 ئەو مۆرفێمە داڕێژە ئەبستراکتییانەی، کە بەشداری لەگۆڕینی پۆلەڕەگەزی (ئاوەڵناو بۆ ناو) دەکەن | 97-100 |
| 14/3 ئەو مۆرفێمە داڕێژە ئەبستراکتیانەی، کە بەشداری لە گۆڕینی پۆلەڕەگەزی (کردار بۆ ناو) دەکەن | 100-102 |
| 15/3 ئەو مۆرفیمە داڕێژە ئەبستراکتییانەی، کە بەشداری لەگۆڕینی بەشە ئاخاوتنی (ژمارە بۆ ناو)، دەکەن | 102 |
| 16/3 ئاماری گشتیی مۆرفێمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت بەگوێرەی بەپێزییان | 102-103 |
| ئەنجام | 104-105 |
| سەرچاوەکان | 106-112 |
| ملخص البحث | 113 |
| Abstract | 114 |
| پاشکۆ (لیستەی ناوە ئەبستراکتییەکان) | 115-119 |

# پێشەکی

## 1/0 ناونیشانی نامەکە:

ناونیشانی نامەکە، بریتییە لە (ناوی ئەبستراکت و پێزی مۆرفێمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت لە زمانی کوردیدا)، توێژینەوەکەمان بریتییە لە هەوڵێکی سەرەتایی بۆ بەدەست خستن و دیاریکردنی ڕێژەی پێز و بەرهەمی گروپێکی دیاریکراو لە مۆرفێمە داڕێژەکانی زمانی کوردی، کە ئەویش گروپی مۆرفێمە ئەبستراکتەکانن، هەوڵدانێکە بۆ بە ئامارکردن و دەرخستنی ڕێژەی چالاکی و بەشداریکردنی ئەم چەپکە مۆرفێمە لە سازکردنی وشەی نوێی زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەکەمان.

## 2/0 هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

گرنگترین فاکتەر، لە هەڵبژاردن و کارکردن لەسەر ئەم پۆلە مۆرفیمە، بریتییە لە دەورو کاریگەریی مۆرفیمە داڕێژەکانی زمانی کوردی، بە تایبەتیش سۆفێکسەکان لە دەوڵەمەندکردن و داڕشتنی وشەی نوێ بۆ فەرهەنگی زمانەکەمان، لەناو ئەو سۆفێکسانەشدا ڕۆڵ و کاریگەری گروپی مۆرفیمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت و سازکردنی وشەی ئەبستراکتی و فراوانبوونی دنیای وشە ئەبستراکتییەکان لە بەرامبەر دنیای کۆنکرێت و وشە کۆنکرێتییەکاندا.

## 3/0 کەرەستە و سەرچاوەی بەکارهاتوو لە نامەکەدا:

بۆ نووسینی نامەکە، سوودمان لەو سەرچاوە کوردییە نووسراوانە وەرگرتووە، کە بۆ بابەتەکەی ئێمە کەڵکی هەبووبێت، جگە لە بەکارهێنانی سەرچاوەی بیانی و کەڵك وەرگرتن لە قسەی ڕۆژانەی خەڵك لە هێنانەوەی نموونەکاندا.

## 4/0 ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە:

ڕێبازی توێژینەوەکەمان، بریتییە لە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی پەسنی شیکاریی، واتە قسەکردنمان و داتاکانمان لەسەر ئێستای پێز و بەرهەمی مۆرفیمە داڕێژە ئەبستراکتییەکانی زمانی کوردییەو دەشێ بە گۆڕانی کات، ڕێژەی پێزی ئەو مۆرفیمانەش بگۆڕێت، جگە لە پەیڕەوکردنی ڕێبازی بەراوردکاری لە هەندێ شوێنی نامەکەدا و بەپێی پێویست.

## 5/0 گرفتی نامەکە:

گرفتی نامەکە بریتییە لە ساغکردنەوە و خستنەڕووی پێز و کەم پێزی پۆلێکی دیاریکراو لە مۆرفیمە داڕێژەکانی زمانی کوردی، ئەوانیش مۆرفیمەکانی داڕێژی ناوی ئەبستراکتن. واتە هەوڵدان بۆ دەرخستن و ڕێژەی بەشداریکردن و چالاکیی هەریەکێك لەو پۆلە مۆرفیمە و دواتر لەڕێگەی داتا و ئامارەوە ڕێژە و چالاکیی هەر مۆرفیمێکیان لە داڕشتنی وشەی ئەبستراکتدا پێشاندراوە.

## 6/0 گرنگی و بایەخی نامەکە:

دیارە هەر توێژینەوەیەك، کە ئەنجامدەدرێت لە بوار و مەودایەکی دیاریکراودا بایەخ و گرنگی خۆی هەیە و دەتوانرێت سنوورەکەی فراوانبکرێت و کەم وکوڕییەکانی ڕاستبکرێتەوە، هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیەی ئێمەش لە چەند لایەنێکەوە گرنگی و بایەخی خۆی هەیەو هەوڵ دەدەین بەچەند خاڵێك گرنگییەکەی بخەینەڕوو:

1- ئەم توێژینەوەیە هەنگاوێکە، کە هاویشتراوە بە ئاڕاستەی دەرخستن و دیاریکردنی ڕێژەی پێزو بەرهەمی مۆرفێمە داڕێژەکانی زمانی کوردی و ڕۆڵیان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەکەماندا، ئەویش گروپی مۆرفیمە داڕێژە ئەبستراکتییەکانن.

2- لەم توێژینەوەیەدا جگەلەوەی هەوڵدراوە گرنگی و بایەخی ناوی ئەبستراکتی لەبەرامبەر ناوی کۆنکرێتیدا بخرێتەڕوو، توانراویشە گرنگی مۆرفێمە داڕێژە ئەبستراکتییەکان و ڕێژەی پێزو بەرهەمیان بەپێی بەشداریکردنیان لە داڕشتنی وشەی نوێ و توانای دووبارەبوونەوەی هەر پاشگرێکیان لە ڕۆنانی ناوی ئەبستراکتی بەپێی داتا بخرێتەڕوو.

3- لەڕووی سیمانتیکییەوە هەوڵدراوە گرنگترین ئەو لایەنانە بخرێنەڕوو، کە ناوە ئەبستراکتییە ڕۆنراوەکان دەلالەتی لێدەکەن، لە نموونەی دەربڕینی حاڵات و جۆری شتەکان و پیشە جیاوازەکان و بیر وبۆچوونی مرۆڤ بەگشتی، لەسەر شتە زەینییە نادیارەکان، چونکە لەکۆتاییدا ناوە ئەبستراکتییەکانیش ڕەنگدەرەوەی بیروبۆچوونی مرۆڤ و کۆمەڵگە و ئەو واقیعەن بەگشتی. ئەمە جگەلەوەی، کە ناوی ئەبستراکتی دەربڕی واتای هەمەکییە، بەپێچەوانەوە ناوی کۆنکرێت دەربڕی واتای هەندەکییە.

## 7/0 ناوەڕۆك و بەشەکانی نامەکە:

نامەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆی لیستی ناوە ئەبستراکتییەکان، کە وەك نموونە بەدرێژایی بەشی سێهەم لە توێژینەوەکەماندا بەکارمان هێناوە پێکهاتووە لە:

## بەشی یەکەم/

ئـەم بەشـە، کـە ناونیشـانی (چـەمکی ئەبسـتراکت و ئەبسـتراکت لـە ئاسـتە جیاوازەکـانی زمـانی) دراوەتێ، چەند باسێك لەخۆ دەگرێت لەوانە: زاراوەی ئەبستراکت، چەمکی ئەبستراکت، دنیای ئایدیاڵ و دنیای ماتریاڵ، پرۆسەی بە ئەبستراکت کردن، گواستنەوەی بیری ئەبستراکتی لە فەلسەوە بۆ زمانەوانی، ئەبسـتراکت لـە ئاسـتە جیاوازەکانی زمانـدا: (ئاسـتی دەنگسـازی، ئاسـتی وشەسـازی، ئاسـتی ڕستەسـازی، ئاستی واتاسازی).

## بەشی دووەم/

بەشی دووەم، لەژێر ناونیشـانی (چـەمکی پێـزو مۆرفێمـە داڕێـژەکانی نـاوی ئەبسـتراکت)دایە، لـەم بەشەدا هەوڵدراوە بەشێوەیەکی گشتی چەمکی پێز و بەرهەمداری ڕوونبکرێتەوە، بەتایبەت لە زمانـدا و لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا، دواتر باسکردنی نـاوی ئەبسـتراکت و مۆرفێمـە داڕێـژەکانی نـاوی ئەبسـتراکت، هەر لەم ڕوانگەیەوە ئـەم بەشـە پێکهاتووە لـە چـەند باسـێك، کـە ئـەوانیش: ((بەرهـەمهێنان، بـەپێزی پەیوەست بـە بەرهەمدارییـەوە، بـەپێزی لـە زمانـدا، بـەپێزی لـە مۆرفۆلۆژیـدا، سـەرهەڵدانی بیرۆکـەی مۆرفێم، دابەشکردنی مۆرفێم بەپێی واتا و ئەرك، چۆنێتیی تەماشاکردنی ناوی ئەبستراکت و مۆرفێمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت لە زمانەوانیی کوردیدا، ناساندنی ناوی ئەبستراکت و مۆرفێمە داڕێـژەکانی ناوی ئەبستراکت، جۆرەکانی ناوی ئەبسـتراکت لـەڕووی پێکهاتـەوە، گـرنگترین تایبەتمەندییـەکانی نـاوی ئەبستراکت و مۆرفێمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت)).

## بەشی سێیەم/

ئەم بەشە بۆ (پێزی مۆرفێمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت لە داڕشتنی وشەی نوێ)دا تەرخانکراوە، لێـرەدا هەوڵـدراوە بەشـێوەیەکی کـارەکی (عملـی – پراکتیکـی)، باسـی ڕۆڵ و کاریگـەری هەریـەك لـە مۆرفێمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت بەجیا بکرێت و دواتر دەرخستنی ڕێژەی پێزو بەرهەمی یەك بە یـەکی مۆرفیمـە ئەبسـتراکتییەکان و لـە کۆتایشـدا خستنەڕووی داتـا و ئامـاری گشـتی مۆرفیمـە داڕێـژە ئەبستراکتییەکان و دیاریکردنی ڕێژەی پێزو بەرهەمی هەریەکێکیان بەنزیکەیی و لەسەر بنـەمای ئـەو ژمارە دیاریکراوەی وشە ئەبستراکتییەکان، کە وەك نموونە بەکارمان هێناون.

# بەشی یەکەم:

# چەمکی ئەبستراکت و ئەبستراکت لە ئاستە جیاوازەکانی زماندا

## 1/1 زاراوەی ئەبستراکت:

لە فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد)دا زاراوەی ئەبستراکت بە چەند واتایەك لێکدراوەتەوە: (1- بناغە لەسەر بیرۆکەیەکی گشتی دەگرێت، نەك شتێکی تایبەتی، 2- ئەبستراکت بە واتای فیکرە، یاخود بیرۆکە، نەك ڕاستییەکی جەستەیی، 3- لە هونەردا کەس و شتەکان بەشێوەیەکی ڕاستەقینە نانوێنێت، بەلاَم بیرۆکەی هونەری کەس و شتەکان دەنوێنێت. " (wehmeier:2003:5)، هەر لەم بارەیەوە لە زمانەوانی کوردیشدا بەم شێوەیە باس لە زاراوەی ئەبستراکت کراوە. "زاراوەی ئەبستراکت لە وشەی (ئەبستراکتۆی) لاتینییەوە وەرگیراوە، کە بریتییە لە بیرێك یاخود مەفهومێك بەجودا لە کەسێکەوە یاخود لەشتێکی دیاریکراوەوە وەرگیراوە. (فاروق عومەر سدیق:1975: 420)، هەر سەبارەت بەم زاراوەیە لەزمانی عەرەبیشدا زاراوەی (التجرید)ی بۆ بەکارهاتووە و ئەم واتایانەی هەیە: " 1- دوور لەواقیع، 2- تیۆری (نظری)، 3- گران (ئالۆز لە تێگەیشتن)، 4- ڕووتهەڵکردن (داماڵراو – التجرید)، 5- بەواتای هونەری و سۆزداری و بیریی دێت، کە پشت بە کرۆك (جوهر) دەبەستێت." (قاموسی ئەتڵەس: 2002: 5). هەروەها لە (معجم علم الاجتماع)دا، بەم شێوەیە واتای زاراوەی ئەبستراکت لێکدراوەتەوە (دوو مانا بۆ زاراوەی (تجرید/ئەبستراکت) لە ئارادان، یەکەمیان: پەیوەستە بەبیرۆکەی دیاریکردن و ڕوونکردنەوە، بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێ وەسف، یاخود ڕاڤەی هەر شتێك بکەین پێویستە نیشانەکانی ڕوونبکەینەوە. لەو ڕوانگەیەوە، کە تیۆری سروشتی، یاخود کۆمەڵایەتی سەرجەم ئەو گۆڕاوانە بەکارناهێنێت، کە پەیوەستن بە ماددەی لێکۆڵینەوەکەیەوە بەقەدەر ئەوەی، کە گۆڕاوگەلێك و دیاردەگەلێك بەکاردەهێنێت، کە پەیوەستە بە جەوهەرو ئامانجەکەیەوە، لەبەرئەوە هەتا ڕاستییەکانی تیۆرییەکە داماڵراو و ئەبستراکت بن لەو گۆڕاوانەی لەدەرەوەی چوارچێوەکەیدایە، بە تواناترو بەپێزتر دەبێت بۆ ڕاڤەکردن و وردکردنەوەی سەرجەم دیاردەکانی پەیوەست بە بابەتەکەیەوە. مانای دووەمی (ئەبستراکت)یش، لە دەوری هەندێك ئایدیاو چەمکی زانستە سروشتییەکان دەسوڕێتەوە لە نموونەی موگناتیسیەتی کامڵ (المغناطسیة الکاملة) ). (دینکن میشیل: 1980: 13).

کەواتە بەگشتیی زاراوەی ئەبستراکت بە واتای بیرێك یاخود چەمکێك دێت، کە داماڵراوە لەهەموو شت و کەرەستە بەرجەستەییەکان، واتە هەموو ئەو شتانەی لەدنیای هەستیی ئێمەدا هەن و مرۆڤ لەڕێگەی یەکێك لە هەستەکانی (بینین، بیستن، بۆنکردن، تامکردن، بەرکەوتن) هەستی پێدەکات، بە ئەبستراکتکراوی، یاخود بە داماڵراوی لە کەرەستە هەستپێکراوەکەی، لە مێشکی مرۆڤەکاندا هەڵگیراون.

## 2/1 چەمکی ئەبستراکت: Abstract Concept

ئەبستراکت وەك چەمکێك بەگشتیی، هەر لە دێرزەمانەوە بووەتە جێی مشتومڕی فەیلەسووف و زانایان، ئەم بابەتەش بە پێی سەرچاوەکان زۆرترین گفتوگۆی لەسەر کراوەو بیروڕای جیاوازی بە دوای

خۆیدا هێناوه. لەناو ئەو سەرچاوانەی، ئەمڕۆ لەبەردەستدان، فەلسەفە، کە بە باوکی زانستەکان دادەنرێت سەرچاوەو چاوگی بنەڕەتی ئەبستراکتە، هەر بۆ نموونە لەناو فەیلەسوفە گریکییەکاندا ئەفلاتوون لەچوارچێوەی جیهانبینییە ئایدیالێیەکەیدا قسەی لەسەر ئەبستراکت و دنیای نادیار و ئەودیوسروشت (میتافیزیك) کردووە. هەربۆیە ئەبستراکت چەمکێکی فەلسەفییە پێشئەوەی چەمکێکی زمانەوانی بێت، لەبەرئەوەی پەیوەستە بە جیهانی ناخ و بیری مرۆڤەوە و لەسەر چەمکە نادیار و نابەرجەستەکان کاردەکات و مرۆڤەکان بۆ تێگەیشتن لە چەمکی شتە ئەبستراکتییەکان پێویستییان بە بیرکردنەوە و تێڕامان و تێگەیشتن هەیە.

واتە مرۆڤ بۆئەوەی لە چەمکەکانی وەك: (خۆشەویستی، ترس، تێگەیشتن، بینین، خەمخواردن،.....) بگات، پێویستی بە عەقڵ و بیرکردنەوە هەیە، دیارە ئەمانەش گرێدراوی فەلسەفەن، لەبەرئەوەی "فەلسەفە جیهانبینییەکی ژیرەکییە، چالاکییەکی تیورییە لەڕێگای بیرکردنەوەو سەرنجدانی هوشیارانەی ڕێبازەکییەوە هەوڵ دەدات جەوهەرو ڕاستەقینەی شت نەك ڕواڵەت، دوا هۆ نەك هۆی نزیکی قەومانی شت بزانێ، وەڵامی ئەو پرسیارو کێشانە بدۆزێتەوە کە لە بەسەرهات و ڕووداوەکانی ژیان دەکەونەوەو وەك گرێ کوێرەو کۆسپ دێنە بەرچاو، یاخود هەرنەبێ بە پاکانەکردن لێکیان بداتەوە". (حەمید عەزیز: 2009: 9).

کەواتە ئەبستراکت (Abstract) بریتییە لە چەمکێك، کە پەیوەندی بە بابەتێکی بەرجەستەوە نەبێت، بەڵکو گوزارشت لە شتێك بکات، کە تەنیا بەشێوەیەکی فیکری مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئەم چەمکە لەسەر بنەمای چەند پرەنسیپێکی گشتی یان تیوریی مامەڵەی پێدەکرێت، نەك وەك نموونەی دیاریکراو. (ئاوات ئەحمەد: 2003: 44). بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم چەمکە چەند پێناسەیەك دەخەینە بەرچاو، لەوانەش:

**ئەبستراکت**: "پرۆسەیەکی هزرییە، لە چوارچێوەی لۆژیك و تیۆری زانیندا پشتی پێدەبەسترێت، بۆ چوونە ناو جیهانی زانست، ئەو چوونە ناو جیهانی زانستە کاتێك دەبێت، ئەگەر وێنەی شت لەکەرەستەکەی جیابکرێتەوە. ئەم پرۆسەیەش تەنها لە مێشکی مرۆڤدا دەبێت، چونکە خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکی لۆجیکی و چالاکییەکی دەروونییە". 1

**ئەبستراکت**: بە واتای ئەوەی، کە زەین ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی وێناکردن دابڕێت و بە تەنیاو بەبێ ڕوانین بۆ ئەو ڕەگەزانە سەرنجی بدات کە لەبووندا لەگەڵیدا هاوبەشن) (جەمیل سەلیبا: 1385: 347).

لەم دوو پێناسەیەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەبستراکت پرۆسەیەکە، کاری ئەم پرۆسەیە بریتییە لە هەڵاوێرکردن و داماڵینی وێنەی کەرەستە هەستپێکراوەکان لە ماددەکەی و ڕووتکردنەوەی لە تایبەتمەندییەکانی بە مەبەستی بەدەستهێنانی (بیرۆکەیەك/وێنایەك)ی هزری لە مێشکی مرۆڤدا، چونکە ئەم پرۆسەیە کارئاسانی بۆ مرۆڤەکان دەکات، تاوەکو لە ڕێگەی وێناکردنی هەموو ئەو شتانەی،

---

1- د. حەمید عەزیز: چاوپێکەوتنی تایبەت: 2012/5/7، ك: ئەدەبیات، بەشی فەلسەفە، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.

کە بەیەکێ لە هەستەکان، هەستی پێدەکات و دواتر وەسفکردنیان. دیارە ئەم پەسنکردنانەش بێگومان بە زمان دەکرێت و لێرەوە ئەبستراکت تێکەڵ بە زمان دەبێت و لە هەموو ئاستە جیاوازەکانی زماندا ڕەنگدانەوە و هەبوونی خۆی دەسەلمێنێت، کە دواتر بە تێروتەسەلی لەسەر ئەم لایەنەی ئەبستراکت و پەیوەست بە زمانەوە گفتوگۆدەکەین. لەبەرئەوە بە پێویستی دەزانین بە کورتی ئاماژە بە ئەبستراکت و کۆنکرێت، یاخود دنیای ئایدیاڵ و ماتریاڵ لە فەلسەفەدا بکەین.

## 3/1 دنیای ئایدیاڵ: (ئەبستراکت/ نابەرجەستە)

ڕوانگەی فەلسەفی خۆی بە دنیای هۆشەکی و هەمەکی، یان ماتریالی و گیانەکیەوە سەرقاڵکردووە و لە بوون و جیهان دەڕوانێ. (کەریم مستەفا: 2006: 5)، واتە: ئەگەر بە وردی سەرنجێك لە مێژووی فەلسەفە بدرێت، دەردەکەوێ کە لەو ڕۆژەوە فەلسەفە لە چوارچێوەی بابەتێکی سەربەخۆی ڕێکوپێك پەیدا بووە دوو ڕێباز کە پەیڕەو کراون ئەم بابەتەیان کردووە بە دوو بەشەوە، ڕێبازێکیان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی ڕووبەڕوویان بۆتەوەو بۆ لێکدانەوەی دیاردەو شتەکانی دەوروپشت پشتی بەجۆرە یەك ڕەنگییەك بەستووە کە بەڕێبازی ماتریالیستی، یاخود ماتریالیزم ناودەبرێ و ئەوی تریان ڕێگای فرەڕەنگی گرتووەتەبەر کە لەم سەردەمەماندا بە ئایدیالیزم ناسراوە. (حەمید عەزیز: 2009: 137). هەربۆیە ئێمە کاتێك ئەم بابەتە دەخەینە بەر باس دەمانەوێ لە چوارچێوەی دەرخستنی بابەتی ئەبستراکت و کۆنکرێتدا ئاماژەی پێبدەین، چونکە بەگشتیی دنیای ئایدیاڵ دنیای نادیار و ئەبستراکت دەگرێتەوە، بەڵام دنیای ماتریاڵ دنیای بەرهەست و کۆنکرێت دەگرێتەوە.

لەم بارەیەوە سەرەتای تێڕوانینەکان بۆ ئەم دوو دنیایە (ئەبستراکت و کۆنکرێت)، بۆ گریکەکان دەگەڕێتەوە و بەتایبەتیش سەدەکانی (5 و 4) پ.ز، تێڕوانینی فەیلەسوفەکانی وەك: ئەفلاتون و سوکرات و هیراکلیتس و پارمەنیدس.......هتد، هەر بۆیە دەتوانین ئاماژە بە بۆچوونی فەیلەسوفانی پێش ئەفلاتوون بکەین، چونکە پێش ئەو دوو ڕای جیاواز لە ئارادابوون، یەکەمیان ڕای پارمەنیدس بوو، کە بە هەموو جۆرێك هەست ڕەت دەکاتەوە و پەنا دەباتە بەر عەقڵ، واتە پارمەنیدس بە پێچەوانەی هیراکلیتسەوە گۆڕان ڕەت دەکاتەوە و بوون بە نەگۆڕو وەستاو دادەنێت و لەم بارەیەوە دەڵێت : "هەبوون هەیەو ناتوانی بڵێی نییە، نەبوونیش نییەو ناتوانی بڵێی هەیە و بیری لێبکەیتەوە". (حەمید عەزیز: 2012: 89)، واتە بوون بۆ پارمەنیدس ئافەرید نەکراوەو ڕاستەقینەیەکی هەمیشەییە. (محەمەد کەمال: 2010: 109). هەر سەبارەت بە دنیای ئایدیاڵ و ئەبستراکت دەتوانین لە قۆناغێکی دواتری (پارمەنیدس)داو لە قۆناغی زێڕینی فەلسەفەی یۆناندا ئاماژە بە فەلسەفە و دنیای ئایدیالی ئەفلاتوون بکەین، چونکە ئەم بیریارە، بە فەیلەسووفی ئایدیالی ناسراوە و چەندین تیۆر و –

بابـەتی خسـتووەتە بـەرباس و شـرۆڤەکردن، کـە هـەموویان دەچـنە ژێـر چـەتری دنیـای ئەبسـتراکت/ ئایدیاڵ و پێویستیان بە تێگەیشتن و لێوردبوونەوە و جوڵاندنی هزری مرۆیی هەیە بۆ درکپێکردنیان. وەك: (دنیای بـەرز، ئـەو دیـو سروشـت (میتافیزیـك)، ڕۆح/جەسـتە، ئەبسـتمۆلۆجیا/زانین...هتد، واتـە هەموو ئەم بابەتانەی، کە ئەفلاتوون قسەی لەسەرکردوون بابەتی نادیار و ئەبستراکتن. هەر لەم ڕووەوە (حەمیـد عـەزیز) دەڵێـت: "ئایـدیالیزم لـە وشـەی (Idea – ئایـدیا)، کـە واتـای نموونـە دەگەیـەنێ کەوتۆتـەوە، بـەکارهێنانی ئـەو وشـەیە بـۆ یەکـەمجار لـە تیـۆری ئایـدیای ئەفلاتونـدا بـووە." (حەمیـد عەزیز: 2011: 210).

هەر لـەبارەی جیهـان و بوونـەوە ئـەم فەیلەسـوفە بـەم شـێوەیەی خـوارەوە بـۆ جیهـان دەڕوانێـت و جیهان دابەشدەکات بۆ:

یەکەم: جیهانی نموونەیی بەرز لە گۆڕان و مادەوە دوورە.

دووەم: جیهانی هەستپێکراو، کە جیهانی ئێمەیە و ئەگۆڕدرێ و ماددەیە و لەسـەر یـەك شـێوە نـامێنێ. (حەمید عەزیز: 2012: 146).

واتە: بە بڕوای پلاتۆن ئەو شتانەی ئێمە دەیانبینین سێبەر، یـان وێنـەی شـتە ڕاسـتەقینەکانن. فۆرمـە ئایدیاڵ و ڕاستەقینەکان، لە دنیایەکی ترانسیێندنتاڵ/ بەرزدان بۆ نموونە، گەر تەماشای ئەسپێك یـان، درەختێك بکەین، ئـەوا تـەنها چاو پێویستە بـۆ بینینیـان، بـەڵام گـەر بمانـەوێ فۆڕمـە ئایدیاڵـەکانیان ببینین، ئەوا (دید/تێگەیشتن) پێویستە."(کەریم مستەفا: 2006: 20 و 21).

کەواتە بە دیدی ئەفلاتوون گەیشتن بە ڕاسـتەقینە لـە ڕێگـەی هەسـتەکانەوە مەحاڵـە، چـونکە ئـەو ئەنجامـەی کـە لەڕێگـەی هەسـتەکانی (بیسـتن، بیـنین، بـۆنکردن، تـامکردن، بەرکـەوتن) پێمانـدەگات، ئـەنجامێکی یەکلاکـەرەوەو دوا ئـەنجام نابێـت و لەوەیـە لـە نێـوان کەسـێك و کەسـێکی تـردا، یـاخود سەردەمێك بۆ سەردەمێکی تر بگۆڕێـت، کـە ئـەم گۆڕانـەش لـە لایـەن ئایدیالیستەکانەوە ڕەتکراوەیـە و باوەڕیان بە نەگۆڕی شتەکان هەیە، بۆ درەختێك لە نزیکەوە قەبارەکەی گەورەیەو لە دوورەوە بچووك دیارە، هەنگوین لای من شیرینەو بـۆ کەسـێکی نـەخۆش دەشـێ تـاڵ بێـت، کـەوابوو لای ئایدیالیسـتەکان ڕاستەقینە نەگۆڕە لە هەرلایەکەوە، یاخود لە هەر سەردەمێکدا تەماشای بکرێت هـەر هـەمان ئـەنجامی دەبێـت هـەبێت، لەبـەر ئـەم هۆیەیـە، کـەوا جیهـانی هەسـتپێکراو (کۆنکرێـت/ مـاددە) ڕەتدەکەنـەوە و باوەڕیان بەجیهانی ئایدیا/ ئەبستراکت هەیە. "وەك وتمان ئـەم جیهانـە لـە مـادەوە دوورە ئێمـەش وەك گیانلەبەرێکی لە مادە پێك هاتوو چۆن دەتوانین ئەم جیهانە ڕاستەقینەو ئەم نموونە بەرزانـە بـزانین؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئەفلاتوون دەڵێ بەهۆی دیالەکتیکەوە دەتوانین ئەم بوونانە بزانین" (حەمید عەزیز: 2012: 150)، کەواتە پێی وایە بۆ گەیشتن بە جیهانی بەرز پێویستە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و

شیکردنەوەی ڕەخنەییانەی چەمکەکانەوە، کە ئەو بە (دیالەکتیك) ناوی دەبات بگەینە زانین، دیارە ئەم زانینەش لای ئەفلاتوون زانینی بیرکەوتنەوەیە، چونکە ئەو پێی وایە (گیان/ڕۆح) پێش ئەوەی بێتە سەر ئەم دنیایە زانیاری بەرامبەر بە شت و کەرەسەکان هەبووە، بەلام بە هۆی فڕێدانی بۆ ناو لەش وەك سزایەك ئەو شتانەی لە بیرچووەتەوە. ئەمەش بۆچوونەش دەچێتە چوارچێوەی بیروبۆچوونی (دۆنا دۆنی ڕۆحەکان – تناسخ ارواح).

واتە بە لای ئەم بیرمەندەوە دوو چەشنە بوون هەیە، کە یەکێکیان گۆڕاوەو ئەوەی تریان نەگۆڕە، گۆڕاوەکە بریتییە لەو شتانەی، کە دەتوانین دەستیان لێبدەین و بیانبینین و بە هەستەکان درکیان پێبکەین، نەگۆڕەکەش تەنیا بە عەقڵ دەتوانین دەرکیان پێبکەین، چونکە ئەوانە نەبینراون و نابینرێن. واتە نەبینراوەکە ڕۆح/گیانەو بینراوەکەش جەستەیە. (ئەفلاتوون2003: 55). هەر بۆیە لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینەی ئەفلاتوون بۆ (بوون) دەتوانین لەسەر زمانیش هەمان شت جێ بەجێبکەین، چونکە ئەگەر بەوردی لە زمان بڕوانین، ئەوا ئەمیش دەبێتە دوو بەشەوە، کە ئەوانیش لایەنی کۆنکرێتی و لایەنی ئەبستراکتی زمانن، بۆ نموونە وشەکانی وەك: (دار، بەرد، ئاو، خۆڵ، ئاسمان، ..هتد)، دەبینین ئەم وشانە وشەی کۆنکرێتی زمانن و مرۆڤ لەڕێگەی هەستەکانییەوە هەست بە بوونی ئەم شتانە دەکات، بەلام وشەکانی وەك: (ئاشتی، خەم، بڕوا، هۆش، تێگەیشتن، .......هتد) مرۆڤ ناتوانێت ڕاستەوخۆ لەڕێگەی هەستەکانییەوە هەست بە بوونیان بکات، بەڵکو لەڕێگەی بیرلێکردنەوە و تێگەیشتنەوە دەتوانێت هەست بە کاریگەری و کاردانەوەکانیان بکات. چونکە وشەکانی کۆمەڵەی یەکەم لەجیهانی دەرەوەی زماندا ئاماژەدەریان هەیە، بەلام بە پێچەوانەوە وشەکانی گروپی دووەم هیچ ئاماژەدەرێکی بەرهەست و کۆنکرێتییان نییە.

## 4/1 دنیای ماتریاڵ/ ماددی (کۆنکرێت):-

ماتریالیزم لە وشەی (ماتەر)، ماددەوە وەرگیراوەو مانای ڕێبازی ماددیەت دەگەیەنێ، هەر لەم بارەیەوە (لینین) بەم شێوەیە باسی ماددەی کردووە: "مادە وتەیەکی فەلسەفییە بۆ دەربڕینی ڕاستی مەوزوعیانە کە مرۆڤ بەهۆی هەستپێکردنەوە دەیانزانێت. مادە ئەوەیە کە کاردەکاتە سەر ئەندامەکانی هەستکردنمان و هەستمان دەبزوێنێت، مادە ڕاستییەکی مەوزوعییانەیەو لە هەستدا پێمان دراوە و شتی لەم بابەتە مادەیە." (پودوسیتینك و یاخوت: 2007: 35)، واتە بە پێچەوانەی ڕێبازی ئایدیالیستییەوە، ماتریالیستەکان خۆیان بە جیهانی هەستپێکراوەوە خەریککردووە و ڕەنگی فەلسەفەکەی خۆیان لەم جیهانەدا ڕشتووە، چونکە ماتریالیستەکان گرنگییان بەلایەنی هەستیی مرۆڤ داوەو لەو گۆشەنیگایەوە لە شتەکانیان ڕوانیوە، کە بۆ سەلماندنی بوونی شتێك مرۆڤ پێویستە هەست بە بوونی بکات و بتوانێت هەستی ببزوێنێت، بۆ نموونە وشەیەکی وەك /بەرد/، کە خاوەنی سیما

واتاییەکانی /+ڕەقی، +بێ گیان، +کۆنکرێت، +بەرکەوتن، +بینین، ....../ە، مرۆڤ دەتوانێت لەڕێگەی زیاتر لە هەستێکەوە هەست بە هەبوونی بکات، بەڵام وشەیەکی وەك /خەم/، مرۆڤ ناتوانێت لەڕێگەی هیچ کام لە پێنج هەستی (بینین، بیستن، بۆنکردن، چەشتن، بەرکەوتن)، هەست بە بوونی بکات، بەڵکو لەڕێگەی تێگەیشتنەوە دەتوانێت بزانێت چییە.

کەواتە: "مەتریالیزم هەر لەسەرەتای پەیدابوونیەوە بە شێوەو جۆری جیا جیا لەم بەرەو گۆڕەپانانەدا دەستبەکاربووە:

1- بەگژداچوونی بیروبۆچوونی ئەفسانەیی بە گشتی و بیری ئایینی بە تایبەتی.

2- خۆڕاگرتن و بەرپەرچدانەوەی هێرشی ئایدیالیستەکان و ساخ کردنەوەو پشتڕاستکردنەوەی بیروبۆچوونی تایبەتی خۆی......

3- مەتریالیستەکان لە جیاتی فرەڕەنگیی بانگی بیروبۆچوونی یەك ڕەنگیان داوە." (حەمید عەزیز: 2009: 148).، بۆ نموونە کاتێك، کە دەوترێت ماتریالیستەکان بانگی یەك ڕەنگییان داوە، واتە ئەمان لە بیروڕاکانیاندا سەبارەت بەجیهان و بوون ڕای جیاواز و پێچەوانەیان لەگەڵ ئایدیالیستەکاندا هەیە، چونکە ماددییەکان بوونی دنیای ئەبستراکت و ئەودیوسروشت ڕەتدەکەنەوە و پێیان وایە ئەگەر جیهانێکی تریش وجودی هەبێت ئەوا ئەویش جیهانی ماددەو کۆنکرێتە نەك جیهانێك لەدەرەوەی جیهانی ماددە، هەربۆیە سەبارەت بە ماددە و گرنگی ماددە، کە بنەڕەتی هەبوونی ئەم جیهانەیە دەڵێن: " ئەگەر مەفهومێك هەموو شت و دیاردەکان بگرێتەوە. هەر لە دەنکە لمێکەوە هەتا عەقڵی مرۆڤ ئەوا ئەو مەفهومە فراوانترینە، کە ئەویش ماددەیە." (پودوسیتینك و یاخوت: 2007: 34)، هەر سەبارەت بەم بابەتە (تۆماس هۆبز) دەڵێت: "ئەوی هەیە لە ماددە بەولاوە نییە." (حەمید عەزیز: 2011: 61). بەپێی ئەم ڕایانەی (ماتریاڵیستەکان) بۆ ماددە، هیچ شتێك نامێنێتەوە ناوی بنێین دنیای ئەبستراکت، یاخود لەژێر چەتری ئەبستراکتدا دایبنێین، بەڵکو هەموو شتەکان لەخزمەتی ماددە و جیهانی ماددەدان و لەماددە پێکهاتوون، بەڵام ئەگەر ئێمە لەسەر بنەمای پێنج هەستەوەرەکەی مرۆڤ لەم بابەتە بڕوانین ئەوا ناتوانین چەمکەکانی وەك: (ئازادی، ترس، تێگەیشتن، زانین، ئاشتی، جەنگ، خێو، پەری، ......................هتد)، هەست پێبکەین و لەجیهانی دەرەوەی زمانیشدا هیچ کەرەسەو ئاماژەدەرێکمان بۆیان نییە، کە بتوانین ئاماژەیان بۆ بکەین وەك: وشەکانی (بەرد، پیاو، نان، ...............هتد). کەواتە لێرەوە دەتوانین بڵێین پۆلێنکردنی ئەم دوو گروپە وشەیە لەژێر یەك چەتردا، کە ئەویش (ماددە)یە، ناگونجێت.

هەروەها ماتریالیستەکان سەبارەت بە (گیان/ ڕۆح و جەستە/لەش) پێیان وایە کە هەردووکیان تەواوکەری یەکدین و ڕۆح بە بێ جەستە هیچی پێناکرێت و دەیانەوێت بیسەلمێنن، کە ئەگەر لەش یاخود دیوی کۆنکرێتی نەبێت، ئەوا هۆشمەندی و بیرو لایەنی ئەبستراکت هیچی پێناکرێت. بۆ نموونە هەتا مرۆڤ خۆی نەبێت ئەوا هەستیش نابێت، لێرەدا نموونەی کۆمەڵێ کردەی لەش دەهێننەوە، کە -

هەموویان پرۆسێسی ماددین، بۆ نموونە دەڵێن ئەگەر مرۆڤ نەبێت حەزبکات، یاخود هەست بکات ئەوا حەزکردن و هەستکردنیش نابن واتە دەیانەوێ ئەوە بڵێن، کە ئەگەر لایەنە کۆنکرێت و ماددییەکەی مرۆڤ نەبێت ئەوا لایەنە ئەبستراکتییەکەشی نابێت، واتە دەڵێن ئەگەر ئەم پرۆسێسانە، یاخود کردانە نەبێت، ئەوا بیر، یاخود هۆشمەندیش نابێت، یاخود بە دیوێکی تردا بیرەکان لە مێشکدا بە ئەبستراکتی هیچ بەهایەکیان نییە، ئەگەر دەرنەبڕێن و کۆنکرێت نەکرێن. بۆیە سەبارەت بە هۆشمەندی پێیان وایە ماتەری نییە بەڵام خاسیەتی ماتەری هەیە ئەوەتا بەم شێوەیە باسی دەکەن: "هۆشمەندی لەبەرگرتنەوە و وێنەیەکی ڕاستییە. بەڵام ئاشکرایە کە مێشك بە چەشنێکی جیاواز لە کامیرایەکی وێنەگرتن ڕاستی پێچەوانە دەکاتەوە و وێنەی دەکێشێت. لەسەری مرۆڤدا ڕاستی (واقع) بە جۆرێکی گونجاو دەگۆڕێت، واتە ئەوەی لە مێشکدا دەبێت کەرەسەو شت و مەکەکان خۆیان نیین، بەڵکو وێنەکانیانن بە چەشنێکی ئایدیالیستی و هەر بە بیرکردنەوە. بەمجۆرە دەردەکەوێت کە هۆشمەندی مرۆڤ خاسیەتی مادەیەکە خاوەنی ڕێکوپێکییەکی زۆر بەرزە کە ئەویش مێشکەو ڕاستەقینەی ماددەیی وێنە دەکێشێت وەك خۆی پیشانی دەدات." (پودوسیتینك و یاخوت: 2007، 61).

کەواتە ماتەریالیستەکان عەقڵ و هۆشمەندی بە خاسیەتێکی فیزیکی دادەنێن و لە یەکتریان جیاناکەنەوە، بۆیە لەم بارەیەوە دیکارت پێچەوانەی ئەم بۆچوونەیە و " لە پێناسەکەیدا بۆ (عەقڵ) و (مادده) پێی وایە ئەم دووانە یەکتری لە یەکتر دوور دەخەنەوە، ئەگەر شتێك هەبێت بە (عەقڵ)ی دابنرێت، هەمان شت ناکرێت مادی بێت، ئەگەر فیزیکیش بێت ئەوکات ناشێت (عەقڵ)ی بێت." (جۆن سیرل: 2009، 88).

کەواتە هەردوو ڕێبازە سەرەکییەکەی فەلسەفە واتە: ((ئایدیالیستی و ماتریالیستی))، تێڕوانینی جیاوازیان هەبووە بۆ سروشت و ژیان و بوون و مرۆڤ بەگشتیی، لەم ڕوانگەیەشەوە فەیلەسووفان تێڕوانین و تێگەیشتنی خۆیان سەبارەت بە بابەتە جیاجیاکان خستووەتەڕوو، هەندێکیان کاریان لەسەر لایەنی ڕواڵەتی و دیاری شتەکان کردووە و گرنگیان بە جیهانی بەرهەست و کۆنکرێت داوە و لەم ڕوانگەیەوە بۆ بابەتەکانیان ڕوانیوە، بەڵام گروپەکەی تر کاریان لەسەر چەمکی شتە نادیار و ئەبستراکتییەکان کردووە و ئەوانەیان بە بنەڕەت و نەگۆڕ لە قەڵەمداوە، واتە ئێمە نەهاتووین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، کە هەریەکە لەم دوو ڕێبازە (ئایدیالیزم و ماتریالیزم)، کامیان لەپێشەوە دێت، یاخود بۆچوونی کام لایان ڕاستترە، چونکە بەدواداچوونی ئەم جۆرە پرسیارو وەڵامانە پێویستی بە توێژینەوەی فراوان و ڕۆچوونە بە نێو بیروڕا فەلسەفی و زانستی و ئایینییەکاندا و لەم ڕووەوە خۆمان بواردووە، هەر سەبارەت بەم مەسەلەیە (حەمید عەزیز) دەڵێت: "بە بۆچوونی من ئەو پرسیارەی کە کراوە، گوایە کامیان لە پێشەوە دێت، کامیان بنەماو بنەڕەتن، گیان یان مادده – کەرەسە پرسیارێکە ئەگەر ئەوپەڕی سادە و ساکار نەبێ، بە هیچ جۆرێك ناچێتە خانەی فرەڕەنگی فەلسەفەوە." (حەمید عەزیز: 2011 ، 210).

هەربۆیە پەیوەست بە توێژینەوەکەی ئێمەوە ئەوەی پێویستبوو خستمانەڕوو، هەرچەندە هەوڵمانداوە خۆمان لە زۆر شتی زیاد بە دوور بگرین و بە قووڵی نەچینە ناو بیروڕای جیاوازی فەیلەسووف و جیهانی فەلسەفەوە، چونکە ئەوە کاری ئەم توێژینەوەیەی ئێمە نییە، بەڵام بە پێویستمان زانی ئەگەر ڕاگوزەریش بێت بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بە جیهانی ئەبستراکت و کۆنکریتی دوور لە زمان بکەین، تا دواتر لەم کلاوڕۆژنەیەوە، تیشکی ڕووناکیی بدەین لە ئەبستراکت و ڕەنگدانەوەی ئەبستراکت لە زماندا.

## 5/1 پرۆسەی بە ئەبستراکتکردن:1

ئەبستراکت پرۆسەیەکی ئاڵۆزە. بریتییە لە دابڕینی ڕوخسار – وێنە لە کەرەسەو بابەت، ئەو پرۆسەیە تەنیا هەر لە مێشکی مرۆڤدا ڕوودەدات. مرۆڤ هەست بە خەسڵەتی جەوهەری لە یەکچوون لە نێوانیان دەکات لەکۆی ئەو تایبەتمەندی و خەسڵەتە لەیەکچووانەی نێوان ڕەگەزەکان وێنەیەك لەمێشکیدا لە ناخی دەروونیدا دەنەخشێنێ. (حەمید عەزیز: 2011: 202). جا لێرەدا دەشێت پرسیارێك بێتە ئاراوە، کە ئەبستراکت بۆچی و سوودی چییە؟ لەوەڵامدا دەتوانین بڵێین پرۆسەی ئەبستراکت، پرۆسەیەکە لە زانستدا پشتی پێدەبەسترێت، چونکە زانست دەبێت ئەنجامەکەی گومانی لێنەکرێت، بۆ نموونە ئەو ئەنجامانەی بیرکاری دەیداتە دەست ڕاستن، بۆ؟ چونکە زانست ڕاستە، پەنا دەباتە بەر ئەزموون، ئەزموونیش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کەرەسەکانی دەوروبەری مرۆڤەوە هەیە، کەرەسەی ژینگەو دەوروبەری مرۆڤیش هەمیشە لە گۆڕانی بەردەوامدان، ئەو گۆڕانەش کێشە بۆ زانست دروست دەکات، ئەگەر مرۆڤ لە ناوەڕاستی سلێمانییەوە سەرنجی درەختەکانی گردی سەیوان بدات، ئەوا زۆر بەبچووکی دێنە بەرچاوی، بەڵام ئەگەر لە نزیکەوە سەرنج بدات ئەوا گەورەن.
هەربۆیە (حەمید عەزیز) سەبارەت بە پرۆسەی ئەبستراکت و گرنگی ئەم پرۆسەیە دەڵێت:" ئەبستراکت و پەتی کردن دەکرێ بە هەنگاوێکی گرینگ لە پرۆسەی زانین دابنرێت. دوور نارۆین ئەگەر بێژین کەرەسەو بابەتەکانی بیرکاری و ئەندازە لە ئەبستراکت بەولاوە نین. (سەرچاوەی پێشوو)، کەواتە لێرەوە زانست پەنا دەباتە بەر ئەبستراکت بۆئەوەی ئەو گۆڕانە کار لە میتۆدەی زانستیی نەکات، ناچارە پەنا بەرێتە بەر پرۆسەی بە ئەبستراکتکردن، بۆ نموونە کاتێك دەڵێین (مێز) لەوەیە دەیان جۆرو شێوەو قەبارەی جیاوازی (مێز)مان، هەبێت. بەڵام ئێمە لەڕێگەی پرۆسەی بە ئەبستراکتکردنەوە تەنها بیرۆکەی/چەمکی یەك (مێز)مان لەمێشکدایە و کاتێك باسی (مێز) دەکرێت ئێمە ڕاستەوخۆ شێوەو ڕوخسارو تایبەتمەندی (مێز)مان دێتە بەرچاو، چونکە وێنا/بیری (مێز) لە مێشکی ئێمەدا بەئەبستراکتکراوی هەیە.

---

1– بیرۆکەی پرۆسەی بەئەبستراکتکردنم لە (د. حەمید عەزیز) وەرگرتووە، چاوپێکەوتنی تایبەت: 2012/5/7، ك: ئەدەبیات، بەشی فەلسەفە، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر.

کەواتــە پرۆســەی بــە ئەبســتراکتکردن، کــارێکی زۆر گرنگــە، لەبەرئــەوەی مــرۆڤ لــە توانایــدا نییــە هــەمووکات بیــەوێت وەســفی هەرشــتێك بکات بەشــێوەیەکی فیزیکــی لەبەردەســتی دابێــت و بیبینێــت، چونکە شتەکان دەشێ بەپێی شوێن و کات و ســەردەم بگۆڕێن بۆیــە ئێمــە بــۆ ئــەوەی خۆمــان بــەدوور بگــرین لــەو هــەموو گۆڕانــە بەردەوامــەی شــتەکان، پێویســتمان بــە پرۆســەی بەئەبســتراکتکردن هەیــە، هەروەها زمان سوودێکی زۆری لەم پرۆسەی بە ئەبستراکتکردنە وەرگرتووە، ئەویش لە ڕێگەی پرۆسەی ناونان و دانــانی هێماکــان و پــۆلێنکردن و ڕیزکردنــی هــەموو وشــەکان لــە کێڵگــە واتاییــە جیاوازەکانــدا، چونکە هیچ وشە/هێمایەك لە زماندا کارناکات ئەگەر ئەنــدام نــەبێت لــە کێڵگەیــەکی واتاییــدا، کەواتــە: (هێما لە پێشکەوتووترین و گەشــەکردووترین پێــڕەوی هێمــادا، کــە پێــڕەوی هێمــای زمــانیی مرۆڤــە، هەموو دنیا دەخاتە بەردەست مرۆڤ، بەبێ ئەوەی پێویستبکات چشتەکانی دنیــا بەجەســتەیی/فیزیکیی لەبەردەمیدا ئامادەبن) (محەمەدی مەحوی: 2009: 41).

هەر لەم ڕوانگەیەوە پێویستە تێبینی ئــەوەش بکــەین، کــەوا پرۆســەی بــە ئەبســتراکتکردن هــەر لــە زانستدا نییە، بەڵکو هەموو چالاکی و لقەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان دەگرێتــەوە، بــۆ نموونــە ئــەدەب بەگشتیی، چیرۆك، هەڵبەست، کلتوورو فەرهــەنگ، بــریتیین لــە پرۆســەیەکی درێژخایــەن و ئــاڵۆزی بــە ئەبستراکتکردن، بۆ نموونە " لە کارێکی هونەریدا کەس و شتەکان بەشێوەیەکی ڕاســتەقینە نانوێنێــت، بەڵکو بیرۆکەیەکی هونەری دەنوێنێت ســەبارەت بــەو کــەس و شــتانە." (S.wehmeir:2003)، واتــە کەرەسەکان خراوەتــە لاوەو بــە وێنەیــەکی ئــەدەبی بیرۆکەکــەیان دەربــڕاوە. بــۆ نموونــە شاعیرێك دێــت باسی پرۆسەی ئەنفال و ڕاگواستنی دێهاتەکانی کوردستانمان بۆ دەکات، لێرەدا شاعیر مەرج نییــە خــۆی لە پرۆسەکەدا بووبێت، یاخود بە چاوی خۆی بینیبێتی، بەڵکو شاعیر هەموو کەرەســەکان دەخاتــەلاوەو بیرۆکــەو وێنــەی ئــەو ڕووداوەمــان بــۆ وێنــا دەکــات و دەیانکاتــە کۆمــەڵێ ڕوودا و وێنــەی ئــەدەبی و لــە چوارچێوەی دەقێکی ئەدەبیدا، وێنەیەکی ئەبستراکتکراوی ئەو پرۆسەیەمان بۆ دەخاتەڕوو.

کەواتە دەتوانین بڵێین مرۆڤ بەگشــتی وەك پرۆســەی شــت زانــین شــتی تــاك و هەنــدەکی دەزانێــت، کەوابوو چۆن چەمکی گشتی هەمەکی پەیدابوون،؟ بــۆ نموونــە مــرۆڤ چــەندین ئەســپی جیــاواز، ڕەنــگ جیــا دەبینــێ، کەواتــە بــۆ گەیشــتن بــە چــەمکی هەمــەکی ئەسپ بۆچــوونی ئەســپ لــە بینینــی ئەســپی هەنــدەکی و تاکەوە دادەماڵێ و ئەبستراکتی دەکات. واتە لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە ئێمە هەوڵی گەیشتن دەدەین بە چەمکە هەمەکییــەکان، واتــە چــەمکە ئەبســتراکتییەکان و ڕووتکراوەکــان لــە کەرەســەکانیان، چونکە ئێمــە پێشــتر وتمــان "ئەبســتراکت بریتییــە لــە پرۆســەیەك، لەمێشــکدا ڕوخســارو وێنــەی شــتێك لەماددەکەی جیادەکرێتــەوە" (حەمیــد عــەزیز: 2006: 128). واتــە بــەپێی ئــەم پرۆســەیە بۆچــوونی ئەسپ دەبێتە بیرو وێنەیەکی هەمەکی ئەسپ، کە تەنیا هەر لە مێشکدایە. هەر لەم بارەیــەوە (تۆمــاس ئەکوینی) فەیلەسوفی سەدەکانی ناوەڕاست پێی وایە: "کە لــەدوا قۆنــاغی شــت زانینــدا بــەهۆی چالاکی ڕووتکردن و ئەبستراکتییەوە، بەهۆی جیاکردنەوەی فۆڕم لەناوەرۆکەوە وێنەو چەمکە گشتییەکان —

دەبن بە بابەتی زانینی ڕاست و گومانلێنەکراو. ئەم پرۆسەی ئەبستراکتەی جیاکردنەوەی فۆڕم لە ناوەڕۆك سێ پلەی جیاواز و لە هەمانکاتدا پێکەوە بەستراوی هەیە کە بەم شێوەیەن:
یەکەم: لەم پلەیەدا فام – ژیر ڕوخساری شتە سروشتییەکان لە کەرەسە (مادە) تاکییە هەندەکییەکان جیادەکاتەوەو دادەبڕێ.
دووەم: پلەی دووەم وەك قۆناغێك فام (تێگەیشتن) ڕاستییەکانی بیرکاری تێدەگات و پەییان پێدەبات. لەم پلەیەدا لەهەموو ناوەڕۆکێکی کەرەسەیی و مادده چاو دەپۆشرێ و وێنەو ڕوخسارو فۆڕم لە شتە تاکییەکاندا لە ناوەڕۆك دادەبڕێن.
سێیەم: لەم پلەیەدا ڕوخسارو ناوەڕۆك لە چوارچێوەی پرۆسەی ئەبستراکت کردندا بەم پێیە لێك دادەبڕێن." (سەرچاوەی پێشوو: 104).

هەرلەم بارەیەوەو تایبەت بە زمان، (بوداگەڤ) زمانەوانی ڕووس دەڵێت: " بە پێی مێژوو هەموو وشەیەك لە زماندا بەم ڕێگەیەدا ڕۆیشتووە، واتە شتێکی گشتی تیایە، یان گشتییەکە لەڕێگەی تەنیاوە بە دەستهاتووە". (بوداگەڤ: 1958: 31). واتە بەشێوەیەکی گشتی ئەم زمانەوانە پێی وایە، کە مرۆڤەکان لە ڕێگەی زانینە هەندەکییەکانیانەوە دەربارەی وشەکان دەگەنە چەمکە هەمەکییەکان، یان ئەبستراکتییەکان، واتە لە کۆنکرێتەوە بۆ ئەبستراکت دەچین.

## 6/1 گواستنەوەی بیری ئەبستراکت لە فەلسەفەوە بۆ زمان:

پاش ئەوەی بەشێوەیەکی گشتیی باسی ئەبستراکت و جیهانی ئایدیاڵ و ماتریالمان کرد و بە ڕادەی پێویست ئەو لایەنانەی، کە پەیوەندی بە چەمکی ئەبستراکت و ڕەنگدانەوەی ئەم چەمکەوە هەبوو لە فەلسەفەدا خستمانە بەرباس و لەم ڕوانگەیەوە بیروڕای جیاوازی فەیلەسووفانمان خستەڕوو، ئێستاش هەوڵ دەدەین چەمکی ئەبستراکت لە زماندا و گواستنەوەی ئەم چەمکە بۆ نێو توێژینەوە زمانەوانییەکان و چۆنیەتی سوودوەرگرتنی زمانەوانان لەم چەمکەو بەکارهێنانی لە ئاستە جیاوازەکانی زماندا بخەینەڕوو، لەبەرئەوەی فەلسەفە وەك زانستێکی گرنگ و سەرچاوەی پرسیار و وروژاندنی بیری مرۆڤایەتی و کردنەوەی دەرگاکانی زانین و تێڕامان لەهەموو شتەکانی دەروبەرو ڕۆچوون بەناخی مرۆڤدا زۆربەی چەمکەکان و زانستەکانی تر لە نێو هەناوی ئەم زانستەوە هاتوونەتە دەرێ، یاخود بەدیوێکی تردا زۆربەی زانستەکان لەچوارچێوەی فەلسەفەو لۆژیکدا قسەوباسیان لەسەر کراوە، دیارە زمانیش وەك دیاردەیەکی گرنگی مرۆڤایەتی نەکراوە لەلایەن فەیلەسوف و بیرمەندانەوە پشتگوێ بخرێت و شرۆڤەی بۆ نەکرێت، بۆیە سەرەتای تێڕوانینەکان بۆ زمان لەلایەن بیرمەندانەوە بە قۆناغێکی تێکەڵ لەبیروڕای لۆژیکی و زمانەوانی دادەنرێت و ئەم سەردەمە بە قۆناغی زمانەوانیی دێرین وەسف دەکرێت، بۆنموونە بیروڕاکانی ئەفلاتوون سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ناو ناولێنراو، یاخود پەیوەندی نێوان وشە و واتاکەی، چونکە لەو سەردەمەدا دوو بیروبۆچون لە ئارادا بوون:-

سەبارەت بەم بۆچوونانە ئەفلاتوون لە دایەلۆگی (کراتیلۆس)دا لەسەر زاری سوکراتەوە، باسی مشتومڕی نێوان (هێرمۆگینێس و کراتیلۆس)مان بۆ دەکات، کە یەکەمیان دەڵێت: "من بڕوام وایە هەر ناوێك تۆ لە شتێکی دەنێیت، ئەوە ناوی دروستی خۆیەتی. ئەگەر ناوەکەی بگۆڕیت و ناوێکی دیکەی لێبنێیت. ناوە تازەکەش وەك ناوە کۆنەکە دروستە." (ئەفلاتوون: 2006: 10)، بە پێی ئەم ڕایە مرۆڤەکان خۆیان ڕێکدەکەون لەسەر ناونانی شتێك، واتە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ناو و ناولێنراودا نییە، بەڵکو ڕێکەوتنی کۆمەڵە، بەلام ڕای دووەم بە پێچەوانەوە دەڵێت: " هەموو شتێك ناوێکی هەیە، ناوەکانیش سروشتین نەك گەردانکراو. ناوی شتێك ئەوە نییە کە خەڵکی ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی بیڵێن، بەڵکو ناوەکان خۆیان دروستن و بۆ هەموو کەسێك هەمان شتن یۆنانی بن یان بیانی." (سەرچاوەی پێشوو: 9). کەواتە بە پێی ئەم بۆچوونەیان پەیوەندییەکی سروشتی و ڕاستەوخۆ لە نێوان ناو و ناولێنراودا هەیە و ڕێکەوتنی خەڵکی لەسەر نییە و بەڵکو خەڵکی ناچارە بەکاریان بهێنێت و ئەفلاتوون خۆی پشتگیری ئەم جۆرە بۆچوونەیان دەکات. بەلام ئێمە لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نین، چونکە ئەگەر وابوایە، ئەوا دەبوو هەموو زمانەکانی جیهان هەمان ناویان لە شتەکان بنایە، بەلام دەبینین هەر زمانە و تایبەتمەندی خۆی هەیە لە ناونانی ناوەکاندا بۆ نموونە:

پیاو............... کوردی

رجل............. عەرەبی

Man........... ئینگلیزی

مرد............... فارسی

تێڕوانین بۆ زمان و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە لایەنە پەنهان و نادیارەکانی هەر لە دێرزەمانەوە بووەتە جێی سەرنجی بیرمەند و فەیلەسووفان بۆ نموونە تێڕوانینەکانی ئەفلاتون و ئەرستۆ و ڕواقییەکان لەم بارەیەوە، هەروەها دابەشکردنی ڕستە بۆ یەکەمجار لەلایەن ئەفلاتوونەوە "بۆ دوو بەشی سەرەکی، کە ئەوانیش بکەر actor و کردار action بوون." (سەلام ناوخۆش: 2008: 13). ئەمە جگەلەوەی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا تا کۆتایی سەردەمی وریابوونەوە بیری فەلسەفی باڵی بەسەر زمانەوانیدا کێشابوو، زمان شانبەشانی ڕەوانبێژی و مەنتق (لۆژیك) سێ باسە گرنگەکەی قوتابخانەکانی سەردەمەکە بوون، بەلام ڕێزمانی ئەم قۆناغە ئەو ڕێزمانە نەبوو، کە بۆ وتنەوەی زمان دەست بدات، چونکە لە فەلسەفەو مەنتق هەڵکێشرابوو.1

واتە زمانەوانی و گفتوگۆکردن لەسەر مەسەلە پەیوەندیدارەکان بە زمانەوە لە قۆناغی سەرەتا و ناوەڕاستدا لە چوارچێوە و باوەشی زانستەکانی تردا قسەو باسی لەسەر کراوە، بە تایبەتیش لەلایەنی لۆژیکییەوە و دەرخستنی پەیوەندی نێوان زمان و بیر و زمان و زانست و پەیوەندییان بە یەکترییەوەو کاریگەرییان لەسەر یەکتر، بەلام ئەم قۆناغە، بە هەڵاتنی خۆری ڕاپەڕین و وریابوونەوەی گەلانی —

---

1- محمد معروف فتاح: وانەی خوێندنی باڵا، لە وانەکانی (ئەبوبەکر عومەر قادر) وەرگیراوە، 2011.

ئەورووپا و بەرپابوونی شۆڕشە سیاسی و ئابووری و فیکری و کۆمەڵایەتییەکان، زمان و لێکۆڵینەوەی زمانەوانیش لە بەندی فەلسەفە و لۆژیك ڕزگاری بوو، ئەمەش بە دەرکەوتنی بیروڕاکانی (سۆسێر) لە مەڕ زمان، چونکە سۆسێر، کە بەباوکی زمانەوانی نوێ ئەژماردەکرێت بۆیەکەمجار زمانی وەك سیستەم تەماشاکردو ئەوەی دەربڕی، کە دەبێت تەنها بۆ زمان و لەپێناوی زماندا لە زمان بکۆڵرێتەوە. هەر لێرەوە زمانەوانان هەندێك بیری فەلسەفییان هێنایە ناو زمانەوانییەوە، وەك ئەو بیرەی، کە زمان لەدوو ئاستدا دەبێت لێی بکۆڵرێتەوە، ئاستی ناوەوە یان ئاستی ژێرەوە و ئاستی سەرەوە یان دەرەوە، کە لە بنەڕەتدا لەبیرێکی فەلسەفی دیکارتەوە هاتووە (گیان و تەن).1

هەر لەم ڕوانگەیەوە تێڕوانینەکانی (سۆسێر) بۆ زمان و دابەشکردنی زمان بۆ هەریەکە لە (langue – توانای گشتی زمان) و (parole – ئاخاوتن)، کە یەکەمیان لایەنی ئەبستراکت و توانای گشتیی زمانەکەیە و دووەمیان لایەنی کۆنکرێت و سیستەمی ئاخاوتنی زمانەکەیە، واتە ئەگەر "گوتن لایەنی کۆنکرێتی زمان بنوێنێ و ڕەفتاری زمانەوانی دەربخا، ئەوا لانگ هێمای ئەبستراکتی زمان دەردەخات." (سەلام ناوخۆش: 2008: 35)، بەم پێیە سۆسێر بۆ دەربڕینی بیروڕاکانی خۆی توانیویەتی سوود لە فەلسەفە وەربگرێت، چونکە سۆسێر جگە لەوەی، کە زمانی دابەشکردووە بۆ هەریەکە لە زبان و گوتن، هەروەها باسی لەوەش کردووە، کە زمان بریتییە لە پەیڕەوێکی هێمایی، چونکە سۆسێر کاتێك باس لە واتا دەکات دوو لایەن دیاری دەکات، کە ئەوانیش: فۆرم و واتا یان ناو و ناولێنراون، کە پەیوەندی نێوان ئەم دوو دانەیەش بە (هێما – ڕەمز) دەناسێنێت و هێماش دانەیەکی هۆشەکییە، چونکە "لە دیدی (سۆسێر)ەوە، دال و مەدلول هیچ بوونێکی فیزیکیان نییە. بوونەکەیان تەنها لە مێشکی قسەکەرەکاندایە و دال و مەدلوول دووکاری ئەبستراکتین." (سەرچاوەی پێشوو: 42، 43).

هەر لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین ئاماژە بە بیروڕای ڕۆنانکارەکان بکەین، چونکە بلومفێلد و قوتابخانەی ڕۆنانکاری بەگشتی کاریان لەسەر دیوی دەرەوەی زمان و لایەنی دەنگی زمان دەکردو قسەی خەڵکی و شریتە دەنگییەکانیان بە بنەما وەرگرتبوو، واتە ئەمان زیاتر لەژێر کاریگەری ڕەفتارییەکان لە دەروونناسیدا و ئەزمونگەرەکان لە فەلسەفەدا بوون، چونکە بە باوەڕی ئەزمونگەرێکی وەك (جۆن لۆك) "مێشکی مرۆڤ لاپەڕەیەکی سپییە، تاقیکردنەوەی ژیانی ڕۆژانە شتی لەسەر دەنەخشێنێ." (حەمید عەزیز: 2011: 146)، واتە لە فەلسەفەدا ئەزمونگەرەکان باوەڕیان بە زانیاری پێشیانە و زانینی گیانی، یاخود ئەو زانینەی، کە لە ژیریی مرۆڤدا هەیە نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێیان وابوو لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و ئەزمونکردنی شتەکانەوە مرۆڤ لەڕێگەی هەستەکانییەوە دەگاتە زانین، کە ئەمەش زیاتر بەلای ماددیەت و قوتابخانەی ماتریالیستیدا هاوسەنگە، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش بونیادگەرەکان بەسوودوەرگرتن لەبیروڕای ئەم قوتابخانەیە " باوەڕیان وایە، کە هیچ پێکهاتەیەکی زمانەوانی لە عەقڵی مرۆڤدا خۆڕسك نییە، بەڵکو ئەم پێکهاتەیە دەبێت فێربکرێت. واتە باوەڕیان—

---

1- محمد معروف فتاح: وانەی خوێندنی باڵا، لە وانەکانی (ئەبوبەکر عومەر قادر) وەرگێراوە، 2011.

وابوو، کە پرۆسەی فێربوونی زمان لەڕێگای کۆمەڵ و دەوروبەرو چالاکی مەردوومەوە دەبێت نەك زاتەکی، سکینەر و کوین پێیان وابوو کە مرۆڤ زمان لەڕێگای ڕاهێنان و مەشقکردنەوە فێردەبێت." (سەلام ناوخۆش: 2008: 60).

هاوکات بەپێچەوانەی فەلسەفەی ئەزموونگەرییەوە "ڕابەر و لایەنگرانی ڕێبازی ژیرەکی لە جیهاندیدەکەیاندا پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت گوایە لەو ڕۆژەوە مرۆڤ لە دایك دەبێ و دێتە دنیاوە لە مێشك و فامیدا چەندین بیرۆکەی زگماك هەیە، ئەو بیرۆکانە بنەڕەتین و هیچ پێوەندییەکیان بە ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی ژیانی ڕۆژانەوە نییەو پەکیان لەسەر هەستەکان و زانینە هەستەکییەکان نەکەوتووە." (حەمید عەزیز: 2011: 194). هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەفلاتوون، کە ڕابەرێکی دیاری فەلسەفەی ئایدیالیستییە پێی وایە، کە جیهانی هەستپێکراو دوورە لەڕاستییەوە و ئێمە لەڕێگەی هەستەکانەوە شت دەزانین، کە ئەمەش دەشێت هەڵخەڵەتێنەر بێت، بەڵام جیهانی ڕاستەقینە لەڕێگەی عەقڵەوە دەرکی دەکەین و دوورە لەگۆڕانەوە، کەواتە زمانەوانان سوودیان لەم جۆرە دابەشکردنە فەلسەفییە وەرگرتووەو زمانیان دابەشکردووە بۆ دوو ئاستی جیاواز، بە تایبەتیش چۆمسکی بۆ ڕەتکردنەوەی بیروڕای ئەزموونگەرەکان و سەلماندنی ئەوەی، کە مرۆڤ زمان لەڕێگەی ئەزموونەوە فێرنابێت، بەڵکو " چۆمسکی باوەڕی وابوو، کە ئەو چەند ڕێسایەی لە عەقڵی مرۆڤدایە دەتوانێت ژمارەیەکی بێکۆتا ڕستەی نوێ دروست بکات." (سەلام ناوخۆش: 2008: 61)، واتە چۆمسکی بە سوودوەرگرتن لەبیروڕای هۆشەکییەکان ئەوەی خستەڕوو، کە مرۆڤ لەکاتی لەدایکبوونیدا خاوەنی چەند یاسایەکی زمانەوانی ڕێکوپێکە، کە بەشێوەیەکی ئەبستراکت لەمێشکیدا هەڵگیراون و مرۆڤ دەتوانێت لەسەر بنەمای ئەم قاڵبە ڕێزمانیانە یاسا تایبەتییەکانی زمانێکی دیاریکراو ڕۆبنێت و ڕستەودەربڕاوی نوێ بەرهەم بهێنێت و ڕاستی و ناڕاستی ڕستەکان لەیەك جیا بکاتەوە، واتە هەر وەك چۆن ئەفلاتوون جیهان دابەشدەکات بۆ ڕواڵەت و حەقیقەت، یاخود کۆنکرێت و ئەبستراکت بە هەمان شێوە چۆمسکیش بەسوود وەرگرتن لەم بیرۆکەیە ڕستەکانی زمان دابەش دەکات بۆ دوو ئاستی جیاواز، کە ئەوانیش بریتین لە ئاستی ڕووکەش و ئاستی قووڵی ڕستەکانن، کە یەکەمیان بریتییە لە ڕوخساری ڕستەکەو لایەنی کۆنکرێت و دیوی دەرەوەی ڕستەکانە، بەڵام دووەمیان بریتییە لە ئاستی نادیاری ڕستەکان و لایەنی ئەبستراکت و دیوی ژێرەوەی ڕستەکان دەگرێتەوە.

بەم شێوەیە زمانەوانان توانیویانە سوود لەڕێبازە جیاوازەکانی فەلسەفە وەربگرن بۆ شرۆڤەکردن و خستنەڕووی بیروڕا زمانەوانییەکانی خۆیان و گواستنەوەی بیری ئەبستراکتی لە فەلسەفەوە بۆ زمانەوانی، هەربۆیە کاتێك باسی ئەبستراکت لەزماندا دەکەین، پێویستە لەو لایەنەوە تەماشای بکەین، کە وەك بیرۆکە/فکرە، لە زماندا کاردەکات، چونکە زمان لە بچووکترین یەکەیەوە، کە دەنگە بۆ گەورەترین یەکە، کە ڕستە و دەقەکانە، هەموویان بەشێوەی ئەبستراکتی لەمێشکدا وەك بیرۆکە بوونیان هەیە، بۆ نموونە لە ئاستی دەنگدا فۆنیمەکان، بیرۆکەن و لەڕێگەی فۆنەکانەوە کۆنکرێت دەکرێن، هەروەها مۆرفیمەکانیش لە ئاستی وشەسازیدا بیرۆکەن و لەڕێگەی مۆرفەوە کۆنکرێت —

دەکرێن، لە ئاستی سینتاکسیشدا یاسا ڕێزمانییەکان و پێکهاتەی ڕستەکان لە (سەبجێکت و ئۆبجێکت و ڤێرب)، بەشێوەی بیرۆکەی ئەبستراکتی لەمێشکدان و مرۆڤەکان لەڕێگەی جێ بەجێکردنی یاسا تایبەتییەکانی زمانەکەی خۆیانەوە بەشێوەی جیاواز ئەم بیرۆکانە لەچوارچێوەی دەربڕین و ڕستەو دەقەکاندا ڕێکدەخەن و کۆنکرێتیان دەکەن.

کەواتە ئەبستراکت بۆ زمان و لە زماندا یەکجار گرنگە، چونکە مرۆڤ دەتوانێت لەڕێگەی ئەبستراکتەوە قورسایی سەرشانی خۆی کەم بکاتەوە و هەموو یاسا و وشە و شتەکانی دەوروبەر بە ئەبستراکت کراوی لەمێشکیدا تۆماری بکات و هەرکات ویستی دەری بڕێت و لەڕێگەی زمانەوە ئەو بیرە ئەبستراکتییانە کۆنکرێت بکات. چونکە لە زماندا " دەنگ و وشە و ڕەمزەکان بەرجەستەو هەستپێکراون، بەلام واتا و بیرەکان، یان وێنە زەینییەکان (Mental image) ئەبستراکتن." (کسپە ئەبوبەکر: 2011: 17).

## 7/1 ئەبستراکت لە ئاستە جیاوازەکانی زماندا:

زمان، ئەنسترومێنتێکە کە لە سەرتاپایدا، واتە لە هەموو ئاستەکانیدا، ئیش بە یاسا و نیزام دەکات کە لە ئەنجامی دەرس وەرگرتن لە تاقیکردنەوەی دوور و درێژی پراکتیکی و کۆنکرێتی ژیانەوە هەڵهێنجراون و کەڵەکەبوون و بە ئەبستراکت لە عەقڵ و هۆشی مرۆڤدا، پارێزراون و بە پەیڕەوی و حوکمکردنی ئەوان، زمان بەڕێوە دەچێت. (فاروق عومەر سدیق: 2011، 65)، واتە دەتوانین بڵێین زمان خاوەنی یەکێتی و ناوکۆییەکی هاوبەشە لە نێوان ئاستەکانی داو یەکگرتنیان لە بچوکترین دانەوە، کە فۆنیمەکانە لە ئاستی دەنگدا و دواتر پێکهێنانی وشە و مۆرفیمەکان لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا، هەروەها خستنەتەکیەکی ئەم وشەو مۆرفێمانە لە بۆتەیەکی گەورەترداو بە پێی چەند یاسایەکی سینتاکسی ڕێکوپێك و دواتر بەخشینی واتا و تێگەیشتن، بەلام ئێمە کاتێك ئەم ئاستانە لە یەکتر دەترازێنین، تەنها بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە و خستنەڕووی تایبەتمەندی هەر ئاستێکیانە، بۆیە ئێمە لێرەوە دەمانەوێت تیشك بخەینە سەر بابەتی ئەبستراکت و ڕەنگدانەوە و هەبوونی لە ئاستە جیاجیاکانی زماندا، کەواتە لە مێشکدا یاساکانی پێکهاتەی ڕستە/ قاڵبە ڕێزمانییەکان و واتای وشەکان و یاساو ڕێسا دەنگییەکان بە شێوەیەکی ئەبستراکتی هەڵگیراون و ئێمە لەکاتی ئاخاوتن و نووسیندا کۆنکرێتیان دەکەین.

## 7/1 -1 ئەبستراکت لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا:

زمان لە یەکەم یونیتییەوە (unit)، تا گەورەترین یەکە هەمووی گرێدراوی یەکن و بە هەماهەنگی و یەکیەتی کاردەکەن. واتە مێشکی مرۆڤ و زمان کتوپڕ نەکەوتووەتە سەر ئەوەی، کە کەرەسەکانی –

بێنێتە ئاراوە، بەڵکو سەرەتا لە دەنگەوە پلە پلە کەرەسەکانی ئەبستراکت کردووە. 1 ئێمە کاتێك باسی ئەبستراکت لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا دەکەین. واتە لە بچووکترین دانەی قسەکردن دەدوێین، کە ئەویش فۆنێمە، فۆنێم بریتییە لە "بچووکترین دانەی دەنگی سیستەمی زمان، کە بریتییە لە ماکی دەنگیی پێکهێنی وشە و مۆرفێم و دەوری جیاکردنەوەیان دەبینێ." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 2002، 298). واتە فۆنێم دانەیەکی ئەبستراکتە و لە مێشکدایە و " قاڵبێکی سایکۆلۆژی هەیە نەك فیزیاوی چونکە قاڵبی فیزیاوی لە دەنگدا پەیدا دەبێ. واتە کاتێك قاڵبی فیزیاوی بۆ دروست دەبێ ئەگەر لە زنجیرەی ئاخاوتندا مامەڵەی لەگەڵدا کرا، واتە ئەگەر وەکو دەنگ تەماشا بکرێ." (غازی فاتیح: 1985، 194).

بەشێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین فۆنێم وەك بیرۆکە لە مێشکدا بوونێکی ئەبستراکتی هەیە، بەڵام کاتێك لە ڕێگەی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە دەدرکێنرێ و دەکرێ بە دەنگ و دەردەبڕێت ئەو کاتە وەك بابەتێکی کۆنکرێتکراو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، چونکە " بیری فۆنێم خەیاڵێکی زانیارییە و لە ڕاستیدا فۆنێم بوونێکی ماددی نییە، کە گوێ بۆ کەسێك شل دەکەین، ئەوەی دێتە گوێمان ڕێچکە یان شریتە دەنگێکی بەردەوامی و بەدوای یەکدایە ناو بەناو پشوویەکی تێدەکەوێ." (محەمەد مەعروف: 2011، 62).

لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە فۆنێم تەنها وەك بیرۆکە لە مێشکدایە و ئەبستراکتە و ئەوەی ئێمە دەیبینین و دەیبیستین ئەوە فۆنەکانە، یاخود دەنگە دەربڕاو و کۆنکرێتکراوەکانی فۆنێمەکانن، چونکە فۆنێم لەڕێگەی فۆنەوە کۆنکرێت دەکرێت و فۆنەکان قاڵبێکی فیزیکییان هەیە و لەڕێگەی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە دەدرکێنرێن، لەڕاستیدا "لە زانستی زماندا، فۆنۆلۆژی نموونەیەکی ڕووتی (abstract) ئەو دەستوورانەیە، کە قاڵبی دەنگ دروست ئەکەن بۆ بیری مرۆڤ. واتە فۆنۆلۆژی تەمسیلی شێوەی ڕووتی (مجرد) (abstract) فۆنەتیك ئەکا و ئەبێ کەرەسەکانی فۆنۆلۆژی لە فلتەری فۆنەتیکەوە دەربچن و ببن بە کەرەسەی فۆنۆلۆژی". (غازی فاتیح وەیس: 1984، 17، 18).

بێگومان بە شێوەیەکی گشتیی دەنگسازی دابەشدەبێت بۆ (فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی)، دیارە ئەم دوو لقەش هەریەکەیان سنوور و کاری خۆیان هەیە و جیاوازە لە لقەکەی تر، بۆیە نابێت تێکەڵبکرێن و لە ژێر یەك چەتردا کۆبکرێنەوە، چونکە "فۆنەتیك ئەو لقەی زانستی زمانە، کە لە دروستکردن و گواستنەوە و وەرگرتنی دەنگەکانی زمان دەکۆڵێتەوە وەك دیاردەیەکی گشتی."، ئەمە لە کاتێکدا " فۆنۆلۆجی شتێکی تایبەتییە بە پێچەوانەی فۆنەتیك کە گشتییە." (وریا عومەر ئەمین: 2009، 46، 54). واتە: "فۆنۆلۆجی لێکۆڵینەوەی ئەو سیستەمە ئەبستراکتانەیە، کە بنچینەی دەنگەکانی زمانن." (ویدۆوسن: 2008، 147). چونکە فۆنۆلۆجی هەڵسوکەوتی لەگەڵ فۆنێمەکانی زمانێکی دیاریکراودایە و هەروەها چ دەنگێك وەك فۆنێم حیسابی بۆ دەکرێت و بەهای فۆنێمبوونی پێدەدرێ و وێنەی بۆ دادەنرێت، چونکە (پیت) بەرامبەر بە دانە ئەبستراکتییەکە دادەنرێت، کە فۆنێمە نەك بەرامبەر بە-

---

1- چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ (د.فاروق عومەر سدیق)، ڕێکەوتی (2012/5/15).کتێبخانەی ك: زمان، بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی.

دەنگ، چونکە دەنگ سنووری نییە، بەلاّم فۆنێم لە هەموو زمانێکدا سنووردار و دیاریکراوە، ئەمە جگە لەوەی، کە مەرج نییە ئەو دەنگەی بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا فۆنێمە لە زمانی عەرەبیشدا هەمان پلەی هەبێت:

| فۆنێم | عەرەبی | | کوردی | فۆنێم |
|---|---|---|---|---|
| /ر/ | بردـ | | {ر} – برین ——— | /ر/ |
| | حُرـ | | {ڕ} – بڕین ——— | /ڕ/ |

(وریا عومەر:2009 : 55)

واتە فۆنێمی /ر/ لە زمانی عەرەبیدا، بە دوو دەنگی جیاواز دەردەبڕڕێن، بەرامبەر بە یەك فۆنێم، بەلاّم لە زمانی کوردیدا بە پێچەوانەوە ئەو دوو دەنگە هەریەکەیان فۆنێمی سەربەخۆن و بەهای خۆیان هەیە و واتای وشە دەگۆڕن وەك: (برین:بڕین، کەر:کەڕ، پەری: پەڕی، وەرین: وەڕین).

واتە بەگشتی "(فۆنەتیك) زاراوەیەکە پەیوەستە بە لێکۆڵینەوەی دەنگەکان لە ڕوانگە جیاوازەکانەوە، لەسەر ئەو بنەمایەی، کە دەنگەکان ماددەی ئاخاوتنن. بەلاّم فۆنۆلۆجی زاراوەیەکە، کە ئاڕاستە دەکرێت بۆ لای ئەبستراکت و ڕزگاردەکرێت لە توێژینەوە ماددییەکان، واتە بەپێی ئەو بنەمایانە دەنگەکان ڕێکدەخرێن لە زنجیرەگەلێکی خاوەن واتادا بەوەش دەبێتە ئەرکە بنەڕەتییەکە لە وتەدا سەبارەت بە زمانێکی دیاریکراو بەتایبەتی، هەروەك ڕێچکە دەگرێت بۆ کاروباری تریش." (نایف خرما: 1978: 211). کەواتە فۆنێم بیرێکی ئەبستراکتە و فۆن کۆنکرێتکەری ئەم بیرەیە، هەروەها هەموو فۆنێمێك ئەلۆفۆنی هەیە و لە دەوروبەری جیاواز دووبارە دەبنەوە بۆ نموونە وەك: (کاوە، کێ) هەردوو دەنگی (ك) یەك فۆنێمن، بەلاّم بە دوو شێوازی جیاواز دەربڕاون، کە دەنگی دووەم تاڕادەیەك لە دەنگی (چ) دەچێت، هەروەها وشەکانی (شۆڕش، شەڕ، شەمشەمەکوێرە، شێر، ئاش، ..........هتد) دەنگی /ش/ لە هەموو ئەو وشانەدا فۆنن، واتە هەموویان ئەلۆفۆنی فۆنێمی /ش/ە، کە لە مێشکدا هەڵگیراوە. کەواتە ئەو شێوە جیاوازانەی، کە دەنگەکان و پیتەکان وەری دەگرن بریتین لە نموونەی هەمان چەشنی فۆڕم، لە باسی ئاخاوتنیشدا، ئەم نموونە (فۆڕمە) جیاوازانە پێیان دەگوترێ ئەلۆفۆنی (allophone)ی هەمان فۆنێم، هەر بەم پێیەش فۆنێم قەوارەیەکی ئەبستراکتە (موجەڕڕەدە)و تەنها لەکاتی دەرکەوتنی یەکێك لە ئەلۆفۆنەکانیدا بەرجەستە دەبێت. واتە بەگشتی لە دیراسەکردن و دەرکەوتنی ئەلۆفۆن و چۆنیەتی بەرجەستەکردنی دەنگەکانی ئاخاوتن کاری ئەو لقەی زمانەوانییە، کەپێی دەڵێن دەنگسازی (phonetics). لێکۆڵینەوە لە فۆنێم و پەیوەندییەکانی بەسیستەمی دەنگەوە کاری فۆنۆلۆجییە. بەلاّم ئەم دوو بوارە فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی دەبێ وەك دوو بواری تێکچڕژاو و پێکەوە گرێدراو تەماشابکرێن، چونکە تەجریداتەکان تەنها لە دەنگە ڕاستەقینە (بەرجەستەکراوەکانەوە) دەکرێ هەڵبهێنجرێن و ئەم دەنگانەش وەکو دەنگەکانی زمانی ئاخاوتن (کە جیاوازە لە هەندێ دەنگی زارەکی وەکو کۆکە و پرخە) دەبێ ئاماژە بەو تەجریداتانە بکەن، کە دەیانئوێنن. (ویدۆوسن: 2008: 64).

## 2-/7/1 ئەبستراکت لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا:

مۆرفۆلۆژی بریتییە لەو ئاستەی، کەوا خۆی بە شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی کەرەستە پێکهێنەرەکانی ناوەوەی وشە خەریکدەکات، کەرەسەکانیش مۆرفێمەکانن، جا ئەو مۆرفێمانە سەربەست، یاخود بەندن، بەندەکانیش، وشەدارێژ یان ڕێزمانین، واتە بە گشتی مۆرفۆلۆژی هەوڵ دەدات لایەنە جیاجیاکانی مۆرفێمەکان بخاتە ژێر لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و دەرخستنی تایبەتمەندی و خستنەڕووی جۆرە جیاوازەکانی مۆرفیمەکان، ئێمە لێرەدا دەمانەوێت لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا باسی پەیوەندی نێوان مۆرف و مۆرفیم و ئەلۆمۆرفەکان بکەین و بزانین کامانەیان لایەنی کۆنکرێت و دیاری ئاستی مۆرفۆلۆژییە و کامیان لایەنی ئەبستراکت و نادیاری ئەم ئاستەیە. لەم ڕووەوە زمانەوانی ڕووس (ستیپانۆڤ) لەڕێگەی ئەم نەخشەیەی خوارەوە پەیوەندی نێوان دانە و ئاستەکانی لە زماندا خستووەتەڕوو، کە ئەوەی تایبەت بێت بەم ئاستەوە بریتییە لە وشەو مۆرفێمەکان، نەخشەکەش بەم شێوەیەیە:

پەیوەندی دانەو ئاستەکان لە زماندا:

<u>شێوەی کۆنکرێت/هەستپێکراو</u>                    <u>شێوەی ئەبستراکت</u>

1- ڕستە............................ پێکهاتووە لە................ نەخشەی ستراکچەری ڕستە.
2- فریز............................ پێکهاتووە لە................ نەخشەی فریز لە زماندا.
3- وشە............................ پێکهاتووە لە................ وشە.
4- مۆرف............................ پێکهاتووە لە ............. مۆرفێم.
5- ئەلۆفۆن................. پێکهاتووە لە ........... فۆنێم. (فاروق عومەر:باسی زانستیی ئامادەکراو بۆ چاپ)

واتە هەموو ئەو وشانەی، کەوا لە فەرهەنگی مێشکی ئێمەدان خاوەنی بیرن و ئەم بیرانەش بە ئەبستراکتی هەڵگیراون، بۆ نموونە کاتێك دەمانەوێت پەسنی هەریەك لە وشەکانی: (مێز،دار، خانوو، دەریا، بەرد، فیل...........هتد) بکەین، ئەوا ئەم هەموو شتە لە مێشکی ئێمەدا نین و لەو شوێنە بچووکەدا جێیان نابێتەوە، بەڵام ئەی چۆن بتوانین ئەم هەموو شتەی کە بەدرێژایی تەمەنمان دەیانبینین و دەیانبیستین و هەست بە بوونیان دەکەین وەسفیان بکەین و تێکەڵیان نەکەین و تایبەتمەندی هەریەکێکیان بزانین؟ یاخود ئایا چۆن بتوانین لە هەموو کات و شوێنێکدا بمانەوێت وەسفی هەر شتێك بکەین، کە خۆمان دەمانەوێت؟ چونکە مەرج نییە تۆ کاتێك باسی (فیل یان شێر) یان هەر شتێکی تر دەکەیت بە شێوەیەکی فیزیکی/جەستەیی لەبەردەست و چاودا بێت. ئەی ئێمە لەم حاڵەتەدا چیی بکەین؟ ئێمە لەم حاڵەتەدا لەبەرئەوەی بیری (فیل/شێر) یان هەرشتێکی تر لەمێشکماندا بە ئەبستراکتی هەڵگیراوە و وێناو تەسەوری ئەم شتانە لە هزرماندان و هەریەکەیان —

خاوەنی هێمای تایبەتی خۆیانن بۆیە پێویست ناکات لەکاتی باسکردنیاندا بوونێکی فیزیکییان لە بەردەمماندا هەبێ، ئینجا بتوانین باسیانبکەین، چونکە ئێمە پێشتر لە باسی (5/1 پرۆسەی بە ئەبستراکت کردن)دا، ئەوەمان خستەڕوو، کە لەڕێگەی بە ئەبستراکتکردنیانەوە دەتوانین هەموویان لە مێشکماندا هەڵگرین و کاتێك باسی (مێز) دەکرێت، یەکسەر تایبەتمەندی و ڕوخسار و شێوەی مێزمان دێتە بەرچاو و جیایدەکەینەوە لە (کورسی و قەنەفە و تەپڵەك و ............هتد). واتە هەموو ئەو وشانە ئەبستراکت دەکەین و بە ئەبستراکتی لە مێشکدان، هەر لەبارەی ئەلەمێنتەکانی پێکهاتەی وشەوە (ستیپانۆڤ) دەڵێت: "وشە بچوکترین خەلیەی فەرهەنگە و ئێمە لە ئاسانترین بارودۆخدا، دەڕوانینە وشە، کە یەك واتا بگەیەنێت، هەرچەندە ئەمە دەگمەنە، بەلاَم وای دادەنێین، یەك واتا دەبەخشن، لەم حاڵەتەدا ئێمە ئەمانەمان لەبەردەستدایە:

یەکەم: ڕیزێك دەنگی بەستراو بەیەکەوە، کە لایەنی دەنگی دەرەوەی وشە پێکدەهێنن (قاوغی فۆنەتیکی وشە، یا وشەی فۆنەتیکی).

دووەم: ئەو شتەی کە بە وشە ناونراوە.

سێیەم: بیر/ چەمك، یا مەفهوم (sense)، کە وشە لە مێشکدا ئامادە دەکات". (فاروق عومەر سدیق: 2011: 23).

ئێمە خاڵی دووەم وەك کەرەسە/شتەکە دەکەینە دەرەوە، چونکە شتەکە لە دەرەوەی زمانە و لە ڕێگەی هێماوە ئاماژەی بۆ دەکەین و دەیهێنینە ناو زمانەوە، کاری ئێمە لەناو زماندایە و باسی (وشە فۆنەتیکییەکە و بیر/چەمك)ەکە دەکەین، چونکە قاوغە فۆنەتیکییەکە لەناو زماندا بریتییە لە لایەنە کۆنکرێتەکە/ لایەنە فیزیکییەکەی شتەکە و لە ڕێگەی ئەو قاوغە فۆنەتیکییەوە دەتوانین بیرەکە، یاخود لایەنە ئەبستراکت و نادیارەکەی ناو مێشکمان بهێنینە دەرەوە و کۆنکرێتی بکەین، چونکە بیرەکە هیچ بەهاو نرخێکی نابێت ئەگەر هەر لە مێشکدا بمێنێتەوە و بەوشە دەرنەبڕێت و نەکرێت بە بەری دەنگدا و کۆنکرێت نەکرێت.

کەواتە هەموو وشەیەك/مۆرفیمێك لە زماندا دوو لایەنی هەیە:

1- لایەنی کۆنکرێتی، کەبریتییە لە وشە فۆنەتیکییەکە، یاخود قاوغە فۆنەتیکییەکە.

2-لایەنی ئەبستراکت، کە بریتییە لە بیرەکە و لە مێشکدایە و بە کەرەسەکانی زمان کۆنکرێتی دەکەین.

کەرەسەکانیش وشە فۆنەتیکییەکە یان قاوغە دەنگییەکەن.

هەر سەبارەت بەم بابەتە و لە خستنەڕووی پەیوەندی نێوان مۆرف و مۆرفێم و ئەلۆمۆرفدا و دیاریکردنی لایەنی ئەبستراکت و کۆنکرێت تیایاندا دەتوانین بڵێین: "مۆرفیم یەکەیەکی نابەرجەستەیە، واتە بوونی تەنیا لە مێشکی قسەکەراندا هەیە و وەك بیرۆکە کاردەکات و لە دەرەوەی مێشکی قسەکەردا تەنیا هەر هەستی پێدەکرێت: نە بەدەست دەگیرێ و نە بە چاو دیارە." (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید: 2006: 12)، واتە ئێمە کاتێك باس لە پەیوەندی نێوان مۆرف و مۆرفێم –

دەکەین، مۆرفێمەکان لایەنی ئەبستراکت و نادیارن و تەنها وەك بیرۆکە هەست بە بوونیان دەکرێت، بەلاّم ئەم بیرۆکانە لە ڕێگەی مۆرفەکانەوە کۆنکرێت دەکرێن و دێنە دنیاوە، چونکە " مۆرف شێوەیەکی فیزیکییە و مۆرفیم لە زماندا وەسف دەکات." (Katamba: 2006: 24)، واتە مۆرفیم لایەنە ئەبستراکتییەکەیە و لە مێشکدایە و شێوەیەکی فیزیکی و بەرجەستەی نییە، بەلاّم ئەم بیرۆکەیە واتە (مۆرفیم) لە ڕێگەی شێوەیەکی فیزیکییەوە کۆنکرێت دەکرێت، کە ئەویش (مۆرفە)، واتە: "مۆرفیم قالّبی فیزیاوی لە دەنگەکانیەوە وەرئەگرێ لە زنجیرەی ئاخاوتندا." (غازی فاتیح وەیس: 1985: 195).

هەرلەم بارەیەوە (Aronof) دەڵێت: " زاراوەی مۆرف هەندێکجار بەکاردەهێنرێت بۆ ئاماژەکردن، بە تایبەتی بۆ دەرکپێکردنی فۆنۆلۆژیانەی مۆرفیمێك" (Mark Aronof:2011: 2). بۆ نموونە مۆرفیمی کاتی ڕابردوو لە زمانی ئینگلیزیدا، کە بریتییە لە /ed/، چەند مۆرفێکی جۆراوجۆری هەیە:

مۆرفیمی کاتی ڕابردوو    Morpheme    (ئەبستراکت، لە مێشکدایە)

Past tense

Allomorph   allomorph   allomorph (شێوە جیاوازەکانی درکاندن).

|   |   |

Morph   Morph   Morph (کۆنکرێت، دیوی دەنگی/ فیزیکی).

/t/   /d/   /id/ (Katamba:2006:27)

Stopped   played   ended

بۆ نموونە ئەگەر هەمان مۆرفیم واتە (مۆرفیمی کاتی ڕابردوو) لە زمانی کوردیشدا وەربگرین بەم شێوەیە:

مۆرفیمی    (ئەبستراکت لە مێشکدایە)

کاتی ڕابردوو

ئەلۆمۆرف   ئەلۆمۆرف   ئەلۆمۆرف   ئەلۆمۆرف   ئەلۆمۆرف

|   |   |   |   |

مۆرف   مۆرف   مۆرف   مۆرف   مۆرف.......... (کۆنکرێت)

/أ/   /د/   /ت/   /و/   /ی/

سووتا   مرد   هات   چوو   کڕی

هەربۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی هەریەکە لە (مۆرف و مۆرفیم) و پەیوەستبوونی (مۆرفیم) بەلایەنی ئەبستراکتی زمانەوە و لە هەمانکاتدا (مۆرف) بەلایەنی دیار و کۆنکرێتی زمانەوە، هەوڵ دەدەین نموونەی چەند (مۆرفێمێکی داڕێژی ناوی ئەبستراکت) بخەینەڕوو، چونکە هەموو ئەم مۆرفیمە داڕێژانە دەربڕی چەمکی ئەبستركتین، واتە هەموویان لەدەوری یەك چەمك دەسووڕێنەوە، كە ئەویش چەمکی ناوی ئەبستراکتییە بەم شێوەیەی خوارەوە:




هەروەها کریستاڵ دەڵێت: "مۆرفیم یەکەیەکی ئەبستراکتە، بەهۆی یەکەیەکی ترەوە لە ڕستەدا دەناسرێتەوە، کە پێی دەڵێن مۆرف هەندێ مۆرفیم بەوە دەناسرێنەوە، کە زیاتر لەیەك مۆرف پێکدێنن بەگوێرەی شوێنیان لە وشەدا یان لە ڕستەدا، ئەم مۆرفانەش پێیاندەوترێت ئەلۆمۆرف." (یارا قادر: 2008: 10). بۆ نموونە ئەم ناوانەی خوارەوە هەر یەکەیان بەپێی دوا دەنگی ناوەکە (ڤاوڵ، کۆنسۆنانت)، ئەلۆمۆرفێکی مۆرفێمی ناسراوکردنی وەرگرتووە:

- کچەکە
- مامۆستاکە/مامۆستایەکە
-خانووەکە/خانۆکە
- مامۆستاکان

هەریەکێك لەو مۆرفانەی هێڵیان بەژێردا هاتووە دەربڕی چەمکی ناسراوکردنن لە زمانی کوردیدا و لە دابەشبوونێکی تەواوکەرانەدان و هەموویان ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی ناسراوکردنن.

هەندێجار یەك تاکە فۆرم دەتوانێ چەند مۆرفیمێك بنوێنێ وەك لە وشە هاودەنگەکاندا دەردەکەوێ: بڕوانە مۆرفی (پێ) لە (پێم دێشێ) و (پێم وەهایە....)، لە یەکەمدا بۆ قاچ دێ و لە دووەمدا لە ئامرازی بەندی (بە)وە هاتووە (بەمن وەهایە.....)




(محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید:2006 : 24)

جگە لەوەی، کە مۆرفیممان هەیە، بە چەند مۆرفێکی جیا دەردەبڕڕێن، هەروەها مۆرفیشمان هەیە، کە زیاتر لە مۆرفیمێك دەنوێنێت. پێویستە ئەوەش بڵێین، کە مۆرفیممان هەیە تەنها بە یەك مۆرف دەردەبڕڕێت و ئەلۆمۆرفی نییە، وەك مۆرفیمە سەربەخۆکان:

دار (مۆرفیم) ←——— (دار) /مۆرف/

کەواتە ئێمە تەنها بیری مۆرفیم بە ئەبستراکتکراوی لە مێشکماندایە و مۆرفیمەکان لەکاتی کۆنکرێت کردنیان و دەربڕینیاندا لە سیاقی/ چوارچێوەی قسەکردنی جیاوازدا واتای جیاواز دەبەخشن، بەڵام ئێمە " تەنیا بە گوێ نەدان (بە چاوپۆشین) بەم گۆڕانانە و لە ڕێگەی ڕووتکردنەوە (تەجرید) دەتوانین بگەینە یاسای گشتی و هەمەکی (تصحیحات) لە زماندا، بۆ نموونە وشەیەکی وەك (جانتا) هەرجارەی لە شتێك دەدوێ و بۆ شتێ دەگەڕێتەوە بەپێی ئەو چوارچێوەیەی، کە تیایدا بەکاردێ: جانتای جل، جانتای قوتابخانە، جانتای دەست.......هتد" (کەوسەر عەزیز: 1990، 8، 9). کەواتە ئەمە لایەنێکی گرنگی ئەبستراکتە لە زماندا، چونکە ئێمە ناتوانین ئەم واتا جیاوازانە، یاخود ئەم هەموو بەکارهێنانە جیاوازانەی چوارچێوە جیاوازەکانی قسەکردن هەریەکەیان هێمایەکی بۆ دابنێین و بۆ نموونە: هێمای جیاواز بۆ (مێزی نانخواردن و مێزی نووسین و مێزی فەرمانگە/دائیرە و مێزی نووسینگە و ..........هتد) دابنێین، بەڵکو ئێمە بۆ هەموو ئەم واتایانە تەنها یەك ناومان داناوە، کە ئەویش (مێز)ە، و چەمکی (مێز) بە ئەبستراکتکراوی لە مێشکماندایە، بەڵام ئێمە لەکاتی قسەکردن و بەپێی چوارچێوە و سیاقی ئاخاوتن واتای جیاواز بە هەموو ئەو بەکارهێنراوانە دەبەخشین.

## 3-7/1 ئەبستراکت لە ئاستی سینتاکسدا:

ئەگەر بیرۆکەی کاری نێوان ڕواڵەت (ظاهر) و ناوەڕۆك (حەقیقەت) لە فەلسەفەدا بەسەر مەیدانی زماندا پراکتیك بکەین. ئەوا لەگەڵ ئەفلاتووندا دەڵێین: ئەو جیهانەی تێیدا دەژین گوزارشت لە ڕواڵەت دەکات نەك ناوەڕۆك، لەبەرئەوەی زانیاری ئێمە پشت بە درککردنی هەستەکان دەبەستێت، دەشێت ئەمانەش خەڵەتێنەر بن و بابەتیبوونیان تێدا نەبێت، کەواتە جیهانی هەستپێکراو جیهانی ڕاستەقینە نییە، جیهانی ڕاستەقینە بریتییە لەوەی، کە جێگیرەو نەبوونی گۆڕان تێیدا دێتە دی. ئەوەی، کە بەعەقڵ درکی دەکەین نەك هەستەکان.

کەواتە لێرەوە بۆ دروستکردنی پردێکی پەیوەندی لە نێوان بۆچوونی فەیلەسووف و زانایانی زماندا دەتوانین بڵێین زمانەوانان هەوڵی بە پراکتیککردنی ئەم جیاکارییەیان داوە لەنێوان ڕووکەش و حەقیقەتدا/ کۆنکرێت و ئەبستراکتدا بەسەر دیاردەی زمانەوە، کەواتە ئەم ڕێبازە کە (چۆمسکی) سەرمەشقێتی و دەتوانین بڵێین لانیکەم سێ هەڵوێستیان دۆزیوەتەوە، کە دەکرێ بەم شێوەیە کورتیبکەینەوە:

**یەکەم:** کاتێك منداڵ دەست بە وەرگرتنی هەندێك موفرەداتی زمان دەکات و وشە بە واتاکەیەوە دەبەستێتەوە، هەروەها بەوەشەوە، کە دەیگەیەنێت (دەلالەت دەکاتە سەری)، لە شتی دەوروبەری، کاتێك دەست بە فێربوونی ڕێساکانی سینتاکس دەکات بەوەی، کە چۆن جۆرەها ڕستە دروستبکات، دەبینین منداڵ کاتێك توانا زمانییەکانی پەرە دەسێنێت؛ توانای پێکهێنان و دروستکردنی بێ سنووری ڕستەی دەبێت، کە لەسەر ئەو ڕێسایانەی سینتاکس وەستاون، کە فێریان بووە. هەروەها دەبینین توانای دروستکردنی چەندین ڕستە و بونیادنانی پێکهاتەی جیاوازی هەیە، کە پێشتر فێریان نەبووە و بگرە نەبیستوونی و نە درکاندوونیشی. ئەم ڕاستییە چۆمسکی سەرسامکرد لەو ڕووەوە، کە ناتوانین ڕاڤەیەکی ئەزموونکارانە (تجريبی) بۆ بدۆزینەوە، بەڵکو پێویستی بە ڕاڤە و لێکدانەوە (تأويل) هەیە. (محمود فهمی زيدان: 2003: 141).

واتە بەڕای چۆمسکی منداڵ سەرەتا، کە وشەکانی زمان وەردەگرێت ئەو وشانە فێردەبێت، کە ئاماژەن بۆ ناوی کۆنکرێتی و شتی کۆنکرێتی، چونکە لەم قۆناغەدا ئەوەی چۆمسکی دەیڵێت منداڵ واتای وشەکان بە خودی شتەکەوە لە دەرەوەی زمان دەبەستێتەوە و مێشك و تێگەیشتن و بیری هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو قۆناغەی، کەوا لە چەمکە ئەبستراکتییەکان بگات و تێگەیشتنی بۆیان هەبێت، بۆیە زمانەوانی ڕووس (بوداگەڤ) سەبارەت بەم قۆناغەی منداڵ دەڵێت: " زۆرجار لە ژیانی ڕۆژانەماندا ڕووبەڕووی تەسەوراتی کۆنکرێتی دەبینەوە، بۆ نموونە لای منداڵ (بەخشندەیی) پەیوەستی دەکات بە دایکییەوە، چونکە شیری دەداتێ و بەخێویی دەکات و چاودێریی دەکات و میهرەبانە لەگەڵیدا، بەڵام لەلای گەورە وانییە، واتە عەقڵ و هۆشی مرۆڤ لە سەرەتادا ئاراستە دەبێت بۆ سەر شتومەك و دیاردەی کۆنکرێتی، بەڵام هێواش هێواش تەنیا لە پرۆسەی گەشەسەندنی مێژوویی خۆیدا بیر و وێناکردنی گران لە مێشکیدا پەیدا دەبێت." (بوداگەڤ: 1958: 30).

**دووەم:** هەڵوێستی دووەمی چۆمسکی بریتییە لە گرتنەبەری ڕێگەی شیکردنەوە و لێکدانەوەیەکی عەقڵیی خاڵی یەکەم و جیاکاری لەنێوان ئەوەی، کە خۆی ناوی نا (توانست – competence) و (توانا – performance) (محمود فهمی زيدان: 2003: 142)، دیارە هەریەکە لە زاراوەکانی (توانست و توانا) لای چۆمسکی تایبەتمەندی خۆیان هەیە و چۆمسکی لەو ڕوانگەیەوە لە توانست دەڕوانێت، کەوا "بریتییە لە سیستەمی ئەو یاسایانەی، کە قسەکەر لەبارەی زمانەکەیەوە کۆنترۆڵی کردوون، هەربەهۆی ئەو یاسایانەوە دەتوانێ ژمارەیەکی بێکۆتا لە ڕستە پێکبێنێ و لێ یان بگات. هەروەها بە هۆی ئەو یاسایانەوە دەتوانێ ڕستەی دروست لە نادروست جیابکاتەوە و دەتوانێ ڕستەی لێڵ بناسێتەوە." (سەلام ناوخۆش: 2008: 69، 70). کەواتە بۆ چۆمسکی (توانست – competence) بریتییە لەو زانیارییە ژیرییەی، کەوا خوای گەورە بە هەموو مرۆڤێکی بەخشیوە و ئەمەش یارمەتی دەدات بۆ بڕیاردان لەسەر ڕاستی و ناڕاستی ڕستەکان و چۆنیەتی پڕکردنەوەی قاڵبە ڕێزمانییەکان، چونکە بە بڕوای چۆمسکی ئەم قاڵبە ڕێزمانیانە هەموو مرۆڤێك هەیەتی و بێ کەم و کوڕین و ــــ

بە شێوەی ئەبستراکت لە مێشکدان و چۆمسکی بە یاسا ڕێزمانییە گشتییەکان ( universal grammar) ئاماژەی بۆ دەکات و هەموو زمانەکان لەم یاسایانەدا هاوبەشن، بۆ نموونە هەموو زمانێك خاوەنی (بکەر – subject، بەرکار – object، کردار – verb)ەو، ئەم کەرەستانە بەشێوەی ئەبستراکت لە مێشکدان، بەڵام یاسای ڕێکخستنیان و چۆنیەتی خستنە پاڵ یەکتریان، بە ڕێزمانی تایبەتی زمانە جیاجیاکان سپێردراوە، پڕکردنەوەی ئەم قاڵبانەشی بەستووەتەوە بە چۆنیەتی فێربوون و وەرگرتنی یاسا تایبەتییە ڕێزمانیەکان و پڕکردنەوەیان بە کەرەسەی زمانێکی دیاریکراو، ئەمەش منداڵ هەر لە تەمەنی چوارپێنج ساڵیەوە هەوڵی وەرگرتنی ئەم کەرەسانەو دانانیان لە شوێنی خۆیان و دروست بەکارهێنانیان دەدات، کە چۆمسکی پەیوەستی دەکات بە خێزان و کۆمەڵ و دەوروبەرەوە. هەروەها زاراوەی (توانا – performance) لای چۆمسکی بریتییە لە: " زاراوەیەکی تیۆری زمانەوانیی و بۆ ئەو دەربڕاوانەیە، کە قسەکەری زمانێك لەسەر بناغەی "توانست" بەرهەمیان دەهێنێت." (محەمەدی مەحوی: 2006: 15)، یاخود "بەکارهێنانی زمانە لە بارودۆخە ڕاستییەکاندا." (Katamba:2006:8). کەواتە توانا لایەنە کۆنکرێتەکەی توانستە و بریتییە لە بەکارهێنانی ئەو یاساو ڕێساو زانیارییانەی، کەوا لە زانیارییە پێبەخشراوەکانی مرۆڤدا هەن و لەم بارەیەوە **محەمەدی مەحوی** دەڵێت: " توانا performance هەمبەری "توانست" ەو زمانە بەکارهێنراوە بەرجەستە بووەکەیە. لە تواناکەوە بۆ توانستەکە دەچین و لەبەرئەوە لەم حاڵەتەدا تواناکە هەڵسوکەوتە و توانستەکە لە مێشکدایە." (محەمەدی مەحوی: 2006: 15).

بۆیە هەنگاوی **سێیەمی** چۆمسکی بریتییە لە هەنگاوی دووەم لە لێکدانەوەی ئەو توانا خۆڕسکەدا/ توانستەدا، کورتیشدەکرێتەوە لە جیاکاری نێوان ڕووکەش و کرۆکی ڕووداوە زمانییەکانی ژیان: ڕووکەشەکە بریتییە لە ئەداکردن، کرۆکەکەش بریتییە لە توانای پێشینە، یاخود وەك چۆمسکی دەڵێت: بریتییە لە جیاکاری نێوان پێکهاتەی ڕووکەشی ڕستە (Surface Structure) و پێکهاتەی قووڵ (Deep Structure)، دەکرێ ئەم جیاکارییەی دوایی بەوە جیابکرێتەوە، کە بڵێین ڕێسا زمانەوانییە باوەکان لای منداڵ، ڕێساکانی پێکهاتەی ڕووکەشن. ( محمود فهمی زیدان: 2003: 143).

هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری پەیوەندی نێوان کۆنکرێت و ئەبستراکت لە ئاستی سینتاکسدا نەخشەکەی (ستیپانۆڤ) لە ئاستی سینتاکسدا دەخەینەڕوو:

| شێوەی کۆنکرێت/هەستپێکراو | شێوەی ئەبستراکت |
|---|---|

1– ڕستە......... پێکهاتووە لە........ نەخشەی ستراکچەری ڕستە.

2– فریز........ پێکهاتووە لە......... نەخشەی فرێز لە زماندا. (فاروق عومەر:باسی زانستیی ئامادەکراو بۆ چاپ)

واتە بەپێی ئەم نەخشەیەی (ستیپانۆڤ)، کەرەسەکانی لای ڕاست کۆنکرێتن و لە بەرامبەردا کەرەسە–

کانی لای چەپ ئەبستراکتن. واتە ئەم زمانەوانە پێی وایە، کە هەریەکە لە قاڵبە ڕێزمانییەکانی (سابجێکت و ئۆبجێکت و ڤێرب) هەموویان ئەبستراکتن و لە مێشکدان، ئەمە جگەلەوەی، کە ڕستەکانی هەموو زمانێك ئەم کەرەسانەی تێدایە، واتە ڕای وایە، کە هەموو نەتەوەیەك خاوەنی بیرە ئەبستراکتییەکانە، بەلاَم یاسای ڕێکخستنی ئەم بیرانە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە. واتە هەموو زمانەکان بەبێ جیاوازی خاوەنی یاسا گشتییە ڕێزمانییەکانن و بەشدارن لە بوونی کەرەسە ڕێزمانییەکانی وەك (بکەرو بەرکار و کردار)، واتە ئەم بیرە ئەبستراکتیانە لای هەموو مرۆڤەکان بوونیان هەیە و ئەوەی چۆمسکی بە ڕێزمانی گشتی ناودێری دەکات لایەنە ئەبستراکتییەکەیە، بەلاَم چۆنیەتیی گوزارشتکردنی ئەم بیرانە و خستنە قاڵبی زمانە تایبەتییەکان و کۆنکرێت کردنیان لە چوارچێوەی ڕستە و دەربڕاوی زمانی تایبەتدا بە یاسا ڕێزمانییە تایبەتییەکان ناسراون، چونکە ئێمە "ناتوانین ڕاستەوخۆ لە ڕێزمان، لەوەی قسەکەرێك لە ناخی ئاوەزیدایە، بە واتا لە کۆئۆرگانەکانیدا خەزنیکردوون، وردبینەوە و تێبڕوانین. دەبێت وەهایدابنێین، کە هەبوونی نەزەری و گریمانەکارییانەیەو بەلاَم کە دروستە ناوەکییەکەی/ناوەوەی و جۆری کارتێکردنی نەناسراون. ئەوەی دەتوانرێ پێیبزانرێت و دەتوانین لێیوردبینەوە (ا) تەنها دەربڕاوە بەرجەستە کراوە/ بووە ڕاستەقینەکانن لەگەڵ (ب) کاردانەوەکان بەرامبەر بە دەربڕاوەکان و (پ) بڕیارەکان لەسەر دەربڕاوەکان." (محەمەدی مەحوی: 2009: 350) واتە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم ڕێسا وێنەییە سەرەتاییانە باکگراوەندێکی/ پاشخانێکی قوڵی نادیار/ئەبستراکت (غیر الظاهر)یان هەیە و ئامادەن لە ژێریی مرۆییدا بە خۆرسکی خۆی: پێویستە لەسەرمان بیاندۆزینەوە و پەسن و ڕاڤەیان بکەین. (محمود فهمی زیدان: 2003: 147).

بۆ نموونە هەریەك لە زمانەکانی (کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی)، بیرە ئەبستراکتییەکان کە بریتین لە: (سەبجێکت و ئۆبجێکت و ڤێرب) بەم جۆرەی خوارەوە لە قاڵبێکی تایبەتی سینتاکسیدا ڕێکیانخستووە و لەکاتی دەربڕیندا کۆنکرێتی دەکەن. واتە ئەم ڕستانە دەربڕی دیوی ڕووکەشی زمانن بەم شێوەیە:

1- S.O.V. ................... ئازاد نان دەخوات. ........... یاسای سینتاکسی زمانی کوردی

S. O. V.

2- S.V.O .................. Azad eats bread .......... یاسای سینتاکسی زمانی ئینگلیزی

S. V. O.

3- V.S.O .................. یأکلُ آزاد خبزاً. .......... یاسای سینتاکسی زمانی عەرەبی

V. S. O.

## 4-7/1 ئەبستراكت لە ئاستی واتاسازیدا:

واتاسازی لقێکی گرنگی زانستی زمانە و خۆی بەشیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی واتاییەوە خەریککردوە و مەرجی سەرەکی بوونی هێمایە بۆ دەربڕینی واتا، کەواتە "هێمالۆژی خەریکی لێکدانەوەی هەر جۆرە پێڕەوێکی هێمایە و کاربۆئەوە دەکات، پەیوەندی نێوان >>دەربڕین<<و >>واتا<<کەی (فۆرم و واتاکەی) هەر هێمایەك بەگشتی بخاتەڕوو." (محەمەدی مەحوی: 2009: 36). واتە زانستی هێما/هێمالۆژیی لە دوو لایەنەوە لە زمان دەکۆڵێتەوە، ئەویش لایەنی دەنگ و لایەنی واتایە و پەیوەندی نێوان ئەم دوو لایەنە و کاریگەرییان لەسەر یەکتری، چونکە "ئەم دوو دیوەی هێمای زمانیی (فۆرم و واتا) لە یەکتری جیانابنەوە هەرچەندە بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە ناوبەناو لە یەکتریان دەترازێنین." (محەمەد مەعروف: 2010: 118). بۆیە لەم ڕوانگەیەوە هەوڵ دەدەین پێناسەی هەریەکێکیان بخەینەڕوو، دواتر باسی پەیوەندی نێوان ئەم دوو چەمکە بکەین و لە خزمەتی توێژینەوەکەماندا لایەنی ئەبستراکت و کۆنکرێتی ئەم ئاستە (واتاسازی) بخەینەڕوو. سەرەتاش بابزانین (هێما)ی زمانی چییە؟ **هێمای زمانی** "بریتییە لە ڕۆنانێك کە دوو دیو یان دوو ڕووی هەیە، دیوێکی پێکهاتووە لە ڕیزە دەنگێك، کە بەرگوێ دەکەوێ (دەبیستریێ)و دیوەکەی تریشی بریتییە لە بیرێك کە بەرامبەر ئەم ڕیزە دەنگە دێت و لە مێشکی مرۆڤدا هەڵگیراوە. هەردوو دیوی هێماکە بەهۆی کاری تێکەڵکردنەوە بە یەکترەوە دەلکێن". (سەرچاوەی پێشوو: 116)، یاخود هێما بریتییە لە: " پۆلی نادیاری گشت چەشتە پەیپێبراوەکان لەگەڵ هەموو ئەوانەی بۆ پەیپێبردن و دەرکپێکردنی مرۆڤ لەبارن و مرۆڤ دەتوانێت پەیانپێببات." (محەمەدی مەحوی: 2009: 36). کەواتە بەگشتی هێما بۆ ناونانی هەموو شت و دیاردە و ڕووداوەکان بەکاردێت، یاخود بۆ ناونانی هەموو شتێکی کۆنکرێتی و ئەبستراکتی بەکاردێت، "چونکە شت مەرج نییە، تەنها شت و مەك بێت، بەڵکو ڕووداویش دەگەیەنێت وەك: (ڕۆیشتن، تێگەیشتن)، یا شت بێت، وەك شت بەبیردا بێت، یا ڕووداو وەك، (بە ئەبستراکت کردن، ئەبستراکت بێ کۆتایی هاتن)، ئەمانە بەچاوی شت تەماشا دەکرێن و بەوشە دەگەیەنرێن". (فاروق عومەر سدیق: 2011: 26). واتە بۆ نموونە ئێمە کاتێك، کە هێما بۆ شتە کۆنکرێتییەکانی وەك: (دار، بەرد، خانوو، پیاو، کۆتر..........هتد) دادەنێین لە هەمانکاتدا دەتوانین هێما بۆ شتە ئەبستراکتییەکانیش دابنێین، هەرچەندە بوونێکی سەربەخۆیان نییە و لە بیر و مێشکدان، بەڵام خاوەنی واتان و دەتوانین لە ڕێگەی دانانی هێماوە بۆ ئەو ناوە ئەبستراکتییانە تێگەیشتن و وێنایان بۆ دروستبکەین وەك: (جنۆکە، خێو، پیاوەتی، بڕوا، ئازایەتی، گەرما، چاکە، قوڵایی.............هتد). "بەم پێیە هەموو چەشتێك دەتوانرێت لە ڕێی هێمایەکەوە ناویلێبنرێت: تەسەور – کردە، مامەڵەکردن، بیرکەوتنەوە، نادیارو ئەبستراکت و گشت ئەو چەشتانەی دەتوانن ببنە چەشتی پەیپێبردن و هێنانە بەرچاومان (تەسەورمان)". (محەمەدی مەحوی: 2009: 43).

کەواتە ئێستا بابزانین هەریەکە لە دیوی دەنگ/فۆرم و دیوی واتا/نـاوەڕۆك چـییە و کامیـان دەچـنە خانەی کۆنکریت و لایەنی فیزیکییەوە و کامیان دەچنە خانەی ئەبستراکت نادیارەوە.

یەکەم/ فۆرم: زنجیرە دەنگێکی ڕێکخراوە و وشە پێکدێنێ. (عەبدولواحید مشیر: 2009: 20)، یـاخود گوتنێکە بەشێوەی دەنگ (sound) لەدەم و نێوان لێوەکانەوە دەردەچێت. واتـە دەبێتـە بەرامبـەرێکی هەستەکی گوتراو بە زمان بـۆ واتایـەکی زەینیی. (ئـارام قـادر: 2010: 48). هـەروەها شـارەزایان بـەم جۆرە پێناسەی واتایان کردووە:

**ئیبن سینا:** " واتا ئەو شتەیە یاخود ئەو بەشەی زمانە، کە لە مێشکدایە و نابینرێت، ئەوەی کـە مـرۆڤ دەیبینێت ئەو شتەیە، کە بـەهۆی چاویەوە وێنـەی گرتـووە و پاشمـاوەی لـە مێشـکدا جێهێشـتووە، ئـەو پاشماوەیە واتایە." (فەرهاد تۆفیق: 2010: 4)1

**lyons** "واتا بیرۆکەیەکە یان چەمکێکە، کە لەمێشکی قسەکەرەوە دەگوازرێتـەوە بـۆ مێشـکی گـوێگر." (j.lyon:1981:136)

**ullmann** "واتا بریتییە لە پەیوەندییەکی گۆڕەرەوە لە نێوان ناو و واتاکەیدا، واتە پەیوەندی هەیـە لەنێوان قسەکەر و گوێگردا، بۆ نموونە کاتێك، کە کەسێك گوێی لـە وشـەیەك دەبێـت، ئـەوا ڕاسـتەوخۆ بیر لەو شتە دەکاتەوە، کە گوێی لێ بووە." (حسن بشیر: 2003: 172)2

**Saussure:** " واتـا پەیوەندییەکـە لـەنێوان دوو بەشـداربووی یەکسـاندا، کـە شـتەکان و بیرۆکـەکان لەلایەك و ئەو زمانەی، کە بەکاردێت بۆ ئاماژە پێکردنیـان لەلایـەکی تـرەوە، بۆیـە (Saussure) ئـەم پەیوەندییە ناو دەبات بە هێمای زمانی". (Crystal:1981:164).

کەواتە دەتوانین بڵێین واتا بریتییە لە دیوە نادیار و ئەبستراکتییەکەی شتەکان/وشەکان و لەڕێگەی دیـوە دەنگـی و فۆرمییەکەیـەوە کۆنکرێـت دەکرێـت و دەردەبڕێـت، چـونکە واتـا ئەگـەر دەرنـەبڕرێت و کۆنکرێت نەکرێت، ئەوا لە مێشکدا هیچ بەهایەکی نابێت، هەروەها بۆ دەربڕینی پەیوەندی نێوان فۆرم و ناوەڕۆك لە ڕێگەی ئەم وێنەیەی خوارەوە ڕوونیدەکەینەوە: 3

/دەزگیر/...........(ئاخاوتن) درکاندن

(دەستگیر)......... (ڕێنووس)                    فۆرم

(کۆنکرێت: دیوی دەرەوەی هێما)

(واتا)        (ئەو پارچە پەڕۆیەی کە مەنجەڵ و شتی گەرمی پێدەگریت لەکاتی چێشتلێناندا)

(ئەبســـــــــــــتراکت: دیـــــــــــــوی نـــــــــــــاوەوەی هێمـــــــــــــا)

---

1-وەریگرتووە لە (ابراهیم خلیل: 2007: 122). 2- وەریگرتووە لە (المان: مبادی علم المعانی: 57).

3-بیرۆکەی دایەگرامەکانم لە کتێبی (زمانەوانی محمد مەعروف) وەرگرتووە، بە دەسکارییەوە.

ئەبستراکت دیوی ناوەوەی هێمایە و مەبەستیشمان واتای هۆشەکییە، چونکە واتای هۆشەکی بریتییە لە: " ئەو بەشەی واتای وشە، کە بەندە بەو دیاردانەی لە دونیای ڕاستەقینە یا دونیایەکی خەیاڵی یا مومکین دا هەن. واتە لە هەر سیستەمێکی واتاییدا، واتای هۆشەکی بە واتای بنەڕەتی یا کرۆکی دانە فەرهەنگییەکان لە قەڵەمدەدرێ. (ویدۆوسن: 2008: 136). بۆ نموونە واتای هۆشەکی (پیا و ژن) لە ڕێگەی سیماواتاییەکانەوە جیایان دەکەینەوە و خاوەنی ئەم سیمایانەن:

پیاو.......................... (+مرۆڤ، +هەراش، +نێر).

ژن............................ (+مرۆڤ، +هەراش، –نێر).

بەڵام جۆرەکانی تری واتا وەك واتای بارکراو، واتای بابەتی بە پێی بەکارهێنەرانی و سیاقی ڕستە و مەبەستی قسەکەر و هەست و سۆزی قسەکەر واتاکانیش دەگۆڕێن بۆ نموونە وەك:

1- ئوتومبیلە جام ڕەشەکە لە منداڵەکەی دا.

2- منداڵەکە سەیارە لێی دا.

لە ڕستەی یەکەمدا قسەکەر مەبەستێتی زیاتر واتای (ئوتومبیلە جام ڕەشەکە) لە ڕستەکەدا زەق بکاتەوە. ئەویش، چونکە ئوتومبیلی جام ڕەش زیاتر بەدەستی خەڵکانی بەرپرس و دەسەڵاتدارەوەیە و لەوەیە ئەم قسەیە، ڕۆژنامەنووسێك، یاخود کەسێکی دژە سیستەمی سەردەم بیکات، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا ئاسایی ڕاگەیاندنی هەواڵی لێدانی منداڵە لە لایەن ئوتومبیلێکەوە. ئەم جۆرە واتایە دەچێتە چوارچێوەی واتای بابەتییەوە.

کەواتە زمان خۆی لە خۆیدا دوو دیوی هەیە: دیوی دەنگ، کە دیوی دەرەوە و کۆنکرێتی زمانە و دیوی واتا، کە دیوی ناوەوە و ئەبستراکتی زمانە، ئەم دوو دیوە یەکدەگرن و هێماکان دروستدەکەن و هێماکانیش ئاماژە بۆ شت و کەرەسەی کۆنکرێتی لە دەرەوەی زمان دەکەن، واتە لە جیهانی بینراودا کەرەسەی کۆنکرێتی ئاماژەبۆکراوی هەیە، بەڵام شتی ئەبستراکتی ئاماژەبۆکراوی نییە وەك وشەکانی (بەرد، دێو) لەم دوو هێڵکارییەدا:



بەلاٌم ئێمە شتمان هەیە لـە دەرەوەی زمانـدا ئاماژەبۆكراوی نییـە وەك كەرەسـەیەكی كۆنكرێت/مـاددی هەستپێكراو، بەڵكو تەنها لە خەیاڵ و مێشك و بیری ئێمەدان و ئەبستراكتن. وەك:




هەر لەم ڕوانگەیەوە پێویستە ئاماژە بۆ ئەو خاڵەش بكەین، كەوا واتـا تـەنها لـە وشـەكاندا بـوونی نییە، بەڵكو واتا لە خوار وشە و لەسەرو وشەشەوە وجودی هەیە، بۆ نموونـە لـەخوار وشـەوە مۆرفێمـە بەندە لێكسیكی و گراماتیكییەكان خاوەنی واتـان، بـەلاٌم واتـای سـەربەخۆیان نییـە و واتاكانیـان بەنـدە بەو وشانەی، كە ئەم مۆرفیمانە بە پێش، یاخود بە دوایانەوە دەلكێن و واتا و ئـەركی نـوێ دەبەخشـنە وشەكان. وەك:

1- كورد....................................... وشەیەكی سەربەخۆ (ناوی نەتەوەیەكە..........)

كورد + /-ستان/ = كوردستان..... وشەیەكی داڕێـژراو لـەڕووی پێكهاتـەوە و سـەربەخۆ لـەڕووی واتـاوە، بەواتای شوێنی نیشتەجێبوون و نیشتمانی كوردان، چونكە پاشگری /-ستان/ بەواتای شوێن دێت.

2- پیاو................................. وشە/مۆرفیمێكی سەربەخۆ لەڕووی واتا و پێكهاتەشەوە.

پیاو + /-ەكە/ = پیاوەكە (وشەیەكی سەربەخۆ لەڕووی واتاوە و ناسەربەخۆ لـەڕووی ستراكچـەرەوە، واتای (پیاو)ی لە نەناسراوەوە گۆڕی بۆ ناسـراو، چـونكە پاشـگری سینتاكسـی /-ەكـە/ واتـای دیـاریكردن دەبەخشێت. بە هەمان شێوە لەسەرو وشەشەوە واتا هەیە لە ئاستی فرێز و ڕستە و دەقدا، بـەلاٌم واتـای فرێز و ڕستە و دەقەكان هەر لـە واتـای وشـەكان پێكهـاتوون لەگـەڵ ڕەچاوكردنی چۆنیەتی ڕیزبـوونی كەرەسەكان و مەبەستی قسەكەر لەكاتی ئاخاوتنـدا، چـونكە دەشـێت وشـەیەك لـە چوارچێوە و سـیاقی ڕستەكاندا زیاد لە واتایەكی بدرێتە پاڵ، كە ئەمەش دەچێتە بواری پراگماتیكەوە، چونكە واتای ——

پراگماتیکی بریتییە لە (واتای سیمانتیکی + دەوروبەر).

1- پیاوەکە سەگەکەی ڕاونا.

2- سەگەکە پیاوەکەی ڕاونا.

لەم دوو ڕستەیەدا واتای وشەکان بە جیاجیا هەمان واتای فەرهەنگین، بەڵام لەکاتی بەکارهێنانیان لەڕستەدا و چۆنیەتیی ڕێکخستن و پاش و پێشخستنی کەرەسەکان لە چوارچێوەی ڕستەکەدا دوو واتای جیاوازیان هەیە. واتە لە ڕستەی یەکەمدا (پیاوەکە) ئەرکی (سەبجێکت)ی بینیوە و کردەوەیەکی ئەنجامداوە، کە ڕاونانی سەگەکەیە، هەروەها (سەگەکە) وەك (ئۆبجێکت/بەرکار) ڕووداوەکەی لەسەر جێبەجێبووە. کرداری (ڕاونا) لە هەردوو ڕستەکەدا هەر ڕووداوە و بۆ تەواوکردنی واتای ڕستەکە پێویستی بە (بکەر و بەرکار) هەیە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا واتاکەی پێچەوانە بووەتەوە و (سەگەکە) ئەرکەکەی گۆڕیوە و بووە بە (سەبجێکت/بکەر) و کردەکەی ئەنجامداوە، (پیاو)ەکەش بووە بە(ئۆبجێکت/بەرکار) و ڕووداوەکەی لەسەر جێبەجێبووە. واتە بەگۆڕینی شوێنی کەرەسەکان لەڕستەکەدا (بکەر، بەرکار، کردار)، واتای ڕستەکەش دەگۆڕێت.

هەر لەم ڕوانگەیەوە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان فۆرم و ناوەڕۆك پێویستە ئەوەش بخەینەڕوو، کە جاری وا هەیە یەك واتا بە زیاتر لە فۆڕمێك، یاخود بە زیاتر لە هێمایەك دەردەبڕێت و کۆنکرێت دەکرێت، کە ئەمەش پێی دەوترێت سینۆنێم/ هاوواتا، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە دوو جۆر سینۆنیمی جیاواز دەخەینەڕوو:

یەکەم/ **سینۆنێمی سیگنیی فاکت**: دیارترین جۆری سینۆنێمە، کە یەکە واتاییەکان بەشێوەی گروپ یەك چەمك دەردەبڕن، بەڵام بەپێی ئەو تایبەتمەندییانەی لە چوارچێوەی چەمکەکەدا هەن، لێك جیادەبنەوە. (شیروان حوسێن: 2011: 68)[1]، واتە ئەم جۆرەی سینۆنێم دەربڕی چەمکی گشتییە و زیاتر لەگەڵ مۆرفیمە بەندەکاندا (لێکسیکی و گراماتیکی)یەکان دەردەکەوێت، چونکە ئەم مۆرفیمانە لە شێوەی گروپ دان. بۆ نموونە وەك: مۆرفیمە لێکسیکییەکانی (ناوی شوێن، ئەبستراکتییەکان، پیشە، بچووککردنەوە،.......هتد)، مۆرفیمە گراماتیکییەکانی (ناسراوی، کۆ، کاتی ڕابردوو، نەناسراوی.......هتد) هەریەك لەم جۆرە مۆرفیمانە هەموویان لەدەوری یەك چەمك کۆدەبنەوە و دەبنە دەربڕی بەشێك لە واتای چەمکە گشتییەکە. واتە لە دابەشکردنێکی تەواوکەرانە دان. وەك:

**ناوی ئەبستراکت**: (/-ی/، /-ایی/، /-ایەتی/، /-ێتی/، /-ێنی/، /-ەتی/، /-یەتی/، /-ا/، /-ە/، /-انە/)

**ناوی بچووککردنەوە**: (/-یلکە/، /-ۆلکە/، /-یلە/، /-ڵە/، /-وولە/، /-لە/، /-کەلە/، /-چە/، /-ۆچکە/، /-یژە/، /-چکە/، /-ەك/، /-کە/، /-ۆکە/، /-ە/، /-وو/) (سازان زاهیر: 2009: 48).

**کاتی ڕابردوو**: (/-ا/، /-د/، /-وو/، /-ی/، /-ت/).

---

1- وەریگرتووە لە (ستیپانۆڤ: 1975: 34).

دووەم/ **سینۆنیمی دیناتات (ڕیفرێنت)**: ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە فاوغی فۆنەتیکییان جیاوازن، بەڵام دەبن بە ناولێنەر بەرامبەر بە کەرەستەیەك لە سروشتدا، سەرەڕای ئەوەی هەریەك لە وشەکان خاوەنی چەمکی تایبەتی خۆیانن. (سازان زاهیر: 2009: 47)1. وەك:

دەرگا: قاپی

پیاو: مێرد: شوو.............هتد

هەر لە باسکردنی سینۆنیمی سیگنیفاکتیدا باسی ئەوەمان کرد، کە ئەو گروپە مۆرفیمە بەندانە دەربڕی بەشێکی چەمکە گشتییەکەن، بۆیە لێرەدا دەمانەوێ بە کورتی ئاماژە بە چەمك بکەین و بزانین جیاوازییان لەگەڵ واتادا چییە، "لەگەڵ ئەوەدا، کە بە شێوەیەکی چڕوپڕ واتا بە چەمکەوە بەستراوەتەوە، نابێت بە یەکتری یەکسان بکرێن، چونکە یەکەمیان کەتیگۆرییەکی زمانییە و دووەمیشیان (هۆشیی)یە. واتە چەمك دانەیەکی مێشکە ڕەنگدانەوە و (ئینعیکاسی) نیشانەی گشتی و گرنگی شت و مەك و دیاردە لە واقیعدا دەکات." (فاروق عومەر سدیق: 2011: 28)، یاخود "چەمك: concept واتایەکە لە زەیندایە، یان وێناکردنی شتێکە لە عەقڵدا، کە بوونێکی ڕیاڵیتی لە دەرەوەی عەقڵ هەبێت و تێگەیەکی بدرێتەپاڵ." (ئارام قادر: 2010: 50). واتە چەمك دەرنابڕێت، بەڵکو ئەوەی دەردەبڕێت واتایە، چونکە واتا دەربڕی بەشێکی چەمکەکەیە، بۆ نموونە چەمکی (ناوی شوێن) لە زمانی کوردیدا لە ڕێگەی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی (/-ستان/، /-ەڵان/، /-دان/، /-ان/، /-جاڕ/) دەردەبڕرێن، واتە هەریەکە لەم مۆرفیمانە هەڵگری بەشێك لە واتای چەمکە گشتییەکەیە و بەهۆی ڕێکەوتنی کۆمەڵەوە ئەم پاشگرانە بۆ دەربڕینی چەمکی ناوی شوێن لەگەڵ ناوە جیاوازەکاندا بەکاردەهێنرێن و لە دابەشبوونێکی تەواوکەرانەدان. وەك:

کورد + /-ستان/ = کوردستان.

قامیش + /-ەڵان/ = قامیشەڵان.

گوڵ + /-دان/ = گوڵدان.

گەرم + /-ان/ = گەرمیان.

هەروەها کاتینیلسۆن چەمکی بەم شێوەیە، بەسەر دوو جۆردا دابەشکردووە: (فاروق عومەر سدیق: 2011: 31).

**یەکەم**: ئەو جۆرەیە، کە تێکڕای زانیارییەکانی مرۆڤ دەربارەی ئەو شتە دەگرێتە خۆی. ئەو زانیارییانەش جیاوازن، بە پێی جیاوازی خەڵکی، وەك ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیری، سروشتی پیشە و تایبەتێتی تریش. ئەم چەشنەیان دەشێ بە چەمکی گشت لا ناو ببرێت.

**دووەم**: ئەمەیان لای هەموو ئەندامانی قسەکەرانی کۆمەڵێك کە بە زمانێك بدوێن، وەك یەك وایە، ئەم

1- وەریگرتووە لە (ستیپانۆڤ: 1975: 34).

چەشنەیان بە تەنیا کەمترین و گشتیترین و لە هەمان کاتیشدا، تایبەتیترین نیشانە، کە پێویست بن، بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان شت و مەك بە دەستەوە، دەدەن، کە دەکرێت بە چەمکی یەك لا یان شێوە چەمك ناوبرێت.

واتە جۆری یەکەمیان دەتوانین بڵێین زانیاریی گشتی مرۆڤە لەسەر چەمکێکی دیاریکراو دوور لە دەست نیشانکردنی سنوور، بۆ نموونە چەمکی (ژن) لای هەموو مرۆڤێك خاوەنی سیما واتاییەکانی (+مرۆڤ، +هەراش، –نێر) ە، بەلاّم واتای هەمان چەمك لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر، تەنانەت لەناو یەك کۆمەڵگاشدا لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر بەپێی پلە و پایەی ڕۆشنبیری و دونیابینی و تێڕوانینیان تا ڕادەیەك جیاوازە، واتە بە حوکمی ئەوەی مرۆڤ و کۆمەڵگە بەردەوام لەگۆڕاندان و کاریگەرن بە دەوروبەر و قۆناغە جیاوازە مێژووییەکان کاریان تێدەکات، بە هەمان شێوە تێڕوانین بۆ واتای چەمکەکانیش دەگۆڕێت و لەگەڵ گۆڕانەکانی سەردەمدا هەڵدەکات. بۆ نموونە ئەگەر واتای چەمکی (ژن) وەرگرین دەبینین چەمکەکە هەمان چەمکە (چەمکە گشتییەکە)، بەلاّم هەر گۆمەڵگایە و تێڕوانینی خۆی هەیە بۆ ئەم چەمکە، کە دەتوانین بڵێین ئەم تێڕوانینە جیاوازانە دەچنە ژێر خانەی چەمکی یەك لا، یان شێوە چەمك. هەر بۆیە (فاروق عومەر سدیق) دەڵێت: "ناوی جنسی ژن لە چەند زمانێکدا، لەسەر بناغەی نیشانەیەکی تایبەتییە، واتە شێوە چەمکیان جیاوازە لە یەکتری، بۆ نموونە: لە لاتینیدا، (femina) شێوە چەمکەکەی (بەخێوکەر)ە، هەر لەم زمانەدا، (mulier) شێوە چەمکەکەی (ناسك)ە. لە هندی کۆندا، (-stri بەرهەمدار)ە، لە زمانی گریکیدا، (potnia کەیبانوو)ە، لە ئەڵمانیدا (weib ڕەنجدەر، یا ئیشکەر)ە". (فاروق عومەر سدیق: 2011: 38).

کەواتە لەکۆتاییدا دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کەوا ئەبستراکت لە هەموو ئاستە جیاوازەکانی زماندا بوونی هەیە و وەك بیرۆکە لە زماندا کاردەکات، هەر لەئاستی دەنگەوە، کە فۆنیمەکان و سیستەمی فۆنۆلۆجی زمانەکە لەخۆدەگرێت، هەروەها لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا مۆرفیمەکان و و یاساکانی چۆنیەتی پێکهێنان و دروستبوونی وشەکان، لە ئاستی سینتاکسیشدا قاڵبەزمانییەکان و یاساکانی ڕۆنان و پێکهێنانی فرێز و ڕستەکان دەگرێتەوە، ئەمە جگە لەئاستی واتاسازی، کە لایەنی واتای وشەکان و ناوەڕۆك و سیماجیاکەرەوەکانی هەر وشەیەك بە ئەبستراکتی و لە مێشکی مرۆڤەکاندا هەڵگیراون.

# بەشی دووەم:

# چەمکی پێز و مۆرفیمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت

## 1/2 بەرهەمهێنان: production

بەرهەمهێنان بە واتا گشتییەکەی بریتییە لە: " پرۆسەی گەشەکردن یان دروستکردنی خۆراك و کەلوپەل و ماددە بە تایبەتی، بەشێوەیەکی فراوان. وەك: بەرهەمی (گەنم و ڕۆن و ئۆتۆمبێل)، یاخود کار و پرۆسەی دروستکردنی شتێکە بەشێوەیەکی سروشتی." (Wehmeier: 2006: 1203).

کەواتە بەرهەمهێنان بە واتا گشتییەکەی بریتییە لە هەوڵ و تەلاشی مرۆڤ بۆ پەرەپێدان و دروستکردنی پێداویستی ژیانی خۆی لەسەرجەم بوارە جیاوازەکاندا، چونکە پێویستی مرۆڤ وا دەکات مرۆڤەکان بە دوای داهێنان و دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی شتی نوێدا بگەڕێن و هەوڵ بدەن بە کەمترین تێچوون زۆرترین بڕی بەرهەمیان دەست بکەوێت، واتە هەر لە سەرەتای گەشە و فراوانبوونی ژیانەوە مرۆڤەکان بە ڕێگە جۆراو جۆرەکان لە هەوڵی دۆزینەوە و دابینکردنی پێویستییە سەرەتاییەکانی ژیانیاندا بوونە، بەلاّم لەگەڵ گۆڕانەکان و بەرەو پێشچوونی عەقڵیەت و بیر و شارستانیەتی مرۆڤایەتی پێویستییەکان و خواست لەسەر بەرهەم و داهێنانی نوێ زیادبووە و مرۆڤ بەردەوام هەوڵی بەرهەمهێنانی داوە.

کەواتە بەرهەمهێنان (production) لە بواری زمانەوانیشدا بریتییە لە " چالاکی بەکارهێنانی زمان لە قسەکردن و نووسین و دانانی هێماکاندا، ئەم بیرۆکەیەش ئاسایی جیاوازە لە تێگەیشتن و درکپێکردن." (Crystal: 1992: 314)، واتە بریتییە لە هەوڵی مرۆڤ بۆ بەرهەمهێنانی زمان، چونکە لە گرنگترین ئەرکەکانی زمان بریتییە لە پرۆسەی پەیوەندیکردن – لەیەکگەیشتن (communication)، واتە مرۆڤ هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە لە هەوڵی دۆزینەوە و گەڕاندا بووە، بە شوێن کەناڵێکدا بۆ دەربڕین و گوزارشتکردن لە بیر و پێویستی و حەز و ئارەزووەکانی خۆی، ئەم کەناڵەش بێگومان زمانە، بەلاّم بەرهەمهێنانی زمان جیاوازە لە بەرهەمهێنان و دروستکردنی شتومەك و کەرەسە، چونکە زمان دروست ناکرێت، بەڵکو مەبەستمان لە بەرهەمهێنانی زمان لە لایەن مرۆڤەوە بریتییە لە پرۆسەی خستنەتەکیەکی دانەکانی زمان لە بچوکترین یەکە (unit)ەوە، کە دەنگەکانن بۆ گەورەترین دانە لە ئاستی سینتاکسدا، کە ڕستەکانن بە مەبەستی تێگەیشتن لە واتای دەربڕاو و هێماکان، واتە بەرهەمهێنان لە زماندا بریتییە لە جێبەجێکردنی یاساو ڕێسا زمانەوانییەکان لە ئاستی فۆنۆلۆژی تا ئاستی سینتاکس و ڕەچاوکردنی لایەنی ڕێزمانی و واتایی، چونکە مەرج نییە هەموو فۆرمێکی ڕێزماندروست لە هەمانکاتدا واتا دروستیش بێت، چونکە ئەگەر واتا دروست نەبێت، ئەوا (لۆجیك/ مەنتق) ڕێگە بە بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە ڕستانە نادات. بۆ نموونە لە ڕستەکانی:

1- ئازاد نان دەخوات. ................................ (ڕێزمان دروست، واتا دروست).
2- *ئازاد بەرد دەخوات. ...............................(ڕێزمان دروست، واتا نا دروست).

كەواتە بەرهەمهێنان لە زماندا وەك وتمان لە بچوكترین دانەوە، دەست پێدەكات، كە دەنگە و دەخرێنە پاڵ یەك بۆ دروستكردنی وشە و مۆرفێمەكان و دواتر خستنەپاڵیەكی ئەم وشە و مۆرفێمانە بۆ دروستكردنی فرێز و ڕستەكان و دواتر تێگەیشتن لە وشەو ڕستە دەربڕاوەكان. بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتر ئەم نموونەیەی خوارەوە بە هێڵكاری دەخەینەڕوو، كە لە بچوكترین یەكەوە دەستپێدەكات تا ئاستی سیمانتیك، كە بریتییە لە واتای ڕستەكە، بەم شێوەیە:




كەواتە لەم هێڵكارییەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، كەوا " زمانەكانی مرۆڤ پێڕەوی نادیاری كردەی پەیوەندی – لەیەكگەیشتنن abstract systems of communication و هەریەكەیان لە پێڕەوی زۆر بەرز لە یاساو پەیوەندی پێكهاتووە، كە ڕێگەی خستنەتەكیەكی مۆرفیمەكانن بۆ دروستكردنی وشەكان و هۆی خستنەتەكیەكی وشەكانن لە بۆ دروستكردنی ڕستەكان و تەنانەت بۆ وشە و ڕستەی گەلێك ئاڵۆزیش. بەڵگەكان لەم ڕاستیانەوە دێن، كە زمانی مرۆڤ بەبەرهەمە و كە زمانێكی سەرەتایی و بەرایی نییەو پێڕەوی هەر زمانێكیش چڕو ئاڵۆزە." (محەمەدی مەحوی: 2010: 125). هەر بۆیە بۆ زیاتر ڕوونكردنەوە هەوڵ دەدەین بەرهەمهێنانی وشەی نوێ لە زماندا بە یاسایەكی گشتیی بخەینەڕوو، كە بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژەی بۆ دەكەین:




**دار+ بەڕوو = داربەڕوو**

**كورد + /-ستان/ = كوردستان**

## 2/2 بەپێزی پەیوەست بە بەرهەمدارییەوە:

مرۆڤ لەگەڵ زیادبوونی خواستەکانی بۆ شتە جۆراوجۆرەکان، لە هەوڵی دۆزینەوە و بەدەستهێنانی ئەو پێداویستییانە و پڕکردنەوەی ئەو حەزانەی خۆیدایە. بۆیە کاتێك باسی چەمکی بەپێزی دەکەین دەبێت ڕاستەو ڕاست واتای ئەم چەمکە بە بەرهەمداری و بەرهەم زۆرییەوە ببەستینەوە، چونکە دەتوانین بڵێین پەیوەندییەکی هەمبەری و تەواوکەرانە لە نێوان واتای هەردوو چەمکی (بەپێزی و بە بەرهەمی)دا هەیەو زۆری بەرهەم و بەدەستهێنانی سوودو قازانجێکی زۆر لە بوارێکی دیاریکراودا ئاماژەیە بۆ بەپێزی ئەو شتە لەو بوارەدا. وە کەمی بەرهەمیش پێچەوانەکەی دەسەلمێنێت.

واتە بەپێزی (productivity) تەنها تایبەتمەند نییە، بە بوار و زانستێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو هەر لەبواری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و پیشەسازی و زانستی و بواری تەکنیکی و تەنانەت بواری زمانەوانی و .......هتد، هەموویان قسەی خۆیان هەیە لە سەر ئەم چەمکە، واتە چەمکی (بەپێزی).

چەمکی بەپێزی چەمکێکی گشتگیرە و هەر بوار و زانستێك بەپێی تێڕوانینی خۆی شرۆڤە و شیکاری دەکات، ئەوەی هەیە لە خاڵێکدا هاوبەشن ئەویش بریتییە لە زۆری بەرهەم و دەستکەوتنی سوود و قازانجێکی زۆر. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە "دەتوانرێت لەسەر بنەمای ڕێژەی ئەو بەرهەمانە، پلەو ئاستی بە پێزییان دیاری بکرێت. واتە بەپێزی، گوزارشت لە دیاریکردنی جیاوازی ڕێژەی بەرهەم و ئەنجامی کۆتایی کارەکان دەکات، کە پەیوەستە بە ڕادەو بڕی ماددەی بەرهەمهاتووەوە." (سازان زاهیر: 2009: 5).

بەشێوەیەکی گشتی چەمکی بەپێزی دەشێت سەرەتا لەبواری کشتوکاڵیدا بەکارهاتبێت، بە حوکمی ئەوەی مرۆڤایەتی پاش دۆزینەوەی کشتوکاڵ و نیشتەجێبوون و دروستکردنی خانوو بۆ مانەوە و تێدا ژیان و وازهێنان لە ژیانی کۆچەری و ڕاوشکاری، بۆ دابینکردن و مانەوەی ژیانی خۆی خەریکی کشتوکاڵ بووە، کە دەگونجێت سەرەتا مرۆڤ هەر بایی پێویستی ژیانی خۆی کشتوکاڵی چاندبێت، بەڵام لەگەڵ گۆڕانە بەردەوامەکانی ژیان و زۆربوونی پێویستییەکانی مرۆڤ و هاتنەئارای بازرگانی و ئاڵ و گۆڕی کەلوپەل و شمەك، لێرەوە دەتوانین ئاماژە بۆ ئەو خاڵە بکەین، کەوا مرۆڤ لەهەوڵی گەڕان و دۆزینەوەی نهێنی زۆربوون و بەپێزی ئەو دانەوێڵانەدا بووبێت، کە چاندوونی لە نموونەی: (گەنم و جۆ و..........هتد)، واتە لێرەوە دەتوانین بڵێین: تێکەڵاویی و لێکنزیکبوونەوەی مرۆڤەکان و بازرگانیکردن بووەتە هۆی ئەوەی مرۆڤ هەوڵبدات ئەو بەرهەمەی دەیچێنێت زۆری بکات و خزمەت و چاودێری زیاتری بکات، تاوەکو بەپێز و پڕبەرهەم، یاخود بە بڕشت بێت.

ئـەم چـەمکە (بـەپێزی) لـە سـنوورێکی دیـاریکراوی کشـتوکاڵی یـان ئاژەڵداریـیـەوە دەپەڕێتـەوە بـۆ سنووری زانستەکانی تر و بەتایبەت بواری پیشەسـازی و تـەکنیك و ......هتـد ئـیتر لێـرەوە کـار لەسـەر زۆربوونی کاڵاو کەل و پەلە بازرگانی و خـۆراکیی و تەکنیکییـەکان دەکرێـت و زاراوەی بـە پێزیـیـان بـۆ بەکاردەهێنرێت. واتـە کاتێـك قسـە لەسـەر بـەپێزی شـتێکی دیـاریکراو دەکرێـت، کـە ئـەنجام و سـوودە بەدەستهاتووەکانی ئەو بوارە زۆر و بەرهەمدار بووبێت، چونکە وەك وتمان چـەمکی بـەپێزی ڕاسـتەخۆ بە بەرزبوونەوە و زۆربوونی بەرهەمەوە گرێدراوە.

## 3/2 بەپێزی لە زماندا:

ئێمە پێشتر چەمکی بەپێزییمان بە شێوەیەکی گشتی لـە چوارچێوەی زانسـت و بـوارە جیاوازەکـانی تری ژیاندا ڕوونکردەوە و تا ڕادەیەك تیشکمان خستە سەر ئەم چـەمکە و گفتوگۆمـان لـە بـارەوە کـرد. ئێستاش دەمانەوێت سنووری بەکارهێنانی ئەم چەمکە دیاریبکەین و لەچوارچێوەی زمانـدا قسەوباسـی لەسەر بکەین و بزانین تایبەتمەندی و تێڕوانینـی زمانـەوانان بـۆ ئـەم چـەمکە: (بـە پێـزی) لـە زمانـدا چـییە؟، چـونکە بـە شـێوەیەکی گشـتی بـە پێـزی لـە زمانـدا بریتییـە لـە چـۆنیەتی ڕێکخسـتن و خستنەپاڵیەکی کەرەسەکانی زمان بۆ بەرهەمهێنانی وشە و دەربڕاوی نوێ لە زماندا و تێگەیشتنی ئـەو دەربڕاوانە، هەرچەندە هەندێ لێکۆڵینـەوە ئـاماژە بـە بـەپێزی دەکـەن لـە ئاسـتە جیاوازەکـانی زمانـدا، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی باس لە ئاستی مۆرفۆلۆژی دەکرێت و زیاتر چەمکی بەپێزیی بەم ئاسـتەوە گرێ دەدرێت، بۆیە ئێمەش تەنها لەسنووری توێژینەوەکەماندا و لـە ئاسـتی مۆرفۆلۆژیـدا ڕادەوەسـتین. لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئـەوەش بکـەین، هـەروەك چـۆن پێشـتر ڕوونمـانکردەوە هـەردوو زاراوەی (بـە بەرهەمی:بەپێزی) پەیوەست بە یەك ڕادەگرین و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەرهەمی یاسایەکی زمانەوانی ڕاستەوخۆ بەپێزی ئەو یاسایە لە هێنانـە بەرهـەمی کەرەسـەی نوێـدا دەخاتـەڕوو. پێچەوانەکەشـی بـە هەمان شێوەیە.

لـە تێڕوانینـە نوێیـەکانی زمانەوانیـدا، "**چۆمسـکی** ئامـاژەی بـە زاراوەی بـە بەرهـەمی کـردووە و پەیوەسـتی کـردووە بـە چـۆنیەتی زمانپژانـدنی منـداڵ، ئـەو ڕاسـتییەی، کـە منـداڵ هـەر لـە قۆناغـە سەرەتاییەکانی ژیانیدا لە باریدایە و لە توانایدایـە ئـەو دەربڕاوانـە بەرهـەمبهێنێت، کـە لـەوە و پـێش نەیبیستوون". (محەمەدی مەحوی: 2001: 40).

**فاسۆڵد** دەڵێت: " بەرهەمـداری تایبەتمەندییـەکی بنـەڕەتی زمـانی مرۆڤـە، کـە بەهۆیـەوە دەتوانرێـت ژمارەیەکی بێکۆتا لـە واتـای نـوێ، بـە لێکـدانی ئـەو فۆڕمانـەی لـە زمانـەکەدا هـەن، بـە گـوێرەی یاسـاو ڕێساکانی زمانەکە ڕۆبنرێن." (سازان زاهیر: 2009: 7).1

---

1- وەریگرتووە لە (Fasold: 2006: 512).

**کریستاڵ** بەم شێوەیە باسی بەپێزی دەکات: " توانای بەکارهێنەری زمانە بۆ بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی ژمارەیەکی زۆر و بێشوماری ڕستەکان، ئاماژەش بە (creativity – داهێنان) دەکات و لە ڕووبەرێکی دیاریکراوتر/بەرتەسکتردا تایبەتمەندی دەکات بە زمانی مرۆڤەوە." ( Crystal: 1992: 314).

**محەمەدی مەحوی** بەم شێوەیە لە زاراوەی بە بەرهەمی دەدوێت: " توانای دروستکردنی وشەی نوێی تەرزە – وشە دروستکردنێك a pattern of word building ، بە ڕەچاوکردن و حسابکردنی کاتەوە، ناونراوە >>بەبەرهەمی<<. (محەمەدی مەحوی: 2010: 276).

کەواتە بەپێزی لە زمانی مرۆڤدا پەیوەستە بە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو توانا سروشتییەی مرۆڤەکان بۆ بەرهەمهێنان و دەربڕینی وشە و ڕستەی نوێ، واتە شارەزایی و لێهاتوویی زمانیی مرۆڤ دەگرێتەوە لە بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی دەربڕاوی نوێدا، بۆ نموونە چۆنیەتی بەکارهێنانی یاساکانی مۆرفۆلۆجی لە دروستکردن و بەرهەمهێنانی وشەی نوێدا، یاخود چۆنیەتی خستنەپاڵیەکی کەرەسە سینتاکسیەکان، بۆ بەرهەمهێنانی ڕستە و دەربڕاو گەلێك، کە پێشتر وەك چۆمسکی دەڵێت مرۆڤ نەك نەیبیستووە، بەڵکو هەر نەشی درکاندووە. هەروەها بەپێزی لە زماندا تەنها پەیوەست نییە بە زمانێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو هەموو زمانەکان بەپێزن و خاوەنی ڕۆنانێکی ڕێکوپێك و ئاڵۆزن لەم بارەیەوە **محەمەدی مەحوی** دەڵێت: "کاتێك دەربارەی بە بەرهەمی دەدوێین و گفتوگۆدەکەین، پێویستە ئەوەمان لا ئاشکرابێت، کە توانای بەرهەمهێنانی دەربڕاوە نوێکان بۆ نرخاندنی ڕژێمەکانی زمان سەنگی مەحەك نییە و ڕۆڵی سەرەکی نابینێت؛ نەگوتراوە و نایشگوترێ ئەم زمانە چالاکترە لەو زمانە و ........ چونکە هەموو زمانەکان بە بەرهەمن." (محەمەدی مەحوی: 2001: 40). واتە هەموو زمانەکان خاوەنی یاسا گراماتیکییەکان، کە بەشێوەی ئەبستراکتی لە مێشکدا هەڵگیراون و توانستی زمانەکەن، ئەوەی کە چۆمسکی بە (یونیڤێرساڵ گرامەر) ئاماژەی بۆ دەکات و بریتیین لە (سابجێکت و ئۆبجێکت و ڤێرب)، کە زمانەوانی ڕووس (ستیپانۆڤ) بە بیری ئەبستراکتی دەیانناسێنێت و دەڵێت هەموو زمانەکان خاوەنی ئەم بیرە ئەبستراکتییانەن. بەڵام دەتوانین بڵێین جیاوازییەکە لە بەکارهێنان و چۆنیەتی کۆنکرێتکردنی ئەم بیرانەدایە، چونکە مرۆڤەکان بۆ گوزارشتکردن لە دیاردە و ڕووداوەکانی دەوروبەریان و دەربڕینی ڕستەکان پەیڕەوی یاسا تایبەتییە زمانەوانییەکانی خۆیان دەکەن. واتە بەپێزی لە زماندا پەیوەستە بە توانای بەکارهێنانی زمان لە لایەن مرۆڤەکانەوە بۆ گوزارشتکردن لە دیاردە نوێیەکان و توانای شیکردنەوەی ئەو ڕستانەی کە گوێی لێدەبێت و تێگەیشتن لە دەربڕاوە نوێیەکان، کە پێشتر نەیبیستووە و نەشیدرکاندووە، کە ئەمەش دەلالەتی ئەو ڕاستییەیە، کە زمانی مرۆڤ بە پێزە لە بەرهەمهێنانی وشە و ڕستە و واتای نوێدا، لە بەرامبەر دیاردە و ڕووداوە نوێیەکان.

## 4/2 بەپێزی لە مۆرفۆلۆژیدا:

لە سەرچاوەکاندا بەشێوەیەکی بەرچاو ڕای جیاواز دەبینرێت دەربارەی وشەی (productive – بەرهەمدار)، بۆ نموونە هەندێ لە توێژەرەکان پێیان وایە، کە پاشگر و پێشگرەکان (affixes)ەکان بەپێزن، بەڵام کۆمەڵێکی تریان پێیان وایە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان بە بەرهەمن، بەشێکیی تریان ڕایانوایە، کە ئەوە یاساکانن بە بەرهەمن، هەروەها بەشێکی کەمیشیان پێیانوایە، کە ئەوە وشەکانن بە پێزن، لەگەڵ هەموو ئەم ڕایانەشدا هەندێکی تریان دەڵێن بەشێوەیەکی گشتی بە پێزی سیفەتێکی سیستەمی زمانە. (Bauer:2004:12).

لەڕوانگەی ئەم پێشینەیەوە، پەیوەست بە لاگرە داڕێژەکانەوە هەوڵدەدەین گرنگی بەو ڕایە بدەین، کەوا پێی وایە، پێشگر و پاشگرەکان (ئەفێکسەکان) بە پێزن، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە ڕایەکانی تر ناڕاست بن، چونکە دەتوانین بڵێین بە پێزی تێکەڵەیەکە لە ئەفێکسەکان و پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان و یاسا و وشەکانیش، هەربۆیە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین، کە زمان وەك ئامێری گرنگی پەیوەندی و لەیەکگەیشتن بۆ گوزارشتکردنی بیری مرۆڤەکان و دەربڕینی گۆڕانەکانی ناو کۆمەڵ پێویستی بە بەرهەمهێنان و دروستکردنی وشەی نوێیە لە زماندا، ئەمەش پەیوەستە بەداهێنانە نوێیەکانی بوارە جیاوازەکانی ژیان، وەك بواری زانستی و تەکنەلۆژیای نوێ......هتد، چونکە ئەم بەرهەمە نوێیانە پێویستیان بە ناونان هەیە، جا بۆ ناونانی ئەو هەموو گۆڕانکاری و داهێنانە نوێیانەی مرۆڤایەتی دەبێت وشەی نوێ وەربگیرێت لە زمانێکی ترەوە، یاخود لەسەر بنەمای وشەی زمانە دایکەکە بە یارمەتی یاساو ڕێسا زمانییەکان وشەی نوێ دابڕژرێ، یاخود لێکبدرێ، "چونکە ئێمە هەر لە منداڵیەوە لەگەڵ فێربوونی وشەکانی زماندا فێری ئەو یاساو دەستورانەش دەبین، کە وشەیان پێ دروست دەکرێ و دادەڕێژرێ، واتە زمان هەمیشە لە گەشەکردندایە و بە وشەی نوێ دەوڵەمەندتر دەبێت، ئاشکرایە، کە بۆ ئەمە، بە شێوەیەکی سەرەکی ئەو کەرەستەیە بەکاردەهێنرێ، کە لەو زمانەدا هەیە. لە سەرێکەوە وشەی حازر بەدەست هەن، لە سەرێکی دیکەوە کەرەستەی یاریدەدەر، بە تایبەتی پێشگر و پاشگر. بەم چەشنە لەو وشانەی لە زووەوە لە زماندا هەن، وشەی نوێ دروست دەکرێن". (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1975: پ)، واتە بەشێوەیەکی گشتی وشەکانی زمان دوو گروپن، کە ئەوانیش " بەشێکیان گەنجینەی وشە چالاکەکانن و بەشەکەی تر گەنجینەی وشە ناچالاکەکانن." (تابان محەمەد سەعید: 2008: 10)1

---

1- وەریگرتووە لە: (بەرانیکوڤا: 1973: 135).

کەواتە مرۆڤەکان بە پێی پێویستی و کار و چالاکی خۆیان ڕۆژانە مامەڵە لەگەڵ وشەکانی زماندا دەکەن. بۆ نموونە ئەو وشانەی، کە ئەندامن لە کێڵگە بنەڕەتییەکانی زماندا وشە چالاکەکانن و مرۆڤەکان بەردەوام بەکاریان دەهێنن و پێویستییەکانی خۆیانیان پێ جێبەجێدەکەن، بەلاّم کۆمەڵێ وشەمان هەیە، کە لە بوار و پیشەیەکی دیاریکراو، یاخود لە کاتێکی دیاریکراودا بەکاردەهێنرێن، ئەمانە وشەی ناچالاکن، بۆ نموونە وشەکانی (ڕێست، ئۆف، موحازەرە، .........هتد) لە چوارچێوەی زانکۆدا بەکاردەهێنرێن، یاخود وشەکانی (حەج، پارشێو، ڕۆژوگرتن، ......هتد) تەنها لە مانگێکی ساڵدا مرۆڤی موسوڵمان پێویستییەتی، بەلاّم وشەکانی وەك: (ئاو، دار، بەرد، دەست، سەر......هتد) وشە چالاکەکانن، "چونکە یەکەم شت، کە مرۆڤە دێرینەکان ڕووبەڕووی بوونەتەوە ئەم شتە هەستپێکراوە ماددییانە بوون. هاو وێنەی ئەمانە، پێویستیی وای لە مرۆڤ کرد، کە ئەم شتانە بناسێتەوە و ناسینیشی پاڵنەرە بۆ ئەوەی ناوی بنێت، ئەمەش لە دایکبوونی زمانە، ئەوەش کە ناوی دەنێین بۆ شتێك ڕۆژگار وایلێدەکات، کە ببێت بە دایك بۆ ناوەکانی تر. "(حاتم الضامن: 1991: 155). بۆ نموونە وشەی (ئاو)، کە ئەندامێکی سەرەکی کێڵگەیەکی بنەڕەتی وشەکانی زمانی کوردییە و بووە بە سەرچاوە (مصدر) بۆ دەیان وشەی تری وەك: (ئاودێری، ئاودان، ئاوەڕۆ، شەڕە ئاو، ماستاو، بەفراو، قوڕاو، خوێیاو، ترشاو، دێراو، .......هتد). ئەمە جگە لەوەی، کە ئەم وشەیە (ئاو) وەك زاراوەیەکی زانستی ($H_2O$)، بەکاردەهێنرێت و لە بواری ئەدەبیشدا شاعیران لە چوارچێوەی هۆنراوە و ئیدیەم و پەنددا سوودیان لێوەرگرتووە.

بۆیە بەپێزی لە مۆرفۆلۆژیدا گرێدراوی پێویستی و گۆڕانەکانی ناو کۆمەڵ و داهێنانە نوێیەکانە، کە وادەکات زمانیش بەردەوام لە گۆڕان و نوێبوونەوە و چالاکیدا بێت بۆ هەڵکردن لەگەڵ ئەو گۆڕانانە و دروستکردن و بەرهەمهێنانی وشە و دەربڕاوی نوێ، بۆ هەموو ئەو دیاردە نوێیانە. بۆیە هەوڵ دەدەین تێڕوانینی زمانەوانان لەسەر بە پێزی لە مۆرفۆلۆژیدا بخەینەڕوو:

**Aronoff** : بە پێزی لە مۆرفۆلۆژیدا بریتییە لە پەیوەندییەکی ئازاد، کە لە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیدا ڕوودەدات. بۆ نموونە وەك: (blending – تێکەڵکردن)، کە لە ئینگلیزیدا پرۆسەیەکی بە پێزە. (Aronoff: 2011: 269).

**کاتامبا** بەم شێوەیە باسی بە پێزی لە مۆرفۆلۆژیدا دەکات: " بەپێزی بە پێی زاراوەی بەگشتیکردن، ئەوەیە، کە پرۆسەی دروستکردنی وشە گشتیتر دەبێت کاتێك بەپێزتر بێت، ئەمەش لە دوو ڕوانگەوە بۆی دەڕوانێت:

1- بەپێزی کێشەی پلەیە. ئەمەش جیاوازی نێوان دوو بیرۆکەی تەواو دژ بەیەك ناگەیەنێت. چونکە هەندێ پرۆسەی دروستکردنی وشە بەپێزە و هەندێکی تریان کەم بەرهەمە.......... ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە هەندێ لە پرۆسەکان گشتیترن لەوانی تر.

2–بەپێزی بابەتێکە بەستراوە بەکاتەوە، چونکە ئەو پرۆسەیەی، کە زۆر گشتییە، لە ماوەیەکی—

مێژوویدا، له‌ دواتردا كه‌مده‌بێته‌وه‌. به‌پێچه‌وانه‌شه‌وه‌ پرۆسه‌یه‌كی نوێ له‌ سه‌ره‌تادا كاریگه‌رییه‌كی بچووكی ده‌بێت، به‌ڵام له‌ كۆتاییدا كاریگه‌رییه‌كی فراوانی ده‌بێت و ده‌چه‌سپێت." (Katamba: 2006: 68).

Lieber: "به‌ پێزی پرۆسه‌یه‌كه‌ له‌ ئاستی مۆرفۆلۆژیدا، كه‌ ده‌توانرێت به‌كاربهێنرێت بۆ دروستكردنی وشه‌ی نوێ." (R. Lieber: 2009:203).

كه‌واته‌ به‌پێزی له‌ مۆرفۆلۆژیدا گرێدراوی یاسا مۆرفۆلۆژییه‌كانه‌ له‌ دووباره‌بوونه‌وه‌ و به‌شداریكردن له‌ به‌رهه‌مهێنانی وشه‌ی نوێ بۆ ڕوودا و دیارده‌ و شته‌ نوێیه‌كان، واته‌ په‌یوه‌ست به‌ توێژینه‌وه‌كه‌مانه‌وه‌، ده‌توانین بڵێین به‌ پێزی ئه‌بستراكته‌ و به‌شێكه‌ له‌ توانستی مۆرفۆلۆژیانه‌ و توانای به‌كارهێنان و به‌شدارپێكردنی پاشگر و پێشگر و ناوگره‌ له‌لایه‌ن قسه‌كه‌رانی زمانه‌وه‌ به‌پێی یاساو ڕێسا زمانه‌وانییه‌ تایبه‌تییه‌كان، چونكه‌ له‌ كۆتاییدا ئه‌وه‌ یاسا زمانییه‌ تایبه‌تییه‌كان و قسه‌كه‌رانی ئه‌و زمانه‌ن، كه‌وا بڕیارده‌ده‌ن چ جۆره‌ ئه‌فێكسێك به‌كارده‌هێنن و كامیشیان به‌ پێزه‌، ئه‌مه‌ جگه‌له‌وه‌ی، كه‌ كۆمه‌ڵێ هه‌لومه‌رجی وه‌ك: (ڕوونی فۆنۆلۆژی و سیمانتیكی و سروشت............) یارمه‌تیده‌رن له‌ به‌ پێزی یاسایه‌كی مۆرفۆلۆژیدا.

## 5/2 پله‌كانی به‌پێزی له‌ مۆرفۆلۆژیدا:

یاساكانی دروستكردنی وشه‌، له‌ لێكدان و داڕشتنی وشه‌ی نوێدا، هه‌موویان وه‌كیه‌ك به‌ پێز نیین و به‌ یه‌ك وه‌تیره‌ ناڕۆن، به‌ڵكو هه‌ر یاسایه‌و تایبه‌تمه‌ندی و ڕاده‌و پێزی خۆی هه‌یه‌، له‌ به‌شداریكردن له‌ هێنانه‌ به‌رهه‌می وشه‌ی نوێدا، به‌رامبه‌ر به‌ دیارده‌ و ڕوودا و شته‌ نوێیه‌ به‌رهه‌م هاتووه‌كان، بۆیه‌ له‌سه‌ر بنه‌مای به‌ به‌رهه‌می و پێزی یاساكان و به‌شداریكردنیان له‌ دروستكردنی وشه‌ی نوێدا هه‌وڵ ده‌ده‌ین پله‌به‌ندییه‌ك بخه‌ینه‌ڕوو، چونكه‌ به‌پێی به‌رهه‌مداریی و ئاستی به‌ پێزییان ئه‌فێكسه‌كان له‌ داڕشتنی وشه‌كاندا كراون به‌سێ پله‌وه‌، كه‌ ئه‌وانیش: (**پڕبه‌رهه‌م، نیمچه‌ به‌رهه‌م، كه‌م به‌رهه‌م**)ن، به‌ڵام پێویسته‌ تێبینی ئه‌وه‌ش بكه‌ین، كه‌وا مه‌رج نییه‌ یاسایه‌كی مۆرفۆلۆژی پڕبه‌رهه‌م بوو ئیتر گۆڕانی به‌سه‌ردا نه‌یات و هه‌ر به‌ پڕبه‌رهه‌می بمێنێته‌وه‌، چونكه‌ زمان به‌رده‌وام له‌گه‌ڵ گۆڕانه‌كانی كۆمه‌ڵدا ده‌گۆڕێت و ده‌گونجێت ئه‌و یاسا كۆنه‌ ورده‌ ورده‌ به‌كارهێنانی كه‌م بێته‌وه‌ و یاسایه‌كی نوێ جێیبگرێته‌وه‌ و بێته‌ ناو زمانه‌وه‌ و له‌ سه‌ره‌تاوه‌ ئه‌م یاسا نوێیه‌ش ده‌شێت كه‌م به‌رهه‌م بێت، به‌ڵام به‌پێی كات و گۆڕانه‌كان و به‌كارهێنانی ئه‌و یاسایه‌ له‌ لایه‌ن قسه‌كه‌رانی زمانه‌كه‌وه‌ ورده‌ ورده‌ جێی خۆی ده‌گرێت و پڕ به‌رهه‌م ده‌بێت، " له‌مه‌وه‌ ده‌رده‌كه‌وێت، كه‌ ئێمه‌ ناتوانین به‌ ته‌واوه‌تی تێبگه‌ین له‌وه‌ی، كه‌ چی ده‌بێته‌ هۆی ئه‌وه‌ی، كه‌ یاسایه‌كی مۆرفۆلۆژی به‌رهه‌مداربێت و یاسایه‌كی تر كه‌م به‌ر-

هـەم، لەبەرئـەوە لێکۆڵـەرەوەکان پێشـنیازی تێکەڵەیـەکی ئـاڵۆزی ڕێزمـانی و کۆمەڵایـەتی و پرۆسـە سنووردارییەکان دەکەن." (Haspelmas: 2010:115). ( بـۆ نموونـە ئەفێکسـێکی وەك /-کـەر/ لـە وشەکانی (/یاریکەر/، /نانکەر/، /ڕاوکەر/،.....هتد)، لە ئێستای زمـانی کوردیـدا تـا ڕادەیـەك بەرهـەمی کەم بووتەوە و قسەکەری زمـانی کوردی لـە دارشـتنی وشـەی نوێـدا سـوودی لێوەرناگرێـت، هەرچـەندە ئەفێکسێکی کۆنی زمانی کوردییەو دەمانتوانی لەسەر بنەمای ئەم ڕەگـە وشـەی نـوێ دابرێـژین، بـەڵام بە حوکمی ئەوەی ئەم ڕەگە، لەگەڵ وشەی (/کەر/ = /گوێدرێـژ/)، هـاودەنگن و بـەکارهێنانی چـووەتە بواری واتای تابووەوە، بۆیە دەبینین ڕەگی /-زان/1 خەریکە شوێنی پێلەقدەکات و جێگەی دەگرێتـەوە، هەرچەندە ئـەم ڕەگـەش بـە نسـبەت قسـەکەرانی زمـانی کوردییـەوە ڕەگێکـی نوێیـە، بـەڵام لـە ئێسـتادا قسـەکەران بەکاریـدەهێنن و بەشـداریدەکات لـە دروسـتکردنی تـەرزێکی نـوێ لـە وشـەی نـوێی زمـانی کوردیدا، وەك: (/یاریزان، قسەزان، زمانزان، دەرونزان، درۆزان، فێڵزان، زۆرزان، لێـزان، کـارزان، کـوردی زان/،...............هتـد). هەرچـەندە هـەردوو ڕەگـی (کـەر، زان) دوو شـتی جیـاوازن و لـە هـەموو شوێنێك ناتوانین لە بری یەکتر بەکاریان بهێنین، وەك: (نانکەر، *نانزان).

هەرلەم لایەنەوە پێویستە ئاماژە بەو خاڵەش بکەین، کەوا زمانەکان لـە بـەکارهێنانی ئەفێکسـەکان لە (پێشگر و پاشگر و ناوگر)دا، هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە بـۆ بەرهـەمهێنانی وشـەی نـوێ لـە زمانەکەیانـدا لەڕێگـەی یـەکێ یـان زیـاتر لـەم ئەفێکسـانەوە، چـونکە دەشـێت زمانێـك لەڕێگـەی سۆفێکسەوە کەرەسەی نوێ بەرهەمبهێنێت، بەڵام زمانێکی تر لەڕێگەی پریفێکسەوە، یاخود لە ڕێگـەی هەردووکیانەوە واتە:(پێشگر و پاشگر)یش، یاخود تەنانـەت نـاوگر (INFEX) وەك زمـانی عـەرەبی: (کتب: کاتب). بۆیە بۆ ڕوونکردنەوەی پێز و بەرهەمی یاسـا مۆرفۆلۆژییـە دارێژەکان/دێریڤەیشـنەکان، هەوڵ دەدەین بەپێی پلەبەندییان ئاماژە بۆ هەر یەکێکیان بکەین، بەم شێوەیەی خوارەوە:

## یەکەم/ پڕبەرهەم: Full Productivity

ئێمە کاتێك باسی بە پێزی لـە مۆرفۆلۆژیـدا دەکـەین، پێویسـتە ئـەوە بـزانین، کـە هـەموو پرۆسـە مۆرفۆلۆژییەکان لە دروستکردن و هێنانە بەرهـەمی وشـەی نوێـدا وەکیـەك بـە پڕبەرهـەم نـین، بۆیـە دەڵێین لە مۆرفۆلۆژیدا ئەگەر پرۆسـەیەك بـە تـەواوەتی یاسـابەند بێـت، ئـەوا بەشـێوەیەکی چـالاك لـە دروستکردنی وشەی نوێدا بەکاردەهێنرێت. ئەم پرۆسەیەش پڕبەرهەمە. بۆ نموونە لە زمانی ———

1- پێویستە تێبینی ئەوە بکەین، کە (کەر) بریتییە لە ڕەگی (کەردەن – کردن)، نـەك پاشـگر، بـەڵام لـەم ڕووەوە، وەك پاشگرە دارێژەکان ڕۆڵی ڕۆنانی ناوی دارێژراو دەبینێت، واتە وەك ئەفێکسێك لەگەڵ وشەی تردا واتـای نـوێ دادەرێـژێت، بۆیە لێرەدا وەك (پاشگر) تەماشامان کردووە، هەروەها (زان)یش، کە ڕەگی (زانین)ە، هەمان تایبەتمەندی هەیە.

ئینگلیزیـدا پاشـگری /ness–/، پاشـگرێکی پـڕ بەرهەمـە و بەشـداری دەکـات لـە داڕشـتنی نـاوی ئەبستراکتدا لە ئاوەڵناوەوە. وەك: (happiness, niceness, gloriousness)، ئەمەش جیاوازە لە پاشـگرێکی کـەم بەرهـەمی وەك / th–/، کـە دەچێتە سـەر چـەند وشـەیەکی کـەم وەك: (health – تەندروسـتی، wealth – سـامان، stealth – دزەکـردن) :J. C. Richards and R. Schmidt:2010 .(463)

هاوکات لە زمانی کوردیشدا ئەفێکسەکان لەڕووی بەپێزییەوە لەکاتی داڕشتن و دروستکردنی وشـەی نوێدا جیاوازن و زمانی کوردی جگەلەوەی، کـە بەشـێوەیەکی سـەرەکی پاشـگرەکانی بەرهەمـدارترن لـە داڕشـتنی وشـەی نوێـدا وەك لـە پێشـگرەکانی، لـە هەمانکاتـدا لـەناو پاشگرەکانیشـدا ڕادەی پێـز و بەرهـەمیان جیـاوازە و هـەموو پاشـگرەکان وەکیـەك توانـای بەشـداریکردنیان نییـە لـە بەرهـەمهێنانی وشـەی نوێـدا، بـۆ نموونـە مۆرفێمـە لێکسـیکییەکانی، کـە بەشـدارن لـە داڕشـتنی نـاوی ئەبسـتراکتیدا هـەموویان وەکیـەك بـە پڕبەرهـەم نـین و دەتـوانین بڵـێین: " تـەرزە مۆرفۆلۆژییـەکان یـان یاسـا مۆرفۆلۆژییـەکان وەك یاسـای لکانـدنی پاشـگری /-یـی/، /-ەتیـی/، لـە زمـانی کوردییـدا (/عەسـکەریی، پیاوەتیی/)، دەتوانرێن بۆ داهێنانی وشەی نوێ بەکاربهێنرێن، دەشێ بە بەرهەم productive بـن." (محەمـەدی مـەحوی: 2010: 278). هـەر سـەبارەت بـە بەرهەمـداری پاشـگرە داڕێـژەکانی نـاوی ئەبسـتراکت (ئـەوڕەحمانی حـاجی مـارف) دەڵێـت: " مـۆرفێمی (ایـەتی) لـە زمـانی کوردیـدا پاشـگرێکی چالاکە و یاریدەی داڕشتنی دەیان وشەی داوە، وەك: ((کوردایەتی، دۆستایەتی، دوژمنایەتی، خزمایەتی، دەروێشـایەتی.....")، (ئـەوڕەحمانی حـاجی مـارف: 1977: 29)، بـەڵام پاشـگری /-ە/، یـان /-ا/، کـە ئەمانیش دەچنە سەر ئاوەڵناو و ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو دروستدەکەن کەم بەرهەمن وەك: (/چاکە، خراپە، گەرما، سەرما/).

کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو خاڵەی، کەوا ڕێژەی بەشداریکردنی هەرپاشگرێك لـە داڕشـتن و ڕۆنـانی ژمارەیەکی زیاتری وشەی نوێ و دروستکردنی کەرەسەی نوێ بۆ زمـان و دەوڵەمەنـدکردنی فەرهـەنگی زمـان و توانـای دووبارەبوونـەوەی پاشـگرەکان لـە وشـەکاندا و گـۆڕینی فـۆرم و واتـای وشـەکان، ئەمانـە هەموو گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن، کەوا ئەو پاشگرە پڕبەرهەمە.

## دووەم/ نیمچە بەرهەم: Semi -- Productivity

هەروەك چۆن ئەفێکسی وامان هەیە، پڕبەرهەمە و بەشدارییەکی چالاکی هەیە لە داڕشـتنی وشـەی نوێدا بە هەمان شێوە ئەفێکسیشمان هەیە، کە پلـەی بەرهەمدارییەکـەی ناگاتـە ئاسـتی خـاڵی یەکـەم و ناتوانین بڵێین، کە بەهەمان شێوەی خاڵی یەکـەم، ئـەمیش پڕبەرهەمـە و خـاوەنی هـەمان پێـزە، بۆیـە لـەژێر نـاوی زاراوەی (نیمچـە بەرهـەم)دا دای دەنـێین، بـۆ نموونـە وەك بـەکارهێنانی (un) لـە زمـانی ئینگلیزیـدا، بـۆ دروسـتکردنی وشـەیەکی دژ لـە واتـادا وەك: (happy = unhappy)، ( crystal: 1992:314).

کەواتــە هەنــدێ یاســای ســادەمان هەیــە، کــە نــاتوانین بــە شــێوەیەکی ڕوون بڵــێین ســنووردارە و بەرهەمدارییەکەشــی ســنووردار دەکرێــت. بــۆ نموونــە پاشــگری /let-/، کــە دەچــێتە ســەر وشــەکانی (streamlet, piglet, booklet)، ئەمانە لە بنەڕەتدا لەگەڵ نـاوی کۆنکرێتکراوی یـەك بڕگەییـدا تێکەڵدەبن. (Haspelmas: 2010:115).

واتە ئەم جۆرە یاسایانە، یاخود ئەفێکسانە لەناوەنـدی پڕبەرهـەمی و کـەم بەرهەمیـدا دەوەسـتن و بەشداریدەکەن لە بەرهەمهێنان و داڕشتنی وشەی نوێدا، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا پاشـگری /-ایـی/، کـە دەچـێتە سـەر ئاوەڵنـاو و نـاوی ئەبسـتراکت دادەڕێـژێت، لەگـەڵ ئەوەشـدا، کـە بەشـداری دەکـات لـە داڕشتنی دەیـان وشـەی نوێـدا، نـاتوانین بڵـێین بەقـەدەر پاشـگری /-ی/ بـەپێزە، کـە لـە هـەمان گرووپـی پاشگرە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکتە وەك: (بـەرزایی، قـوڵایی، سـەوزایی، ڕەشـایی، نزمایی........هتـد). ناشتوانین لەڕیزی پاشگرە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکتی وەك: /-انـە/ و /-ا/دا پـۆلێنی بکـەین و ڕێـژەی بەرهەمیان بە یەکتر بەراورد بکەین.

## سێیەم/ کەم بەرهەم: Un productivity

پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان بەردەوام لـە ململانێـدان و لەسـەر ئـەم بنەمایـەش دەتـوانرێ ڕادەی پێـز و بەرهەمیان دیاریبکرێت، کە ئەمەش پەیوەستە بە عەقڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤەکانەوە لە هەڵبژاردنی ئەفێکسەکان و چۆنیەتی بەشدارپێکردنیان لـە پرۆسـە جیاوازەکـانی بەرهـەمهێنانی وشـەی نوێـدا بـۆ نموونە " لە زمانی فارسیدا پاشگری /-چە/، پاشگرێکی بە بەرهەمە لە سازکردنی وشەی نوێدا وەك: - (دولابچە، کتابچە، دریاچە، بقچە، قالیچە،...............)، بەڵام هەمان پاشگر لە زمانی کوردیدا بەپێز نییـە. وەك: (باغچـە، دەریاچـە، پارچـە، بێڵچـە،.....هتد)". (سـازان زاهـیر: 2009: 13). هـەروەها پاشگرەکانی /-ەڵان/، /-ان/، کە هەردووکیان دوو مـۆرفێمی داڕێـژی نـاوی شـوێنن، کـەم بەرهـەمن و لـە چەند وشەیەکی کەمدا بەشداریدەکەن بۆ داڕشتنی ناوی شوێن. وەك: (قامیشەڵان، بەردەڵان، گـەرمیان، بیابان...........هتـد)، بـەڵام پاشـگری /-دان/ کـە دەربـڕی هـەمان چـەمکی نـاوی شـوێنە پاشـگرێکی بەرهەمــداره. وەك: (گوڵــدان، مۆمــدان، خــەڵووزدان، ئــاگردان، خوێــدان، شــەمعدان، شــەکردان، هێلکەدان،.....هتد). لە زمانی ئینگلیزیشدا شێوازێك بەرهەمدارە، کە ئەگـەر شـتێك بـە دووبـارەکراوی بەکاربهێنرێت بۆ بەرهەمهێنانی دۆخێکی هەمانجۆر وەك بەکارهێنانی /s/ بۆ دروسـتکردنی نـاوی کـۆ، ئەمـەش جیـاوازە لەگـەڵ شـێوازە کـەم بەرهەمەکانـدا، کـە هـیچ شـتێکی شـاراوەی تێـدا نییـە، وەك دروستکردنی ناوی کۆ لە وشەی ( mouse – تاك، mice – کۆ)، (crystal: 1992:314).

کەواتە لە کۆتاییدا دەڵێین بەهۆی گۆڕانی بەردەوامی زمانەوە بەرهەمداری ڕەها نییـە، لەبەرئـەوە پرۆسەکانی بەبەرهەمی نابنـە دوو جـۆری پڕبەرهـەم و کـەم بەرهـەم، بـەڵکو بەرهـەمی ئـەم پرۆسـانە جێگیرنییە و گۆڕانی بەسەردا دێت.

## 6/2 سەرهەڵدانی بیری مۆرفێم:

ڕێزمانی تەقلیدی وشەی بە بنج داناوە بۆ شیکردنەوەی زمان. (وریا عومەر ئەمین: 2009: 112)، واتە ڕێزمانەوانە کۆنەکان وشەیان بە بچوکترین کەرەسەی ڕێزمان داناوە و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کردووە، وەك بچوکترین یەکەی واتایی سەیریانکردووە. "بەلاَم پاشئەوەی کە هیچ پێوانەیەکی سیمانتیکی، یان فۆنۆلۆژییان نەدۆزییەوە، کە بۆ پێناسینی وشە بشێ و بکرێ بە بنج بۆ شیکردنەوەی زمان بۆیە زانایانی زمان ڕوویان لە وشە وەرگێڕاو لە جێگیر (بدیل)ی تر گەڕان. یەکێ لەم جێگیرانەش چەمکی مۆرفێم بوو". (سەرچاوەی پێشوو: 114).

کەواتە "لە کاتێکدا، کە دێرینەکان وشەیان بە بناغەی تیۆری زمان و ڕێزمان دەژمارد. ڕۆنانکارە ئەمریکییەکان ئەو ڕاستییەیان سەلماند، کە وشە کەرتدەکرێ بۆ پارچەی وردتر، پارچەی وەها کە واتا یان ئەرکی ڕێزمانی هەبێت". (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید: 2006: 7). واتە لێرەوە ئەو ڕاستییە خرایەڕوو، کە وشە بچوکترین پێکهاتەی ڕێزمان نییە و بەڵکو وشە توانای دابەشبوونی هەیە بۆ پارچەی بچوکتر، کە ئەویش مۆرفێمە، ئیتر لێرەوە مۆرفێم بوو بە بناغەی لێکۆڵینەوەکانی مۆرفۆلۆژی و لێرەوە زانستی مۆرفۆلۆژی هاتە کایەوە، کە "خەریکی لێکۆڵینەوەیە لە سترەکچەری ناوەوەی وشەکان". (Haspelmath:2010:1). ، بەلاَم بیری مۆرفیم بۆ وشەی سادە دەست نادات، چونکە توانای کەرتبوونی نییە، بۆ پارچەی وردتر، کە واتاکەی نەشێوێت و بە هەمان واتا بمێنێتەوە، وەك: (دار، گوڵ، بەرد.....هتد)، بۆیە "گرنگی تەواوی بیرۆکەی مۆرفێم لە وشەی ئاڵۆز و ئاوێتەدا دەردەکەوێت، چونکە ئەمانەن کە لە یەکەی واتایی بچوکتر دروست بوون، واتە دەبن بە یەکەی واتایی وردترەوە." (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید: 2006: 7). بۆ نموونە وەك:

پیاوەتی > پیاو + /-ەتی/

گوڵەگەنم > گوڵ + /-ە-/ + گەنم

هەربۆیە لە پاش سەرهەڵدانی بیرۆکەی مۆرفێم و گرنگی ئەم دانەیە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا و سەرقاڵبوونی زمانەوانان بە ناسین و دیاریکردنی خاسیەت و شوێن وئەرکی مۆرفێمەوە لە گۆشەی جیاجیاوە تێیانڕوانیوە و پێناسەیان کردووە.

## 7/2 دابەشکردنی مۆرفێم لەڕووی واتا و ئەرکەوە:

زۆرترین ئەو تێڕوانین و ناساندنانەی، کە لەلایەن زمانەوانانەوە بۆ مۆرفێم کراوە و خراوەتەڕوو، زیاتر لەڕوانگەی واتا و ئەرکەوە بۆ مۆرفیمیان ڕوانیوە، کە هەوڵ دەدەین ڕای چەند زمانەوانێك لەم بارەیەوە ئاماژە پێبکەین. لەوانەش:

**کریستاڵ**: "مۆرفێم بچوکترین یەکەی شیکەرەوەی ڕێزمانییە." (Crystal:1981:187).

**ئەرۆنۆف**: "مۆرفێم وشەیەکە یان بەشێکی واتاداری وشەیەکە، کە ناتوانرێ بکرێتە بەشێکی بچوکتری واتادار. بۆ نموونە (read ، school)، یان (re)، یان (ing) وەك: (rereading)." (Aronoff:2011:266).

**کاتامبا**: " مۆرفێم بچوکترین یەکەی جیاوازییە، لە شێوەی وشەیەکدا، کە دەبەسترێتەوە بەوەی بچوکترین جیاوازی لە واتای وشەیەك یان ڕستەیەك، یان لە سترەکچەری ڕێزمانیدا دروست بکات." (Katamba:2006:24).

بە پێی ئەم پێناسەیەی کاتامبا مۆرفێم بچوکترین گۆڕانکارییە لە فۆڕمی وشەیەکدا، یاخود لە ڕیزبوونی ئاستی ئاسۆیی کەرەسەکان لە ناو ڕستەدا، کە بچوکترین جیاوازی واتایی لە وشەکە، یاخود لە ڕستەکەدا دەهێنێتە ئاراوە، بۆ نموونە (کچێنی)، کە پێکهاتووە لە دوو مۆرفێم بەرامبەر بە (کوڕێنی)، کە ئەمیش بە هەمان شێوە پێکهاتووە لە دوو مۆرفێم، بەڵام جێکەوتەی یەکەمی وشەکان فۆڕم جیاوازن و بە هۆیەوە واتای جیاوازیان دروستکردووە. کەواتە گۆڕانکاری لە شێوەی وشەکان و جیاوازییان دەبێتە هۆی جیاوازی لە واتاکانیاندا و بەم هۆیەوە هەردوو وشەی (کچ، کوڕ) مۆرفێمن.

لەم دوو پێناسەیەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە، کەوا مۆرفێم بچوکترین یەکەی واتایی یان خاوەن ئەرکی ڕێزمانییە و کە ناتوانرێت لەوە زیاتر بچوکبکرێتەوە و بە هەمان واتاوە بمێنێتەوە. هەرلەم بارەیەوە (**فرۆمکین**) مۆرفیمەکانی لە زمانی ئینگلیزیدا بە پێی ئەم هێڵکارییەی خوارە دابەشکردووە:

مۆرفیم (Fromkin, Rodman, Hyams: 2011: 53)



بەشێوەیەکی گشتی مۆرفێم لەڕووی بەکارهێناوە و بە پشتبەستن بە بنەمای واتایی دابەشدەبێت بۆ دوو جۆری سەرەکی، کە ئەوانیش:

### 1-7/2 دابەشکردن بەپێی واتا:

**یەکەم/ مۆرفێمی سەربەست: Free Morpheme**

مۆرفیمی سەربەست مۆرفیمێکە، کە دەتوانێت بە تەنها و بە سەربەخۆیی بەشێوەی وشەیەکی جیاواز ڕوو بدات. وەك: (دار، گوڵ، ئاو، .................هتد). (Crystal:1992:257).

**دووەم/ مۆرفێمی بەند: Bound Morpheme**

مۆرفێمی بەند مۆرفیمێکە، کە بە تەنها لە ڕستەدا واتا نادات بە دەستەوە. (Katamba:2006:24)، واتە مۆرفیمە بەندەکان بوونێکی سەربەخۆی واتاییان نییە، بەڵکو وابەستەی مۆرفیمی ترن بۆ تەواوکردنی واتا یان ئەرکی ڕێزمانییان. مۆرفیمە بەندەکانیش بە پێی ئەرکیان دوو جۆرن. ئەوانیش: (مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی، مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ)ن.

### 2-7/2 دابەشکردن بەپێی ئەرك:

**یەکەم/ مۆرفێمی وشەداڕێژ Derivational Morpheme**

پۆلێکن لە مۆرفێمە بەندەکان و وەك دانەیەکی فەرهەنگی ئەرکیان دروستکردنی وشەی نوێیە لە بەرامبەر چەمك و دیاردەی نوێ لە زماندا، هەربۆیە، ئەم گروپە لە زمانی کوردیدا بەپێی شوێنی هاتنیان دەکرێن بە دوو جۆرەوە:

**یەکەم/ پێشگر: prefix**

ئەفێکسێکە، کە دەچێتە پێش بناغەوە، بۆ دروستکردنی وشەی نوێ لە زماندا وەك: (/هەڵ-، دا-، ڕا، بە، ............هتد) لە وشەکانی (هەڵکردن، هەڵخستن، هەڵهاتن، داڕووخان، دامالین، داڕزان، ڕاکردن، ڕاهاتن، بەهێز، بەتوانا.........هتد)، پێویستە تێبینی ئەو خاڵەش بکەین، کە لە زمانی کوردیدا چاوگی داڕێژراو (ناوی ڕووداوی داڕێژراو)، زیاتر بەهۆی پێشگرەوە دروستدەبێت.

**دووەم/ پاشگر: suffix**

ئەفێکسێکە، کە دەلکێنرێت بە کۆتایی بناغەوە بۆ داڕشتن و دروستکردنی وشەی نوێ لە زماندا، هەروەها پاشگرە لێکسیکییەکانی زمانی کوردی ڕۆڵێکی یەکجار چالاکیان هەیە لە سازکردن و بەرهەمهێنانی وشەی نوێدا، بە تایبەتی بۆ سازکردنی ناوی داڕێژراو، هەربۆیە پاشگرە داڕێژەکانی ناو لە زمانی کوردیدا دەبنە چەند گروپێکی سەرەکی، کە هەر گروپەیان بەشداریدەکات لە داڕشتنی چەمکی جۆرێکی دیاریکراو لە ناو وەك:

**أ- پاشگره دارِێژەکانی ناوی ئەبستراکت:**

ئەم گروپە دەورێکی گرنگیان هەیە لە دارشتن و دەربڕینی چەمکی ناوی ئەبستراکت لە ناو و ئاوەڵناوەوە، وەك: (/-ی/، /-ەتی/، /-ایەتی/، /-ایی/، /-ێتی/، /-ێنی/، /-ە/، /-ا/.......هتد)، لە نموونەکانی (جوانی/منداڵی، پیاوەتی، دۆستایەتی، بەرزایی، بۆیاخچێتی، کوڕێنی، خراپە، گەرما..............هتد).

**ب- پاشگره دارِێژەکانی ناوی شوێن:**

ئەم گروپە پاشگرە بەشداریدەکەن لە سازکردن و دەربڕینی چەمکی ناوی شوێن، وەك: (/–دان/، /-ستان/،/-گا/،/-ەڵان/، /-ان/، ............هتد). لە نموونەکانی (گوڵدان، کوردستان، لەوەڕگا، بەردەڵان، بیابان، ...............هتد).

**ت- پاشگره دارِێژەکانی ناوی بچووککردنەوە:**

بەشداری ڕۆنانی ژمارەیەکی زۆر وشەی نوێ و بچوککراوە دەکەن، ئەوانیش بریتین لە: (/– لە، — ڵە، – کە، – ۆکە، – چە، – چکە، – وولکە، – کەلە، – کەڵە، .....هتد/)، وەك: (مێروولە، گۆزەڵە، ڕەشکە، خاڵخاڵۆکە، باخچە، دەریاچە، خانووچکە، گوێچکە، تەشتوولکە، پاچوولکە، ڕەشکەلە، پانکەڵە، ......هتد)، (سازان زاهیر: 2009: 17).

**پ- پاشگره دارِێژەکانی ناوی پیشە:**

ئەم گروپە بەشداریدەکەن لە دارشتن و دەربڕینی چەمکی ناوی پیشە جیاوازەکان، وەك: (/-چی/، /-گەر/، /-وان/، /-کەر/، .........هتد) لە نموونەکانی (چەخماخساز، ئاسنگەر، فرۆکەوان، نانکەر، .......هتد).

**دووەم/ مۆرفێمی بەندی ڕێزمانی: Grammatical Morpheme**

مۆرفێمە گراماتیکییەکان بریتیین لەو پۆلە مۆرفێمەی، کەوا لە ڕستەدا ئەرکی ڕێزمانییان دە کەوێتە ئەستۆ و حاڵەتی ڕێزمانی دەگۆڕن و ئەرکێك جێبەجێدەکەن. بەبێ ئەوەی واتای وشە، یاخود پۆلی ئاخاوتن بگۆڕن، وەك:

– پیاوەکە کتێبێکی بە دیاری بۆ هات.

لەم ڕستەیەدا هەریەکە لە نیشانەکانی (ەکە، ێك)، مۆرفێمی بەندی ڕێزمانیین و ئەرکێکیان هەیە.

## 8/2 چۆنیەتیی تەماشاکردنی ناوی ئەبستراکت و مۆرفێمە دارِێژەکانی ناوی ئەبستراکت لە زمانەوانیی کوردیدا:

ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەو تێڕوانینانە بخەینە بەرچاو، کە پێشتر لە بابەت ناوی ئەبستراکت و مۆرفێمە دارِێژەکانی ناوی ئەبستراکتەوە، چ بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ توێژەران لە نوسین و توێژینەوەکانیاندا لە ژێر ناوو زاراوەی جیاجیادا ئاماژەیان بۆ کردووە، لەم بارەیەوە **(سەعید سدقی**

**كابان)**، لە باسی **(قسمێك لە ئەدەوات حەرفان مەعانی)دا**، لە چوارچێوەی دیاریکردنی چەند ئەرکێك بۆ (ی) دەڵێت: "صفت دەکا بە مصدر وەك: (شێتی، ژیری،.......)، (سەعید سدقی کابان: 1928: 66).

**(نوری عەلی ئەمین)** لە بەرگی یەکەمی **(قەواعیدی زمانی کوردی لە سەرف و نەحو)دا**، (ناوی گشتی) دابەشدەکات بۆ ناوی مادی و مەعنەوی، لەبارەی ناوی مەعنەوییەوە دەڵێت: "ئەو ناوەیە کەهەر بەخەیاڵ لەدڵا وێنەی ئەکێشریّ، وەك: گەنج، باوەڕ، ژیریی، تێگەیشتن....." (نوری عەلی ئەمین: 1956: 42). سەبارەت بە پاشگرە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت دەڵێت: "چاوگی ناوی – اسم مصدر): ئەو چاوگانەیە، کە لە ناوێکی (جنس) یا (ناوێکی) (وەسفی) بە دانانی پیتیّ یا پتر بەدوایەکەیەوە پێك هاتبیّ، وەك:

| | ناو | چاوگی ناوی |
|---|---|---|
| 1- (ی): | جوان | جوانی |
| 2- (تی):* | پیاو | پیاوەتی *(پاشگرەکە (ەتی)یە، بەڵام تەنها پاشگری (تی) تۆمارکراوە). |
| 3- (ێتی): | گەنج | گەنجێتی |
| 4- (ێنی): | کوڕ | کوڕێنی |
| 5- (ایەتی): | کۆمەڵ | کۆمەڵایەتی". (سەرچاوەی پێشوو: 59، 60). |

هەروەها لە بەرگی دووەمی **(قەواعیدی زمانی کوردی لە سەرف و نەحو)دا**، بە هەمان شێوەی بەرگی یەکەم (ناوی گشتی) دابەشدەکات بۆ ناوی (مادی و مەعنەوی)، تا ڕادەیەك جیاواز لە پێناسەکەی بەرگی یەکەم بۆ (ناوی مەعنەوی) دەنوسێت: " ئەو ناوەیە کە نەلەبەر دەستایەو نە بەچاو ئەبینریّ چونکە وەك ناوی مادی قەبارەیەکی نی یە، بەڵام تەسەور ئەکریّ. وەك: ئازایی، باوەڕ، ژیریی، شەو، بەختیار، گیان". (نوری عەلی ئەمین: 1958: 50)، هەر سەبارەت بەم بابەتەو لەباسی ئەو پاشگرانەی، کە ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو ڕۆدەنێن، دەنووسێت: "چاوگی دروستکراو (مصدر جعلی): ئەو (ناو، جیّ، ڕەوشت)یە، ئەگەر هاتوو ئامرازیّ لەم ئامرازانە کران بە پاشکۆیان ئەبنە چاوگی دروستکراو: ئامرازەکانیش: " (ی)...... جوانی، (ایی)....... کوێرایی، (ایەتی)..... کوردایەتی، (یی)..... کوشتوویی، (یەتی)...... برایەتی، (مەنی)..... خواردەمەنی، (ێتی)...... ژنێتی، (ێنی).....کوڕێنی، (یان)...... گەرمیان، (ا)...... گەرما. " (سەرچاوەی پێشوو: 63، 64).

تۆێژەر لە کتێبی **(گرتنی کەلێنێکی تر لە ڕێزمانی کوردی)دا**، لە چەند شوێنێکی جیاوازی ئەم بەرهەمەیدا باسی ئەو پاشگرانەمان بۆ دەکات، کە ناوی ئەبستراکت لە (ناو و ئاوەڵناو و ڕەگی کردار)ەوە دادەڕێژن، لە گرنگترین ئەو پاشگرانەی، کە ئاماژەی بۆ کردوون بریتین لە:

1- بۆ دروستکردنی ناوی مەعنەوی Abstract لە چاوگی لازم بە فڕێدانی (ین) یان (ان) وە لە چاوگی متعدی دالی (اندن) = Andin) وە دانانی پاشگری (ە = E) لە جیّ یان وەك: باڕان/باڕاندن = باڕە." (نوری عەلی ئەمین: 1958: 8).

2- پاشگری (ی) یاخووت (یی)، ئەلوێ ناوی مەعنەوی پێ لە ناو و سیفەت دروست بکرێ. (ئاشەوان + ی = ئاشەوانی، هەرزان + ی = هەرزانی." (سەرچاوەی پێشوو: 22).

3- پاشگری (ار)، ئەم پاشگرە ڕەگی فرمان ئەکا بە ناوی مەعنەوی. وەك: (کوشت + ار = کوشتار. (سەرچاوەی پێشوو: 29).

4- پاشگرەکانی (ێنی، یەتی، ایەتی، ێتی) ناوی مەعنەوی یان پێ لە (ناو) و (سیفە) دروست ئەکرێ. (کوڕێنی/ ڕەشێنی، برایەتی/دڕندەیەتی، کۆمەڵایەتی/سوورایەتی، دزێتی/سپێتی........" (سەرچاوەی پێشوو: 33، 34).

5- پاشگری (ەتی)، ئەم پاشگرە ناوی مەعنەوی پێ لەناو دروست ئەکرێ. وەك: پیاو + ەتی = پیاوەتی. " (سەرچاوەی پێشوو: 33).

هەر سەبارەت بەم بابەتەو لەبەرهەمێکی تریدا بەناوی (**ڕێزمانی کوردی**)، بەهەمان شێوەی بەرگی یەکەم و دووەمی قەواعیدی زمانی کوردی لە سەرف و نەحودا بە پێناسەیەك باسی ناوی مەعنەوی دەکات، بەڵام ئەم جارەیان لەباسی ناوی ئەبستراکتدا ڕاستەوخۆ باسی چەند پاشگرێکمان بۆ دەکات، کەناوی ئەبستراکتی داڕێژراو دروستدەکەن، واتە لەژێر ناوی (ناوی چاوگ، یاخود چاوگی دروستکراو)دا باسی ئەم پاشگرانەمان بۆناکات، بەڵکو دەڵێت: "ناوی مەعنەوی ئەتوانرێ:

أ- لە ئاوەڵناوێك و پیتە پاشگرێ دروست بکرێ، وەك: ئازایی، چاکە، گەرما، سپێتی

ب- لەناوێك و پیتە پاشگرێ دروست بکرێ، وەك: منالی، برایەتی، کوردایەتی، کوڕێنی

ت- لەڕەگی فرمانێك و پیتە پاشگرێ دروست بکرێ، وەك: تەقە"، (نوری عەلی ئەمین: 1960: 66)،

(**گیوی موکریانی**) لە کۆتایی (**فەرهەنگی مەهاباد**)دا، لەبەشی ڕێزماندا، ناوی گشتی دابەشکردووە بۆ:

1- ئەنبووژەن (مادی)

2- ناویی بژۆنی (مەعنەوی)، کەبەم جۆرەی خوارەوە باسی هەریەکە لە ناوی مادی و ناوی ئەبستراکت دەکات: "ناوی ئەنبووژەن ئەوەیە کە ببینرێت وەك: کورسی، باخ، ترێ، ناوی بژۆنیش ئەوەیە کەنەبینرێت وەك: بڕوا، وریایی، هۆش" (گیوی موکریانی: 1961: 750).

(**شێخ محەمەدی خاڵ**) لە پێشەکی (**فەرهەنگی خاڵ**)دا، لە ژێرناوی (**کاری ڕیشەیی و دەستکردی**) باسی چەند پاشگرێکمان بۆ دەکات، کەناوی ئەبستراکت دروست دەکەن و دەڵێت: "کاری دەستکردی (جعل)ی ناو یا سیفەتێکە کە بەپاشەکەیەوە (یی) یا (ێنی) یا (ئایەتی) یا (ەتی) بنرێ وەك ئەم وێنانەی خوارەوە:

| ناو | کار | کار |
|---|---|---|
| پیر | پیری | پیرێتی |

| | | |
|---|---|---|
| کوڕ | کوڕێنی | کوڕێتی |
| دوژمن | دوژمنێتی | دوژمنایەتی |
| پیاو | پیاوەتی | |
| ژن | ژنێتی | |

| سیفەت | کار | کار |
|---|---|---|
| چاك | چاکی | چاکێتی |
| سوور | سووری | سوورێتی)) (شێخ محەمەدی خاڵ: 2005: 22) |

(**فاروق عومەر سدیق**) لە وتاری (**وشەسازی لە زمانی کوردیدا**)، باسی هەردوو پاشگری /- ی/ ئەبستراکت و /- ی/ سیفەتی نیسبی کردووە و بەشێوەیەکی مێژوویی کاری لەسەر ئەم پاشگرانە کردووە و دەڵێت " بۆ ساغکردنەوەی ئەسڵی سۆفێکسی (ی) ناوی ئەبستراکتی و سۆفێکسی (ی) سیفەتی نیسبی و جیاکردنەوەیان لە یەکتری و دەرخستنی ڕۆڵی هەردووکیان لە مەیدانی وشەسازی لە زمانی کوردیدا ئێمە لەم کارەماندا هەوڵدەدەین دیراسەیەکی مێژوویی هەردوو سۆفێکسەکە بکەین." (فاروق عومەر سدیق: 1975: 433). توێژەر لە درێژەی لێکۆڵینەوە مێژووییەکەیدا پاشگری /-ی/ ی ئەبستراکت دەباتەوە سەر سۆفێکسی ئێرانی کۆن /- یە/، و دەنوسێت: " سۆفێکسی (ی)، کە ناوی ئەبستراکتی دروست دەکات و بە ئەسڵ دەچێتەوە سەر سۆفێکسی ئێرانی کۆن (ئیە)". (سەرچاوەی پێشوو: 470).

لە کۆتایی ئەم وتارەدا پاش خستنەڕووی ڕای چەند ئێرانناسێك و بەراوردکردن و هێنانەوەی کۆمەڵێ نموونە لە زمانی فارسی ناوەڕاست (پەهلەوی) و (زمانی فارسی تازە/نوێ) و (زمانی کوردی)، پێز و بەرهەمی پاشگری /-ی/ی داڕێژی ناوی ئەبستراکتمان بۆ دەخاتەڕوو، لەگەڵ خستنەڕووی یاساکانیان، کەوا چۆن دەچنە سەر ناو و ئاوەڵناو ڕەگی کردار و لە وشەی ئاسان/سادە و بارگران/نادە، ناوی ئەبستراکتمان بۆ سازدەکەن.

(**ئەوڕەحمانی حاجی مارف**) لە کتێبی (**وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا**)، لە باسی ناوی داڕێژراودا باسی چەند پاشگرێکمان بۆ دەکات، کە دەچنە سەر ناو و ناوی ئەبستراکت دادەڕێژن. وەك: " ی......مندالی، ەتی..... پیاوەتی، ێتی..... دزێتی، ایەتی..... دۆستایەتی، ێنی..... کوڕێنی" (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1977: 52)، لێکۆڵەر لە باسی ئەو پاشگرانەی، کە ئاوەڵناو دەکەن بە ناوی ئەبستراکت ئەم پاشگرانەی خستووەتەڕوو: " ی.... کوێری، ەتی.... گەورەیەتی، ێتی...... سپێتی، ایەتی..... بڵندایەتی، ایی.... قولایی، ە.... خراپە". (سەرچاوەی پێشوو: 60).

هەر لەم ڕوانگەیەوە و لە بەرهەمێکی تریدا بەناوی (**ڕێزمانی کوردی – مۆرفۆلۆژی – ناو-**)، ناو لەڕووی هەبوونەوە دابەشدەکات بۆ دوو جۆر:

1- ناوی مادی (الاسم المادی – Material noun)

2- ناوی مەعنەوی (الاسم المعنوی – Abstract noun)

ناوی مەعنەوی ناوی شتێکە کەبوونی سەربەخۆی نی یە، بەڵکو لەشتی بەرهەست وەیا لەبیرو خەیاڵدا پەیدا دەبێ. وەك: هۆش، بڕوا، خەم، جوانی، پیاوەتی.............................هتد

لەزمانی کوردیدا دەتوانرێ دوو جۆر ناوی مەعنەوی دەست نیشان بکرێ:

1- ناوی مەعنەوی بنجی: ئەو ناوانە دەگرێتەوە کە هەر لەبنچینەدا بۆ واتا دانراون، وەك: خەم،......

2- ناوی مەعنەوی ڕۆنراو: ناوی مەعنەوی ڕۆنراو ئەو ناوانە دەگرێتەوە کە لەوشەیەکی مادی یان مەعنەوی یەوە وەرگیراون و بە یاریدەی پاشگر سازبوون.

ناوی مەعنەوی ڕۆنراویش بەزۆری لەناو و ئاوەڵناوەوە وەردەگیرێ:

1- ناو + پاشگری (ی، ەتی/ێتی، ایەتی، ێنی)

منداڵ + ی = منداڵی

پیاو + ەتی = پیاوەتی

دز + ێتی = دزێتی

دۆست + ایەتی = دۆستایەتی

کچ + ێنی = کچێنی

2- ئاوەڵناو + پاشگری (ی، ەتی/ ێتی، ایەتی، ایی)

جوان + ی = جوانی

گەورە + ەتی = گەورەیەتی

بەرز + ێتی = بەرزێتی

بڵند + ایەتی = بڵندایەتی

قووڵ + ایی = قووڵایی". (ئەورەحمانی حاجی مارف: 1979: 99،100).

(**ساڵح حوسێن حەسەن پشدەری**) لە کتێبی (**کورتەیەك لەڕێزمانی کوردی**)، لەژێر ناونیشانی (**هێندێ نیشانە لەگەڵ وشەی ناوی**)دا ئاماژەی بە پاشگرەکانی (ی، ایی، ەتی، ایەتی) کردووە، کە بە (**پیت**) ناوی بردوون و دەڵێت: "ناوی بەرجەستە (مادی) وەك: شل، خەست، دز.. دەکەن بە ناوی بێ جەستە (معنوی) ". (ساڵح حوسێن: 1985: 25).

هەر لەم بارەیەوە پاشگرەکانی بەم شێوەیە دابەشکردووە:

1- (ی) بۆ ناوی بێ جەستەیی نیزیك: جوانی، پیری، گەنجی..............هتد

2- (ایی) بۆ ناجەستەیی دوور لە هەستیار: مەزنایی، بەرزایی، سەوزایی..............هتد

3- (ەتی ، ایەتی) بۆ ناجەستایەتی دوورو نیزیك: برایەتی، کەریەتی، پیاوەتی، خزمایەتی، دۆستایەتی...........هتد". (سەرچاوە پێشوو: 26). لەباسی ناودا، ناو لەڕووی هەبوونەوە دەکات بە:-

1- ناوی ماددی (بەرجەستە) وەك: کەو، دار.......هتد.
2- ناوی واتایی (بێ جەستە) وەك: خەم، .....................هتد. (ساڵح حوسێن: 1985، 34).

**(محەمەد مەعروف فەتاح)** لە باسی **(هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو لەزمانی کوردیدا)**، ئاماژە بۆ چەند پاشگرێکی ناوی ئەبستراکت دەکات، کە دەچنە سەر ئاوەڵناو و ناوی ئەبستراکت دروستدەکەن. لەم بارەیەوە سەبارەت بەئاوەڵناوی بارستایی دەڵێت: "ئەم پۆلە ئاوەڵناوە لەڕووی وشەسازییەوە چەند تایبەتیەکیان تێدا دەبینرێ، کە لە پۆلەکانی تردا نیە وەك:

a. زۆربەیان بەهۆی پاشگری (-ی) دەبنە ناوی ڕووت: بەرزی، نزمی، کورتی،..........هتد
b. بەشێکی زۆریان بەهۆی پاشگری (ایی) دەبنە ناو، وەك: بەرز......... بەرزایی، نزم........ نزمایی، ئەستوور........... ئەستوورایی". (محەمەد مەعروف: 1990، 84).

سەبارەت بەئاوەڵناوی ڕەنگیش دەڵێت: " لەڕووی وشەسازییەوە ئاوەڵناوی ڕەنگ ئەم خاسیەتانەی تێدایە:

1- پاشگری (-ئێتی) یان (-ی) دەیانکاتە ناو: سووری، سوورێتی، سەوزێتی، سپێتی، زەردێتی.......
2- لەگەڵ پاشگری (-ای) ئاشنایەتیان هەیە و دەیانکات بەناو واتاکەشیان بەتەواوەتی دەگۆڕێ، هەرچەندە، لەگەڵ هەموویاندا نایا: سپی...... سپیایی (ماست و شیر)، سەوز..... سەوزایی....، ڕەش........ ڕەشایی". (سەرچاوەی پێشوو).

سەبارەت بە ئاوەڵناوی ڕواڵەتیش دەڵێت: " بەزۆری ئەم ئاوەڵناوانە بە پاشگری (-ی) دەبنە ناوو زۆرکەم پاشگری (-ئیتی و ئایی) وەردەگرن: خۆش: خۆشی، سارد: ساردی، شاد: شادی، ناخۆش: ناخۆشی، (بڕوانە: چاکە، خراپە، کۆنێتی،کۆنی.....)، ". (سەرچاوەی پێشوو: 85).

**(محەمەدی مەحوی)** لە کتێبی **(مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان – مۆرفۆلۆژی کوردی-)** بەشێوەیەکی گشتی باسی یاسامۆرفۆلۆژییەکان و مۆرفێمە وشەدارێژو وشەگۆڕەکانی کردووە، کە تویژەر لەژێرناوی (لاگری هەڵگواستن و نیشانەکانی شکاندنەوە)دا باسی کردوون، ئەوەی تایبەت بێت بە مۆرفێمە دارێژە ئەبستراکتییەکان لێرەو لەوێ لەچەند شوێنێکی جیاواز ئاماژەی پێکردوون، وەك: "مۆرفێمی وشە دروستکەر هەن ("لاگرەکانی هەڵگواستن")، کە لەپرۆسەکانی وشەدروستکردندا بەشدارییدەکەن، وەك بۆ نموونە پاشگرەکانی /-یی/ لەناوخستن، /-یی/ لەئاوەڵناوخستن". (محەمەدی مەحوی: 2010، 53)، هەروەها دەڵێت: "پاشگری /-ایی/یش لەگەڵ ئاوەڵناودا دێت (بڕوانە /بەرزایی/ ؛ ★/کوردایی/:". (سەرچاوە پێشوو: 71)، هەر سەبارەت بەپاشگرەکانی /-ی/، /-ێتی/، /-ایەتی/، ئەم یاسایانەی داناوە:

{/-ی/، .Adj ،N } و {/-ێتی/، .Adj ،N }و {/-ایەتی/، N، N }، نموونەکان بۆ وشە هەڵگوێزراوەکانی /کورد– یی، کورد– ێتی، کورد– ایەتیی/ن. (سەرچاوەی پێشوو: 81).

هەر سەبارەت بە ئەم بابەتە و لە بەرهەمێکی تریدا بەناوی (**بنەماکانی سینتاکسی کوردی**)، بەم جۆرە باسی ناوی ئەبستراکتی کردووە: "ناوی ناجەستەیی و نابەرجەستەیی/ نادیار ناوڵێنانە بۆ ئەدگارو نیشانە (وەفا، خۆشەویستیی)، بۆ کردە/ڕوودان (/هاوڕێیەتیی، دراوسێیەتیی، کوردایەتیی/)، بۆ حاڵەت (/دراوسێتیی، کوردێتیی/)، ... و بۆ پێوانە (/کاژێر(سەعات)، مییل، ..../) ". (محەمەدی مەحوی: 2011: 59).

(**مەسعوود محەمەد**) لە وتاری (**بەکارهێنانی (ی) لەڕێزمانی کوردیدا**)، چەند تێبینییەکی لەسەر ناوی ئەبستراکت تۆمارکردووە، کە سەرەتا لەئاوەڵناوەوە دەست بە باسکردنی ئەم بابەتە دەکات و باسی پاشگرەکانی (/-ی/ و /-ەتی/ و /-ایی/) دەکات و لەم ڕووەوە دەڵێت: "هەموو ئەو ئاوەڵناوانەی بە پیتە دەنگدارەکان کۆتاییان هاتووە وەك (جوان، بەرز، خۆش) ئیسمی مەعنایان لێ وەردەگیرێ بە ئیزافەی (ی) واتە یێی تیژ لەکۆتایی وشەکەدا، تەنانەت ئەگەر دوو پیتی (و، ی)یش دەنگدار بوون و کەوتنە کۆتایی وشەوە، دەستوورەکە ناگۆڕێ، دەڵێی (جوان، جوانی – ڕێك، ڕێکی – دزێو، دزێوی – خاو، خاویی، هێژا، هێژایی) بەڵام کە کۆتایی وشە پیتە بزوێنی (ا، وو، ۆ، ێ، ە) بوو وەك وشەی (ئازا، دووڕوو، دەستەمۆ، کرمێ، ڕووتە) ئەوسا پیتە (ی)ی دەنگدار دەکەی بەپێوەندی میانی ئەو پیتە بزوێنانەو پیتە بزوێن (ی) چونکە مەعلومە پیتە بزوێن ناچێتە سەر پیتە بزوێنێکی دیکە، ئیتر دەگوترێ (ئازایی، دووڕوویی، دەستەمۆیی، کرمێیی، ڕووتەیی) ". (مەسعود محەمەد: 1973: 69).

هەر لەبارەی پاشگرە داڕێژە ئەبستراکتییەکانەوە باسی پاشگری /-ەتی/یشی کردووە و دەنووسێت: " لەو شوێنانەی کە خۆیان بە پیتی (ی) کۆتاییان هاتووە لەجێگەی پاشگری /-ی/ ئەبستراکت، پاشگری /-ەتی/ دادەنێین وەك: برسی: برسییەتی/برسیەتی، ترشی: ترشییەتی/ترشیەتی، ئەوەشی خستووەتەڕوو، کەوا پاشگری /-ی/ بۆ (موتڵەقە – ڕەها)، بەڵام پاشگری /-ایی/ بۆ دیاریکردنی بەشێکی ئەو شتەیە، واتە بۆ مەحدوودە، بۆ نموونە: (ڕەش: ڕەشی: ڕەشایی، پان: پانی، پانایی)، واتە یێی وایە پاشگری /-ایی/ بەرەو مادیەت دەڕوات، بۆنموونە دەڵێت: " کە گوتت (پانی) بەوەدا (عرض)ی موتڵەق ڕادەگەیەنێ بەڵام کە گوتت (پانایی ژوورەکە) مەبەست ئەو هەندە مەسافە تەحدید کراوەیە کە لەو دیوار بۆ دیوارەکەی بەرامبەر دەگرێتەوە ". (سەرچاوەی پێشوو: 77 ).

هەر سەبارەت بە هەردوو پاشگری /-ەتی/، /-ایەتی/، دەڵێت: "من بۆ ئەوە دەچم کە لەئەسڵدا ئامرازی (ەتی)ی بۆ ئەو ناوانە بووبێ کە ئیسمی مادەی تەواو نین وەك (ئەندام: ئەندامەتی.......)، ئەمرازی (ایەتی)یش بۆ ناوی مادەی تەواو بووبێ وەك (بەرد: بەردایەتی)، ". (سەرچاوەی پێشوو: 83).

توێـژەر لەبەرهـەمێکی تریـدا بـەناوی (**زاراوە سـازی پێوانـە**)، باسـی چـەند پاشـگرێك دەکـات، کـە بەشداری دەکەن لەدارشتنی ناوی ئەبستراکتدا: " لە پاشگرە هەرە گرنگەکانی بـەرەی نـاو ئـەو تاقمەیـە کە بۆ دروستکردنی ناوی مەعنا بەکار دێت........، پاشگرەکانی ناوی مەعنا جگە لە "ی" ئەمانەن:- "ەتی"، "ایی"، ایەتی" ". (مەسعود محەمەد: 2011: 112)، سـەبارەت بـەم چـوار پاشـگرەی ئامـاژەی پێداوە ڕای وایە:

1- پاشـگری /-ی/ " تـەنیا بـۆ گـۆڕینی وەسـف بـەناوی مـەعنا دەسـت دەدات". (سەرچـاوەی پێشـوو)، پاشگری /-ەتی/ لەدوو حاڵدا بـەکاردێت: "وشـەکە وەسـف بێـت و بـە "ی" کۆتـاییی هاتبێـت، وەك: کـە "برسی" و "خەنی" دەبنە "برسییەتی" و "خەنییەتی" ". (سەرچاوەی پێشوو:113).

2- حاڵەتی دووەم کە "ەتی" تێدا بەکاردێت ئەوەیە کە لەبەرەو کۆتایی وشە دەنگی ئـەلف "ا" هـەبێ و وشەکەش بە "ایەتی" بکرێتە ناوی مـەعنا. وەك: "جیرانـەتی"، "دایکـەتی"، "باوکـەتی"، .. لـەجیاتی: "جیرانایەتی"، "باوکایەتی"...". (سەرچاوەی پێشوو).

(**غازی عەلی خورشید**) لە کتێبی (**زمـانی فـەرمی بـۆ کوردسـتان**)دا، بەشـێوەیەکی گشـتیی نـاوی بـۆ (ناوی کۆنکرێت و ناوی ئەبستراکت) دابەشکردووە. سەبارەت بەناوی ئەبسـتراکتیش بـەم شـێوەیە باسـی دەکات: "ناوی نابەرجەستە: بەو جۆرە ئاماژانە دەگوترێت کـە دەربـڕین لەهەنـدێك دیـاردە دەکـەن کـە بوونی سەربەخۆی نییە وەك:

★- خەسڵەت: وەك: هێز، باوەڕ، خەم، شەرم، هۆش.

★- کردار: وەك: دزی، یاری، جەنگ.

★- ڕەوش: وەك: شەڕ، ئاشتی، هێمنی، پەرێشانی، نەخۆشی ". (غازی عەلی خورشید: 2011: 88).

(**ڕۆژان نوری عەبدوڵا**) لەکتێبی (**فەرهەنگی زمان و زاراوە سازی کوردی**)دا، کە لە بنەڕەتـدا نامـەی ماستەرە، باسی ئـەو پاشـگرانە دەکات، کـە نـاوی ئەبسـتراکت دادەڕێـژن، ئێمـەش لێـرەدا هـەوڵ دەدەیـن بەکورتی بۆچوونەکانی بخەینەڕوو، کە سـەرجەم پاشـگرەکانی بەسـەر چـوار خاڵـدا دابەشـکردووە، بـەم شێوەیە:

1- نـاو + پاشـگر، وەك: (-ەتی،یەتی، -ێتـی،-ایـەتی،-ێنـی، -انـە، ینـی، -ەیـی، -نـدە.....هتـد)، لەباسـی ئـەو پاشـگرانەدا، کـە دەچـنە سـەر نـاوو نـاوی ئەبسـتراکت دروسـتدەکەن، لـە نـۆ(9)خاڵـدا و بـەپێی ئـەو ڕیزبەندییەی سەرەوە باسیکردوون. (ڕۆژان نوری عەبدوڵا: 2007: 41، 42، 43، 44).

2- ئاوەڵناو + پاشگرەکانی: (-یی، -ایی، -ایەتی، -انە). (سەرچاوەی پێشوو: 44).

جگە لەم دوو گروپە سەرەکییە باسی پاشگرو ژمارەو چـەند پاشـگرێکی تریشـی کـردووە، کـە بەشـداری دەکەن لە دارشتنی ناوی ئەبستراکتدا.

**(هیدایەت عەبدولا موحەمەد)** لە نامەی دکتۆراکەیدا، **(ڕێکەوتنی واتایی ناو و ئاوەڵناو لەزمانی کوردییدا)**، لە پێناسەی ناوی ئەبستراکتدا زاراوەی( ناوی نادیار)ی بۆ بەکارهێناوە. دواتر باسی ئەو پاشگرانە دەکات، کە لەداڕشتنی ناوی ئەبستراکتدا بەشداریدەکەن: –

ناوی نادیار: ئەو وەچە سەرەناوانەن کە بۆ ناولێنانی شتە ناکەرەستەییەکان بەکاردەهێنرێن وەك، چەمکی بیرلێکراوەو زاراوەی پەیوەست بە بیرو بیرکردنەوەوە، نموونەی ئەمانیش لەم خالانەدا دەخەینە بەرچاو.

– بۆچوونی مرۆڤ (لەڕێی مێشك و ئاوەزەوە)، دێو، پەری، خێو......

– چالاکی جموجۆڵ: با، زللە، کرداری بوون بەناو (کۆکین، ڕۆیشتن...).

– پەیوەندی و پەیوەستی: خزمایەتی ئەندامەکانی خێزان (مێرد، ژن،.....).

– زانست و هونەر: بیۆلۆژی، ماتماتیك،....

– چەمکی پێوانەو کات: کەم، قۆناغ، مەتر....

– کێشانەو قورسایی: ڕبە، کیلۆ، هۆقە..... ". (هیدایەت عەبدولا: 2002: 23).

توێژەر لە باسی ناوی داڕێژراودا پاشگرەکانی (/-یی/، مامۆستایی، منداڵی، /-ایەتی/، کوردایەتی، برایەتی) (سەرچاوەی پێشوو: 56،58)، خستووەتەڕوو. هەر لەم بارەیەوە باسی چەند پاشگرێکی تری کردووە، کە دەچنە سەر ئاوەڵناوو ناوی ئەبستراکت دروستدەکەن. لەوانەش "ئاوەڵناوی ڕەسەن کاتێك گونجا لەگەڵ پاشگرێکدا لە ئاوەڵناوەوە دەپەڕێتەوە بۆ ناوی واتایی بەزۆریش ئەم پاشگرانە وەردەگرن:- /یی/، /ایی/، /ێتی/، /ایەتی/، /انی/ ". (سەرچاوەی پێشوو: 128).

**(بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد)** لە کتێبی **(ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی)**، ناو لەڕووی سەربەخۆیی هەبوونەوە دابەشدەکات بەسەر ناوی مادی و گوزارەدا، کە مەبەست لەناوی (کۆنکرێت و ئەبستراکت)ە، لەسەرەتاوە بە پێناسەی ناوی کۆنکرێت و ئەبستراکت و تێڕوانینی ڕێزمانی فارسی و ئینگلیزی بۆ هەریەکە لەناوی کۆنکرێت و ئەبستراکت دەچێتە ناو بابەتەکەوەو دواتر سەبارەت بە جۆرەکانی ناوی ئەبستراکت دەنووسێت: "ناوی گوزارە لەبنەڕەتدا دوو جۆری هەیە: 1- بنجی: ئەو ناوانە دەگرێتەوە کە هەر لەبنچینەدا بۆ گوزارە دانراون وەك: باوەڕ، جەنگ، هۆش، زانین، ترس، مەرگ.، 2- دروستکراو: ئەو ناوانە دەگرێتەوە کە لەوشەیەکی ترەوە وەرگیراوە بەهۆی ئامراز وەیا داڕشتنێکی تایبەتییەوە، بەزۆریش لەناوو ئاوەڵناوەوە وەردەگیرێت لەڕێی بەکارهێنانی پاشگرەوە:

أ- دروستکردنی لەناوەوە:

کورد + ایەتی = کوردایەتی

پیاو + ەتی = پیاوەتی

کوڕ + ێنی = کوڕێنی

ب- دروستکردنی له ئاوه‌ڵناوه‌وه‌:

جوان + ی = جوانی

ڕه‌ش + ایی = ڕه‌شایی

دۆست + ایه‌تی = دۆستایه‌تی

خراپ + ه = خراپه". (لیژنه‌ی زمان و زانسته‌کان له کۆڕی زانیاری کورد: 2011: 22،23).

(**شێرکۆ حه‌مه ئه‌مین**) له‌نامه‌ی ماسته‌ره‌که‌یدا، (**مۆرفیمه به‌نده لێکسیکی و ڕێزمانییه‌کان و ئه‌رکیان له‌دیالێکتی گۆراندا**)، سه‌باره‌ت به‌و پاشگرانه‌ی ده‌چنه سه‌ر ناوو ئاوه‌ڵناو و ژماره‌و ده‌یانکه‌ن به‌ناوی ئه‌بستراکتی داڕێژراو به‌م جۆره‌ی خواره‌وه پۆلێنی کردووه‌:

1- ناو + پاشگر:

-ی: منداڵ + (-ی) = منداڵی

-ه‌تی: پیاو + (-ه‌تی) = پیاوه‌تی

-یه‌تی: دز + (-یه‌تی) = دزیه‌تی/دزێتی

-ایه‌تی: دوژمن + (-ایه‌تی) = دوژمنایه‌تی

- ێنی: کوڕ + (-ێنی) = کوڕێنی

-ینی: ماته‌م + (-ینی) = ماته‌مینی

-نده: گاز+ (-نده) = گازنده.(شێرکۆ حه‌مه ئه‌مین: 2002: 41، 42).

ب- ئاوه‌ڵناو + پاشگر:

- ی: جوان + (-ی) = جوانی

- ێتی: گه‌وره + (-ێتی) = گه‌وره‌ێتی

- ایی: تاریك + (-ایی) = تاریکایی

- ایه‌تی: بڵند + (-ایه‌تی) = بڵندایه‌تی

- ه: خراپ + (-ه) = خراپه

- انه: پاك + (-انه) = پاکانه

- ا: گه‌رم + (-ا) = گه‌رما (سه‌رچاوه‌ی پێشوو: 43)

پ- ژماره + پاشگر:

- ه: سه‌د + (-ه) = سه‌ده

- یه‌تی/ێتی: یه‌ك + (-یه‌تی/ێتی) = یه‌کیه‌تی/یه‌کێتی. (سه‌رچاوه‌ی پێشوو: 44).

(**ڕه‌شیدێ کورد**) له کتێبی (**ڕێزمانا زمانێ کورمانجی**) سه‌باره‌ت به ناوی ئه‌بستراکت، که ئه‌م زاراوه‌ی (**ڕازبه‌ر/معنوی**) بۆ به‌کارهێناوه‌، ده‌بێژێت: " ناڤێ ڕازبه‌ر- ناڤێ تشته‌کی نه‌دیتبه‌ره‌، ئانگۆ تشته‌کی بێ

جان و لاش ب ناڤ دکە، وەك: گیان، بەخت، بێش. تشتەکی بەرچاڤ، بەردەست، ب ناڤێ گیان. بەخت و بێش ئەم نەکارن ببینن. لێ د پەیڤ و گۆتنێ دە ئەم هەر گاڤ ل وان راست تێن، و وەك تشتێن بەرچاڤ ئەم وان ناس دکن". (ڕەشیدێ کورد: 2008: 35).

**(نەرمین عومەر)** لە نامەی ماستەرەکەیدا بەناوی **(بە بەرهەمی لەمۆرفۆلۆژی کوردیدا)**، باسی چەند پاشگرێکی کردووە، کە دەچنە سەر ناو و ئاوەڵناو و ناوی ئەبستراکت دادەڕێژن، لەوانە: " پاشگری /-یی/، پاشگرێکی بە بەرهەمەو دەچێتە سەر ناو و ئاوەڵناو و ناوی نابەرجەستە دادەڕێژێت: /جوانی، چاکی، خراپی، منالی...../ "، (نەرمین عومەر:2010: 40)، دواتر دەچێتە سەرباسی پاشگرەکانی ترو لەژێر ناوی پاشگری /-ایەتی/ و ئەلۆمۆرفەکانی، دەڵێت: " بەهۆی گۆڕانی فۆنەتیکییەوە ئەم پاشگرە بەچەند فۆرمێك دەردەکەوێت، پاشگرەکانی /-یەتی/~ /-ەتی/~ /-ێتی/ ئەلۆمۆرفی ئەم پاشگرەن"، (سەرچاوەی پێشوو: 41)، هەروەها باسی گرنگترین هۆکارەکانی ڕێگەخۆشکەری و ڕێگرییەکانی ئەم مۆرفێمانەی کردووە، لە بەرهەمهێنان و داڕشتنی وشەی نوێدا.

لە کتێبی **(زمان و ئەدەبی کوردی – پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی)**، ناوی لەڕووی هەبوونەوە دابەشکردووە بۆ ناوی (بەرجەستە، واتایی)، کە ناوی واتایی/ئەبستراکتی بەم جۆرە ناساندووە: "ناوێکە لەخۆیدا بوونی سەربەخۆی نییە، بەر هیچ یەك لە هەستەکانی مرۆڤ ناکەون، تەنیا لە بیرو خەیاڵدا پەیدا دەبن، ئەویش دوو جۆرە:

أ- بنجی

ب- دروستکراو". (لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە: 2009: 70).

دیارە کۆی ئەو بیروڕایانەی، سەبارەت بە ناوی ئەبستراکت و پێزی مۆرفێمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت خستمانەڕوو، هەموویان ڕەنگدانەوەی فۆناغ و سەردەمێکی دیاریکراو و بیری خاوەنەکانیانن بەگشتیی، بۆیە هەوڵ دەدەین پوختەی سەرنجەکانی خۆمان لەدوو ڕوانگەوە بخەینەڕوو، کە ئەوانیش:

یەکەم/ هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی لایەنی هاوبەشی بابەتەکان.

دووەم/ جیاکردنەوەی لایەنی جیاوازییان، هەر لەم گۆشەنیگایەشەوە هەوڵ دەدەین سەرەتا بە چەندخاڵێك گرنگترین لایەنە لێکچووەکانیان بخەینەڕوو:

1- خاڵی هاوبەشی زۆربەی توێژەرەکان لە پێناسەکانیاندا دەردەکەوێت، کە هەموویان جەختیان لەوەکردووەتەوە، کە ناوی ئەبستراکت ناوێکە تەنها هەر لەبیردایە و مرۆڤ ناتوانێت لە ڕێگەی یەکێ لە پێنج هەستەکانیەوە هەست بە بوونی بکات، واتە وجودێکی ماددی سەربەخۆی نییە. دیارە لەم —

پێناسەیەشدا هەموویان مەرج نییە گرنگیان بە هەر پێنج هەستەکە دابێت. واتە زیاتر لە لایەنی سیمانتیکییەوە پێناسەی ناوی ئەبستراکتییان کردووە.

2- زۆربەیان لە دەستنیشانکردن و خستنەڕووی پاشگرەکاندا ئەو کۆمەڵە پاشگرەیان خستووەتەڕوو، کە دەچنە سەر ناو و ئاوەڵناو ناوی ئەبستراکت دروستدەکەن، هەندێکیشیان باسی چەند پاشگرێکیانکردووە، کە دەچنە سەر ڕەگی کردار و ژمارە بۆ داڕشتنی ناوی ئەبستراکت. ئەمە جگەلەوەی پاشگری واشیان دیاریکردووە، کەوا ناوی ئەبستراکت دانارێژێت، وەك پاشگرەکانی (/–ەمەنی/، لە خواردەمەنی، /-یان/ لە گەرمیان). (نوری عەلی ئەمین: 1958: 63، 64).

3- لێکۆڵینەوەکان بە حوکمی ئەوەی لێکۆڵینەوەی تایبەت نین، سەبارەت بە ناوی ئەبستراکت و مۆرفێمە داڕێژە ئەبستراکتییەکان، بە شێوەیەکی سەرپێیی پێناسەی ئەم بابەتە و جۆرەکانیان کردووە و مۆرفێمە داڕێژە ئەبستراکتییەکانیان ڕیزکردووە و نموونەیان بۆ هێناوەتەوە. واتە بە شێوەیەکی ورد باسی یەك بە یەکی پاشگرەکان و بەرهەم و تایبەتمەندی هەر یەکێکیان و پێز و چالاکییان، بەپێی بەشداریکردنیان لەڕۆنانی کەرەسەی نوێی زماندا نەکراوە.

گرنگترین خاڵی جیاوازیشیان بریتییە لە:

1- (فاروق عومەر سدیق) لە وتاری (مۆرفۆلۆژی لە زمانی کوردیدا)، بە شێوەیەکی زانستییانە و لە سەر بنەمای ڕێبازی مێژوویی هەردوو پاشگری /-ی/ی ئەبستراکت و /-ی/ی نیسبی بردۆتەوە سەر بنجەکانیان، کە یەکەمیان لە سۆفێکسی ئێرانی کۆن /-یە/ و دووەمیان لە سۆفێکسی ئێرانی کۆن /-یك/ەوە هاتووە، ئەمە جگە لە دیاریکردنی یاساو پێکهاتەی ئەو ناوە سادە و لێکدرا و داڕێژراوانەی، کە ئەم دوو پاشگرە سازیدەکەن، بەڵام جاری وایە توێژەران بە یەك سۆفێکس تەماشای ئەم دوو پاشگرەیان کردووە بۆ نموونە (سەعید سدقی کابان) لە دیاریکردنی چەند ئەرکێك بۆ (ی)، ئەم پاشگرەی لە وشەکانی (کەرکوکی و هەولێری، شێتی،......)، بەیەك پاشگر ئەژمار کردووە.

2- نوری عەلی ئەمین لە کۆی هەرچوار بەرهەمەکەی باسی هەموو ئەو پاشگرە ئەبستراکتییانەی کردووە، کەوا دەچنە سەر ناو و ئاوەڵناو ڕەگی کردار و ناوی ئەبستراکت ڕۆدەنێن، بەڵام لە هەندێ شوێندا لەهێنانەوەی نموونەکاندا سەرکەوتوو نەبووە، بۆ نموونە لە باسی پاشگری /-ەتی/ نموونەکانی (پیاوەتی و خۆشناوەتی) بە یەکجۆر ناو تەماشاکردووە، کە دووەمیان ناوی ناوچەیەك/شوێنێکە، پاشگرەکانی (/-ی/ و /-یی/) بەدوو پاشگری جیاواز داناوە، کە هەردووکیان هەریەك پاشگرە و دووەمیان بەهۆی هاتنی دەنگێکی ڤاوڵ لە کۆتاییەوە دروست دەبێت، وەك: گەورە..... گەورەیی.

3- (محەمەد مەعروف فەتاح) لە وتاری (هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو) بە شێوەیەکی ورد و زانستیی لەڕووی واتاییەوە باسی ئەو پاشگرانەی کردووە، کەوا دەچنە سەر ئاوەڵناو و ناوی ئەبستراکت دادەڕژێن و پاشگرەکانی بەپێی واتای ئاوەڵناوەکان لەڕووی بارستایی و ڕەنگ و ڕواڵەتەوە خستووەتەڕوو.

4- ئەورەحمانی حاجی مارف لە کتێبی (ڕێزمانی کوردی مۆرفۆلۆژی – ناو –)، بەشێوەیەکی ڕێکوپێك پێناسەی ناوی ئەبستراکت و جۆرەکانی ناوی ئەبستراکتی کردووە و گرنگترین ئەو پاشگرانەشی خستووەتەڕوو، کەوا دەچنە سەر ناو و ئاوەڵناو و ناوی ئەبستراکت دروستدەکەن و نموونەی بۆ هەموویان هێناوەتەوە و تێکەڵی نەکردوون و ڕەچاوی گۆڕانی فۆنۆلۆژی کردووە.

5- ڕۆژان نوری عەبدوڵا لە کتێبی (فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی) باسی چەند پاشگرێکی کردووە، کەوا وەك پاشگری داڕێژی ناوی ئەبستراکت ئەژماری کردوون، بەلأم ئێمە پێمان وانییە ئەمانە پاشگری ناوی ئەبستراکت بن. وەك: لەباسی پاشگری /-انە/ نموونەی (پیاوانە، ژنانە)ی هێناوەتەوە، بەلأم ئەم دوو نموونەیە هەردووکیان ئاوەڵناوی داڕێژراون نەك ناوی ئەبستراکت و هەندێجار لە سیاقی ڕستەدا وەك ئاوەڵکرداریش بەکاردێن، دەیتوانی نموونەی وەك: (پاکانە، سوورانە) بهێنێتەوە. هەروەها پاشگری /-یی/ بە سەربەخۆ باسکردووە و نموونەکانی (ئاسوودەیی و کۆیلەیی....) بۆ هێناوەتەوە، بەلأم ئەم پاشگرە سەربەخۆ نییە و هەمان پاشگری /-ی/ەو گۆڕانی فۆنۆلۆژی ئەو (ی)ی کۆنسۆنانتەی هێناوەتە ناوەوە. (ڕۆژان نوری عەبدولا: 2007: 43). هەر لەم بارەیەوە پاشگرەکانی (وار/ەوار، ......دژوار/ئومێدەوار)، (ەواری...... کوردەواری/خوێندەواری)، (بایی..... شیربایی)، (ەوەری...... بەختەوەری)، (یاری..... بەختیاری)، (ەکی...... لاوەکی)(سەرچاوەی پێشوو: 45، 46، 47). بە پاشگری داڕێژی ناوی ئەبستراکت لە قەڵەمداوە. بەڕای ئێمە ئەم پاشگرانە هیچیان پاشگری داڕێژی ناوی ئەبستراکت نیین، بۆ نموونە پاشگرەکانی (/- وار/، /- ەوار/)، هەردووکیان ئاوەڵناوی داڕێژراویان دروستکردووە، پاشگرەکانی (/- ەوار/، /- ەوەر/، /- یار/) بەهەمان شێوە ئاوەڵناوی داڕێژراو ڕۆدەنێن، بەلأم تەنها /- ی/ یائەکە پاشگری ئەبستراکتەو چووەتە سەر ئەو ئاوەڵناوە داڕێژراوانەو ناوی ئەبستراکتی داڕێژراوی سازکردووە، وەك: بۆیاخچی + یێتی = بۆیاخچێتی، لێرەدا پاشگرە ئەبستراکتییەکە /– یێتی/یە، نەك (چێتی). ئەمە جگە لەوەی، کە لە نموونەیەکی وەك: (شیربایی) وشەکە (شیربەها)یە، واتە وشەیەکی لێکدراوە، بەلأم کاتێك، کە پاشگری داڕێژی ئەبستراکتی /- ی/ چووەتە سەری بووە بە (بەهایی) دواتر گۆڕاوە بۆ (بایی)، بە واتای (نرخ = قیمەت= بەها)، سەبارەت بە پاشگری /-ەکی/ نوری عەلی ئەمین دەڵێت: " ئەم پاشگرە بلکێنرێ بە دوای هەر وشەیەکەوە ئەیکا بە سیفەی خەبەری". (نوری عەلی ئەمین: 1958: 28).

## 9/2 ناساندنی ناوی ئەبستراکت و مۆرفێمەداڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت:

ناو لە زمانی کوردیدا لەڕووی سەربەخۆیی هەبوونەوە دابەشدەبێت بۆ ناوی (ماددی/کۆنکرێت)، ناوی (نامادی/ئەبستراکت)، سەبارەت بە ناوی ئەبستراکت و کۆنکرێت، یاخود وشە ئەبستراکت و —

کۆنکرێتییەکان زمانەوانی ڕووس (بوداگەڤ)، دەڵێت: "ئەگەر بێت و بەراوردی ئەم وشانە بکەین (خۆشەویستی، خەمخواردن، ترس، بیرکردنەوە، ....)، لەگەڵ وشەکانی (مێز، چەقۆ، تەور)، یەکسەر ئەوەت بۆ دەردەکەوێت، کەوا کۆمەڵی یەکەم ئەبستراکتن و کۆمەڵی دووەم کۆنکرێتن." (بوداگەڤ: 1958: 30)، هەر سەبارەت بەم دوو گروپە ناوە پێی وایە، کە ئەو میللەتانەی، خاوەن شارستانیەتی پێشکەوتوون و بەیەکێ لە زمانە گەشەسەندووەکان دەدوێن، جیاوازی ناکەن لە نێوان ئەم دوو گروپەدا، چونکە خاوەنی بیرێکی فراوان و تێگەیشتنێکی قوڵن بۆ شتەکان، بەڵام ئەو میللەتانەی، کەوا زمانەکەیان کەمتر گەشەی سەندووە، جارێ سیستێمی ئەبستراکت خۆی ڕێکنەخستووە، دیارە ئەم جیاوازییەش بە کەمووکورتی لە زمانەکان، یاخود لە سروشتی مرۆڤەکاندا نابینێت، بەڵکو پەیوەستی دەکات بە گەشەسەندنی مێژووەوە، بۆیە دەڵێت: "گیروگرفتی کێشەی گەشەسەندنی وشە ئەبستراکتییەکان ئەمان بات بەرەو کێشەی گەشەسەندنی مێژوی زمان." (سەرچاوەی پێشوو:31).

واتە ئەو کۆمەڵگایانەش ئەگەر هەلیان بۆ هەڵکەوێ و ببنە خاوەنی شارستانیەت و زمانێکی گەشەسەندوو ئەوا ئەوانیش دەبنە خاوەنی چەمکە ئەبستراکتییەکان، هەروەها سەبارەت بەو میللەتانەی، کە ناوی ئەبستراکتییان کەمە دەڵێت: "ئەو میللەتانەی ، کە کەمی مەفهوم و چەمکیان هەیە، واتە ناوی ئەبستراکتیان نییە یان کەمە ئەمە وایکردووە، کەوا ناوی جیاوازی کۆنکرێتی لە شتوومەك بنێن، بۆ نموونە لای (سی ئامەکان)، بیست وشەیان هەیە بۆ جۆری جیاوازی سەهۆڵ، چل و یەك وشەیان هەیە بۆ شێوە جیاوازەکانی بەفر." (سەرچاوەی پێشوو: 30).

کەواتە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و ناساندنی ناوی ئەبستراکت هەوڵ دەدەین سەرەتا باسی هەریەکە لە ناوی کۆنکرێت و ناوی ئەبستراکت، بە جیا بکەین و لەم ڕووەوە ڕای زمانەوانان بۆ هەریەکەیان بە جیا بخەینەڕوو:

## یەکەم/ ناوی کۆنکرێت: (concrete noun)

ناوی کۆنکرێت سەرجەم ئەو ناوانە دەگرێتەوە، کە بوونەتە هێما بۆ شتێکی دیاریکراو و بەرهەست و مرۆڤ لەڕێگەی یەکێك لە هەستەکانییەوە یان زیاتر لە هەستێکییەوە هەست بە بوونی دەکات و بوونێکی سەربەخۆیان هەیەو بەشێوەیەکی فیزیکی شوێنێکی داگیرکردووە لەم دونیایەدا، واتە مرۆڤەکان دەتوانن شتە ماددییە هەستپێکراوەکان، هەست پێبکەن و جیایان بکەنەوە لە شتی زەینی و نادیار، چونکە جیاوازی بنەڕەتی ناوی کۆنکرێت لەگەڵ ناوی ئەبستراکتدا لەوەدایە، کە ناوی کۆنکرێت لە دەرەوەی زمان ئاماژەدەرێکمان بۆی هەیەو مرۆڤ دەتوانێت هەستی پێ بکات، بەڵام بە پێچەوانەوە ناوی ئەبستراکت هیچ ئاماژە دەرێکی ماددیمان بۆی نییە، تاوەکو مرۆڤ هەست بە وجودی بکات، بەڵکو مرۆڤەکان پێویستیان بە تێگەیشتن هەیە بۆ ناوە ئەبستراکتییەکان، ئەمە جگە لەوەی، کە لەڕووی لایەنیستراکچەرییەوە ناوە کۆنکرێتییەکان خاوەنی پێکهاتەی سادە، لێکدراو، داڕێژراون، بەڵام بەپێچەوانەوە ناوە ئەبستراکتییەکان، تەنها خاوەنی پێکهاتەی سادە، کە ناوە ئەبستراکتییە بنجییەکان دەگرێتەوە، لەگەڵ پێکهاتەی داڕێژراو، کە ناوە ئەبستراکتییە ڕۆنراوەکان دەگرێتەوە.

هەروەها لەلایەنی سیمانتیکیشەوە ناوە کۆنکرێتییەکان دەربڕی واتای هەندەکی و بەرهەستن، وەك (شاخ، پیاو، گوڵ، ....................هتد)، بەپێچەوانەوە ناوە ئەبستراکتییەکان دەربڕی واتای هەمەکی و زەینین وەك: (پیاوەتی، جوانی، قوڵی، ..................هتد). هەر بۆیە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ناوی کۆنکرێت پێناسە و تێڕوانینی زمانەوانان لەم لایەنەوە دەخەینەڕوو:

1- ناوی کۆنکرێت ئەو ناوەیە، کە هەستی پێ دەکرێ و دەبینرێ و دەژمێررێت. وەك: بەراز. (Randolph Quirk :1985:247).

2- ناوی کۆنکرێت ئەو ناوەیە، کە بوونێکی سەربەخۆی هەیە و توانای دەستلێدان و بینینی هەیە، بە واتایەکی تر هەرشتێك بوونێکی ماددی هەبێت، ئەوا ناوی کۆنکرێتە. وەك: پیاو، بەرد، درەخت، ئەسپ...... (طلعت بصاری: 1348: 14).

3- ناوی کۆنکرێت ناوێکە ئاماژە بە شتە فیزیکییەکان دەکات، زیاتر لەوەی ئاماژە بە جۆرایەتی و حاڵەت و کردەیەك بکات. وەك: کتێب، ماڵ...... Jack C. Richards and Richard) Schmidt: 2010: 114).

## دووەم/ ناوی ئەبستراکت: Abstract Noun

وەك پێشتر وتمان ئەبستراکت بریتییە لە جیهانی نادیار و ئەودیوی شتەکان، هەربۆیە لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر قسە لەسەر ناوی ئەبستراکتیش بکەین، ئەوا دەبێت ئەوە بخەینەڕوو، کە ناوی ئەبستراکت بریتییە لە ناوی هەموو ئەو شتانەی، کە ئێمەی مرۆڤ ناتوانین بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەست بە بوونیان بکەین، چونکە لە جیهانی بەرهەستی ئێمەدا بوونیان نییەو پێویست دەکات لەڕێگەی دید و تێگەیشتن و بیرکردنەوەوە بگەینە واتاکانیان و لێیان تێبگەین، چونکە ناوی ئەبستراکت بەگشتی لەلایەنی سیمانتیکییەوە دەلالەت لە چەند بوارێك دەکات وەك:

1—دەلالەت لە بار و حاڵەتێك دەکات، وەك: نەخۆشی، جوانی، شێتی، ....................هتد.

2—دەلالەت لە ڕەوشێك دەکات، وەك: ئاشتی، هێمنی، شۆڕش، ........................هتد.

3—دەلالەت لە کردە و ڕووداوێك دەکات، وەك: گۆڕان، ڕۆیشتن، تێگەیشتن، شەڕ، ........هتد

4— دەلالەت لە باوەڕی مرۆڤ دەکات، وەك: خێو، پەری، جنۆکە، ................هتد.

5—بە واتای شتی زانستی و بیرکاریانە دێت.

6— دەلالەت لە کات و کێشانە و پێوانە دەکات، وەك: سەعات، چرکە، کیلۆ، مەتر، ...............هتد

هەر لەبارەی ناوی ئەبستراکتەوە زمانەوانان بەم شێوەیە باسیانکردووە:

1- ناوی ئەبستراکت ئەو ناوەیە، کە ئاماژە بۆ شتێك دەکات، کە هیچ شێوەیەکی فیزیکی نییە (بەرجەستە)، یاخود ناتوانرێت ببینرێت و دەستی لێبدرێت. هەروەها ناوی ئەبستراکت زۆربەی کات ئاماژە بۆ بیرۆکە، یاخود هەست دەکات. بۆ نموونە: بیرۆکە: وەك (پەروەردە – education)، هەست: وەك (خۆشەویستی – love). ( Geoffrey leech :2001:9).

2- ناوی ئەبستراکت ناوێکە، کە بوونێکی سەربەخۆی نییە و وابەستەی بوونی ترە، توانای دەستلێدان و بینینی نییە. وەك: زانین، هۆش، گوێگرتن.....( طلعت بصاری: 1348: 14 ).

3- ناوی ئەبستراکت ئەو ناوەیە، کە ناتوانرێ ببینرێ و ناشژمێردرێت، وەك: (قورسی/قورسایی)، بەلاَم ناوی ئەبستراکت هەندێکجار دەتوانرێت بژمێردرێت، وەك: (تێبینیی: remark – remarks)، هەندێجاریش ناژمێردرێت، وەك: (گەرم: warmth). (Randolph Quirk :1985:247).

کەواتە لە کۆی پێناسەکانەوە دەگەینە ئەو خاڵەی، کەوا ناوی ئەبستراکت: ئەو ناوەیە، کەوا ناتوانرێت دەستی لێبدرێت و ببینرێت بە هەمان ئەو شێوازەی کە مامەڵە لەگەڵ ناوی کۆنکرێتدا دەکەین, بەڵکو بۆ گوزارشتکردن لەو شتانە بەکاردێت کە لە زەیندا بوونیان هەیە, ئەمانە بوونێکی فیزیکییان نییە و ناتوانرێن بۆنبکرێن و تامبکرێن و ببینرێن, ئەمەش پێچەوانەی ناوی کۆنکرێتە, واتا لە ڕێی هەستە فیزیاییەکانەوە نازانرێن, وەك: (خۆشەویستی، ئازایەتی، جوانی، بەخت، ڕووزەردی، تاڵی، دادپەروەری، ........هتد) ئەمە لە کاتێکدایە، کەوا ناوی کۆنکرێت دەتوانرێت ڕاستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت, واتە ئەو ناوانەیە، کە وجودێکی فیزیکییان هەیە و لە ڕێگەی یەکێ لە هەستەکانەوە هەست بە بوونیان دەکرێت. وەك: دار، گوڵ، مێز، ئەسپ، ناوی تایبەتی مرۆڤ (ئازاد، نەوزاد، نەوا.........).

هەر سەبارەت بەم بابەتەو تایبەت بە گروپی مۆرفێمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت، دەتوانین بڵێین: بەشێوەیەکی گشتی مۆرفێمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت، بریتین لە پۆلێك، لە مۆرفێمە بەندە لێکسیکییەکان و بەشداریدەکەن لە داڕشتن و سازکردنی وشەی نوێدا، واتە ئەم گروپە وەك پۆلێکی گرنگی وشەداڕێژی ناو دەچنە سەر ناو و ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا بەگشتی و لە چەند حاڵەتێکی کەمیشدا دەچنە سەر ژمارە و ڕەگی کردار و ناوی ئەبستراکت دادەڕێژن، ئەوەی ئەم گروپەی لە مۆرفێمە داڕێژەکانی تری وەك (مۆرفێمەکانی بچوککردنەوە و پیشەو شوێن)، جیاکردووەتەوە، ئەوەیە کەوا ئەم پۆلە مۆرفێمە جۆرێك لە وشە ڕۆدەنێن، کەوا لەڕووی واتاییەوە زۆر جیاوازە لە بەرهەمی مۆرفێمە داڕێژەکانی تری ناو لە زمانی کوردیدا، چونکە بەرهەمی مۆرفێمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت بریتین لەو حاڵەت و جۆرو ڕووداوانەی، کەوا دەلالەت لە شتی زیهنی/بیریی دەکەن و بەرهەمیان دەچێتە چوارچێوەی جیهانی ئەبستراکتەوە، بەلاَم مۆرفێمە داڕێژەکانی تری ناو بەپێچەوانەوە ئەو ناوانەی، کە دایدەڕێژن شت و کەرەسەی بەرهەستن و لە چوارچێوەی جیهانی کۆنکرێتدان و مرۆڤ هەست بە وجودیان دەکات. هەر سەبارەت بەم گروپە مۆرفێمە ئەوڕەحمانی حاجی مارف دەڵێت: "ناوی مەعنەوی دروستدەکەن. ئەو جۆرە ناوانەش مانای تەجرید (ئەبستراکت) دەبەخشن و واتای نەوعیەت و خاسیەت و بارو جۆری چالاکی ... یان تێدایە." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1979: 116).

هەر لەم بارەیەوە نوری عەلی ئەمین لە باسی چەند پاشگرێکی داڕێژی نـاوی ئەبسـتراکتدا دەنوسـێت: " ناوی مەعنەوی لەناو پـێ دروسـت ئـەکرێت." (نـوری عـەلی ئـەمین: 1960: 77). دەتـوانین بڵـێین بـە شـێوەیەکی گشـتی گروپـی مۆرفێمـە داڕێـژەکانی نـاوی ئەبسـتراکت بـریتین لـەو گروپـە چـالاکەی، کـە لەزمانی کوردیـدا ڕۆڵێکی یـەکجار گرنگیـان هەیـە لـە دەوڵەمەنـدکردنی فەرهـەنگی زمـانی کـوردی بـە وشەی ئەبستراکتی بەرامبەر بە وشـە کۆنکرێتییـەکان، چـونکە لەوانەیـە وشـە ئەبسـتراکتییەکانی وەك: (خەم، ئاشتی، ترس، بڕوا، ........)، کە لە بنجدا وشەی ئەبستراکتیین نەتوانن پێویستی قسەکەری کورد پڕبکەنـەوە، بۆیـە لەڕێگـەی ئـەم گروپـە مۆرفێمـەوە دەتوانرێـت دەیـان و سـەدان وشـەی نـوێ بـەواتای ئەبستراکتی و تەجریدەوە بێنە ناو فەرهەنگی زمانەکەمانەوە لە نموونەی وشەکانی (جـوانی، پیـاوەتی، کوردایەتی، کوڕێنی، تەنەکەچێتی، بەرزایی، گەرما، خراپە، ...........هتد).

ئـەم پاشـگرانەش بەشـێوەیەکی گشـتی دەچـنە سـەر نـاو و ئاوەڵنـاو و ڕەگـی کـردارو نـاوی ئەبسـتراکتی داڕێژراو سازدەکەن.

## 10/2 جۆرەکانی ناوی ئەبستراکت لەڕووی پێکهاتەوە:

ناوی ئەبستراکت لەڕوویستراکچەرەوە لە زمانی کوردیدا دابەش دەبێ بۆ دوو جۆری سەرەکی، کـە ئەوانیش:

**یەکەم/ ناوی ئەبستراکتی ئامادە/بنجی:** ئەو ناوانە دەگرێتەوە، کە هەر لە بنچینەدا بۆ گوزارە دانراون. وەك: باوەڕ، جەنگ، هۆش، زانین، ترس، مەرگ. (لیژنـەی زمـان و زانسـتەکانی کـۆڕی زانیـاری کورد: 2011: 22). واتە ئەم جۆرە ناوە لەڕووی واتاییەوە ئاماژە بە شتێکی زەینی/بیریی، دەکەن، کـە تەنها بە شێوەی وێنا/تەسەور لە مێشکی ئێمەدا هەن و هیچ زیادە و پاشگرێکیان نەچووەتە سەر، کـەوا بووبێتن بە ناوی ئەبستراکت. بەڵکو خۆیان لە بنەڕەتدا ناوی ئەبستراکتن و هیچ سیفەتێکی ماددی یـان تێدا نابینرێت و تەنها لە ڕێگەی ئەو کاردانەوانەی، لە کـاتی دەربـڕین و نووسـینی ئـەم جـۆرە وشـانەدا لەبەرامبەر گوێگر/خوێنەردا دروستی دەکەن لە زەین و مێشکی ئێمەدان و ئێمە هەست بـە کاریگـەریی و کاردانەوەکانی ئەم جۆرە وشانە دەکەین لە لای خۆمان، کە لەوەیە ئەم هەستکردنە لە نێوان کەسـێك و کەسێکی تردا جیاواز بێـت، بـۆ نموونـە هەسـتکردن بـە (تـرس، شـەرم، سـەرما، گـەرما، ئاشـتی، شـەڕ، ئازار،...........هتد)، لە نێوان تاکەکاندا جیاوازە.

### دووەم/ ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو/ ڕۆنراو:

ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو بریتییە لەو جۆرە ناوەی، کـەوا بـە یارمـەتی سۆفێکسێك/پاشـگرێك، لـە ناوێکی مادی، یان ئەبستراکتەوە وەرگیراوە و نـاوێکی ئەبسـتراکتی لـێ داڕێـژراوە. دەتـوانین بڵـێین نـاوی ئەبســتراکت لــە زمــانی کوردیــدا بــەزۆری لــە نــاو، یــاخود ئاوەڵنــاو یــان ڕەگــی کــردارەوە ڕۆدەنرێت/دادەڕێژرێت. بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- ناو + سۆفێکسەکانی (/-ی/، /-ەتی/، /-ێتی/، /ێنی/، /-ایەتی/، /-یەتی/).

منداڵ + /-ی/ = منداڵی.

پیاو + /-ەتی/ = پیاوەتی.

بۆیاخچی + /-ێتی/ = بۆیاخچێتی.

کوڕ + /-ێنی/ = کوڕێنی.

خزم + /-ایەتی/ = خزمایەتی.

دز + /-یەتی/ = دزیەتی.

2- ئاوەڵناو + سۆفێکسەکانی (/-ی/، /-ایی/، /-ێنی/، /-ا/، /-ە/، /-انە/، /-ەتی/، /-ێتی/).

جوان + /-ی/ = جوانی.

بەرز + /-ایی/ = بەرزایی.

قۆز + /-ێنی/ = قۆزێنی.

گەرم + /-ا/ = گەرما.

خراپ + /-ە/ = خراپە.

پاك + /-انە/ = پاکانە.

سپی + /-ەتی/= سپیەتی.

سور + /-ێتی/ = سورێتی.

3- ڕەگی کردار + سۆفێکسەکانی(/-ار/ ،/-ە/، /-ست/، /-ش/).

وت + /-ار/ = وتار

پرس + /-ە/ = پرسە

زان + /-ست/ = زانست

ڕەو + /-ش/ = ڕەوش

4- ژمارە + سۆفێکسەکانی (/-ە/، /-ێتی/).

یەك + /-ێتی/ = یەکێتی

سەد + /-ە/ = سەدە

## 11/2 تایبەتمەندییەکانی ناوی ئەبستراکت و مۆرفێمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت لە زمانی کوردیدا:

بەشێوەیەکی گشتی ناوی ئەبستراکت و مۆرفێمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت، لە زمانی کوردیدا خاوەنی چەند تایبەتمەندی و خاسیەتێکن، کە ئەوانیش:

1- یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ناوی ئەبستراکت بەگشتی، ئەو ناوانەش، کەوا گرووپی پاشگرە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت سازیدەکەن، ئەوەیە، کەوا بوونێکی سەربەخۆیان نییەو لە جیهانی هەستپێکراودا ئاماژەدەرمان بۆیان نییە وەك کەرەسە و ناوێکی کۆنکرێتی، بۆ نموونە ئێمە کاتێك دەڵێین (فڕۆکەوان)، ئەوا لە دەرەوەی زمان ئاماژەدەرمان بۆی هەیە و بریتییە لە کەسێك/مرۆڤێك، کەوا پیشەی فڕۆکەوانییە، بەڵام کە دەڵێین (فڕۆکەوانی)، ئەوا هیچ ئاماژەدەرێکی ماددیمان لە دەرەوەی زماندا بۆی نییە، کە بتوانین ئاماژەی بۆ بکەین و هەست بە بوونی بکەین.

2- منداڵ لە سەرەتای وەرگرتن و فێربوونی زمان و لەکاتی زمانپژاندنیدا ناتوانێت ناوە ئەبستراکتییەکان وەربگرێت و فێریان ببێت، چونکە منداڵ لەم قۆناغەدا واتای ئەو ناوانەی، کە وەریان دەگرێت بە خودی شتەکەوە لەدەرەوەی زمان دەبەستێتەوە، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتر و بەهۆی گەشەی مێشك و فراوانبوونی بیرییەوە، لەڕێگەی تێگەیشتنەوە هەست بە بوونی ناوە ئەبستراکتییەکان دەکات و دەیانناسێت.

3- مۆرفێمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت وەك گرووپێکی چالاکی پاشگری وشە داڕێژی زمانی کوردی لە سازکردن و داڕشتنی وشەی نوێ و هێنانە ئارای چەمك و واتای نوێدا ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە. دیارە نەك زمانی کوردی، بەڵکو زۆر زمانی تریش سوود لە پاشگر وەردەگرن بۆ داڕشتنی ناوی ئەبستراکت بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی بەهۆی پاشگرەکانی (/ness–/، /ity–/، /th–/، /ty–/، /ment–/، /hood–/، .......هتد) لە وشەکانی (weakness – بێهێزی (لاوازی)، quality – جۆرایەتی، width – پانایی، honesty – ڕاستگۆیی، treatment – چارەسەرکردن، childhood – منداڵی). (Leech:2001:11). هەروەها زمانی فارسیش یەکێکە لەو زمانانەی، کەوا سوود لە پاشگر وەردەگرێت بۆ ڕۆنانی ناوی ئەبستراکت، بۆ نموونە پاشگرەکانی (/-ش/، /-ە/، /-ار/، /-ی/، /-گی/، .....هتد) لە نموونەکانی (دانش – زانین، اندیشە – بیرکردنەوە، دیدار – بینین/چاوپێکەوتن، کودکی – منداڵی، تیمارگی– ، ......هتد). (طلعت بصاری: 1348: 36 بۆ 52).

4- بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ناوی ئەبستراکت لەڕووی واتاییەوە دەلالەت لە واتای گشتی دەکات، یاخود لایەنی گشتێتی تێیدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە ئێمە کاتێك دەڵێین (مامۆستا)، ئاماژە بۆ ڕەگەزێك، یان پۆلێك دەکەین، بەڵام کاتێك دەڵێین (مامۆستایەتی)، ئەوا بەشێوەیەکی گشتی مەبەستمان لە پیشەی هەموو مامۆستایەکە، نەك مامۆستایەکی دیاریکراو. واتە ناوی ئەبستراکت خاوەنی واتای هەمەکییە، بەڵام ناوی کۆنکرێت خاوەنی واتای هەندەکییە. واتە دەتوانین بڵێین هەموو ناوێکی گشتی خاوەنی ئەم تایبەتمەندییەیە.

5- یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی گرووپی پاشگرە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت ئەوەیە، کەوا ——

(ئەبستراکت و کۆنکریت)، تیۆری و کردەیی لە یەکجیاکردووەتەوە، کە ئەمەش وای لە مرۆڤ کردووە بەگشتی بتوانێت کۆنترۆڵی ژیان و واقیع بکات. بۆ نموونە (پیاو) ناوێکی کۆنکریتە، بەلاّم (پیاوەتی) ناوێکی ئەبستراکتە، واتە لێرەدا پاشگری /- ەتی/، وایکردووە ئەم دوو ناوە لەڕووی واتاوە جیاوازبن و سەربە دوو جیهانی جیا بن، کە ئەویش جیهانی ئەبستراکت و کۆنکریتە.

6- یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەم گروپە وشە داڕێژە، بریتییە لە گۆڕینی چەمکی واتای وشەکان، بۆ نموونە (پیاو)، خاوەنی سیماواتاییەکانی (+مرۆڤ، +هەراش، +نێر، +کۆنکریت، ......هتد)، بەلاّم کاتێك پاشگری /- ەتی/ بۆ زیاددەکەین، (پیاوەتی)، واتای چەمکەکەی دەگۆڕێت و دەبێتە خاوەنی سیماواتاییەکانی (- مرۆڤ، - تەمەن، - ڕەگەز، - کۆنکریت، + کردە/چاکە، ......هتد).

7- هەندێك لە پاشگرە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت بەشداریدەکەن لە گۆڕینی پۆلی ئاخاوتنی وشەکان، بۆ نموونە لە کەتیگۆرییەکانی (ئاوەڵناو، کردار، ژمارە)ەوە، بۆ کەتیگۆری (ناو)، وەك:

ئاوەڵناو + پاشگر = ناوی ئەبستراکت....(جوان + /-ی/ = جوانی، بەرز + /-ایی/ = بەرزایی،.....هتد).

ڕەگی کردار + پاشگر = ناوی ئەبستراکت...... (کوشت + /-ار/ = کوشتار، ........هتد).

ژمارە + پاشگر = ناوی ئەبستراکت ......... (سەد + /-ە/ = سەدە، یەك + /-ێتی/ = یەکێتی، ......هتد).

8- هەندێك لەم گروپە ڕەگەزو پۆلی وشە ناگۆڕن، وەك ئەو پاشگرانەی، کە دەچنە سەر ناو و ناوی ئەبستراکت ڕۆدەنێن. وەك:

منداڵ + /-ی/ = منداڵی.

پیاو + /-ەتی/ = پیاوەتی.

کوڕ + /-ێنی/ = کوڕێنی.

برا + /-ایەتی/ = برایەتی.

9- هەندێ لەم پاشگرانە زیاد لە ئەرکێك و بەکارهێنانێکیان هەیە و ناتوانین پێشبینی ئەرك و بەکارهێنانەکانیان بکەین، بە واتای ئەوەی بە لێڵی دەمێننەوە، بۆ نموونە:

أ- پیاو + /-ەتی/ = پیاوەتی

ئەرکە واتاییەکەی جیاوازە لە نموونەی

ب- خۆشناو + /-ەتی/ = خۆشناوەتی.

لە نموونەی (أ)دا ناوێکی ئەبستراکتی دروستکردووە.

لە نموونەی (ب)دا ناوی کردووە بە ناوی شوێن. (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید:2006: 58).

10 ئەم گروپە پاشگرە دەتوانن بچنە سەر ئەو وشانەی، کە بەهۆی هەندێك لە پاشگرە داڕێژەکانی ترەوە بوونەتە ناوێکی داڕێژراو، وەك:

**سەعات + /-چی/ = سەعاتچی + پاشگری بە ئەبستراکتکردن /–ێتی/ = سەعاتچێتی.**

**ئاسن + /-گەر/ = ئاسنگەر + پاشگری بەئەبستراکتکردن/-ێتی/ = ئاسنگەرێتی،**

**هەروەها لە نموونەکانی (دەوڵەمەندێتی، باخەوانێتی، نانکەرێتی، ...............هتد)، بە پێچەوانەوە پاشگرە داڕێژەکانی تر ناتوانن بکەونە دوای گرووپی پاشگرەکانی ناوی ئەبستراکتەوە، وەك: (★جوانیچی، ★مامۆستایەتیگەر، .............هتد)، هەروەها ئەم گرووپە لەگەڵ مۆرفێمە سینتاکسیەکاندا یاسای خستنەتەکیەکیان بەم شێوەیەیە:**

**(بناغە + م.داڕێژی ناوی ئەبستراکت + م. سینتاکسی)، وەك:**

**جوان + ی + ی + ەکە + ت = جوانییەکەت.**

**بناغە + و.د + ناوبەند + ڕێزمانی + ڕێزمانی**

# بەشی سێیەم:

# پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستڕاکت لە سازکردنی وشەی نوێدا

## 1/3 ڕێگاكانی سازكردنی  وشەی نوێ لەزمانی كوردیدا:

زمان وەك بەشێكی دانەبڕاو لە كۆمەڵ بەردەوام لەگەڵ گۆڕانكاری و گەشەسەندنەكانی كۆمەڵدا لە گۆڕان و نوێبوونەوەدایە، فەرهەنگی زمان، وشەو كەرەسەی نوێ وەردەگرێت لە ئەنجامی پێشكەوتن و هاتنەئارای كەرەسە و شتومەكی نوێ و زیادبوونی پێویستییەكانی مرۆڤ و لەدایكبوونی  قۆناغێكی نوێ لە ژیانی مرۆڤەكاندا لەڕووی سیاسی و كۆمەلایەتی و ئابووری و ئایینیەوە، بۆ ناونانی هەموو ئەم گۆڕان و لایەنە جیاوازانەی نێو كایە جیاوازەكانی كۆمەڵ و ژیان، زمان بەشێوەیەكی گشتی هەوڵ دەدات وشەی نوێیان بۆ سازبكات، یاخود وشەیان بۆ وەربگرێت. دیارە سازكردن و دانانی هێما بۆ هەموو ئەو گۆڕانانە پێویستی بە یاسا و دەستووری زمانەوانی هەیە و لەم ڕوانگەیەشەوە زمانی كوردی بەشێوەیەكی گشتی لەدوو ڕێگەوە هەوڵی سازكردن و دەوڵەمەندكردن و زۆربوونی وشەی فەرهەنگیی دەدات، كە ئەوانیش:

### یەكەم/ ڕێگای لێكدان:

ڕێگەی لێكدان، یەكێكە لە ڕێگە گرنگەكانی دەوڵەمەندكردن و فراوانبوونی وشەكانی فەرهەنگی زمانەكەمان لەسەر بنەمای ئەو وشانەی، كە لەفەرهەنگەكەماندا هەن و لە ئەنجامدا لەدایكبوونی وشەی نوێ بۆ دیاردەو ڕووداو و شتە نوێیەكان، كە دێنە زمانەكەمانەوە، ئەویش لەڕێگەی خستنەپاڵیەكی ڕاستەوخۆی دوو كەرەسەی واتادار، یاخود خستنەپاڵیەكی ئەو دوو كەرەسەیە بەهۆی كۆنجێكشنێكەوە، كە ئەوانیش بریتین لە ناوبەندەكانی /ـە، ـو، ـبە/، بۆ نموونە وەك:

1- بەبێ ناوبەند، وەك: دارتوو، ڕەشماڵ، ماستاو، ............
2- ناوبەندی /ـە/، وەك: تەڕەپیاز، سوورەماسی، گوڵەگەنم، ..............
3- ناوبەندی /ـو/، وەك: هێلكەوڕۆن، هاتوچۆ، لەرزوتا، ................
4- ناوبەندی /ـبە/، وەك: كولێرە بە قیمە، گوڵبەدەم، لێوبەبار، ...............

### دووەم/ ڕێگای داڕشتن:

زمانی كوردی بەشێوەیەكی فراوان ئەم ڕێگەیە بەكاردەهێنێت بۆ داڕشتن و سازكردنی وشەی نوێ لەبەرامبەر كەرەسە و دیاردە نوێیەكاندا، بۆ ئەم مەبەستەش مۆرفیمە داڕێژەكان (لێكسیكییەكان) لە شێوەی پێشگر و پاشگردا، وەك زیادییەك دەچنە سەر وشە واتادارەكان و لە ئەنجامدا واتا و پێكهاتەیەكی نوێ دێننە ئاراوە، وەك:

1- پێشگر (پریفێكس): هەڵچوون، داماڵین، وەرگەڕان، ..............هتد

2- پاشگر (سۆفێکس): برایەتی، کوردستان، مێرووله، ئاسنگەر، ..............هتد

کەواته پاش خستنەڕووی گرنگترین ڕێگاکانی سازکردنی وشەی نوێ له زمانی کوردیدا، هەوڵ دەدەین باسی پێز و بەرهەمی گروپێکی گرنگ له مۆرفێمه داڕێژەکانی زمانی کوردی بکەین، که ئەوانیش مۆرفێمه لێکسیکییەکانی داڕێژی ناوی ئەبستراکتین. دەمانەوێت بەجیا باسی هەریەك لەدانەکانی ئەم گروپه مۆرفێمه بکەین و ڕێژەی پێزو بەرهەمی هەریەکێکیان بخەینەڕو:

## 2/3 مۆرفێمی داڕێژی /–ی/ لەگەڵ ناو و ئاوەڵناودا:[1]

### یەکەم/ مۆرفێمی داڕێژی /–ی/ لەگەڵ ناودا:

ئەم سۆفێکسه ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری هەیه لەداڕشتن و سازکردنی ناوی ئەبستراکت لەناو و ئاوەڵناو، بەرهەمدارترین سۆفێکسه، لەناو گروپی پاشگره داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکتدا، به بەراورد به بەرهەم و ڕادەی بەشداریکردنی ئەم سۆفێکسه لەداڕشتنی وشەی نوێ و سازکردنی ناوی ئەبستراکتیدا لەگەڵ سۆفێکسەکانی تری هەمان گروپدا، دیاره هۆکاری بەپێزی ئەم سۆفێکسەو زۆری بەرهەمی ئەم پاشگره دەگەڕێتەوه بۆ:

1- پاشگری داڕێژی/–ی/، پاشگرێکه لەگەڵ زۆربەی بناغەکاندا دێت بۆ داڕشتنی ناوی ئەبستراکت، واته دەچێته سەر ناوو ئاوەڵناو و دەیانکاته ناوی ئەبستراکت. دیاره ئەمەش دەگەڕێتەوه بۆ لایەنی فۆنۆلۆژی ئەم پاشگره.
2- ئەم پاشگره لەڕووی پێکهاتەوه سادەیه، واته یەك مۆرفیمەو له هەمانکاتیشدا یەك دەنگە، که به ئاسانی بەکاردەهێنرێت و لەڕووی ئابووریکردنیشەوه پێویستی به وزەیەکی کەم هەیه لەکاتی درکاندندا.
3- پاشگری /–ی/ دەچێته سەر زۆربەی زۆری ئەو ناو و ئاوەڵناوانەی، که لەڕووی ستراکچەرەوه، پێکهاتەی جیاوازییان هەیه، واته دەچێته سەر ناو و ئاوەڵناوی (ساده، لێکدراو، داڕێژراو)، وەك:

برا + /–یی/ = برایی .............................................. (چووەته سەر ناوی ساده).

گوڵ + فرۆش + /–ی/ = گوڵفرۆشی .......................... (چووەته سەر ناوی لێکدراو).

---

1- سۆفێکسی /-ی/ی داڕێژی ناوی ئەبستراکت، لەگەڵ سۆفێکسی /–ی/ی سیفەتی نیسبیدا (هۆمۆنیمه – هاوبێژ)ە، بەڵام دوو واتا و ئەرکی جیاوازیان هەیه، بۆ نموونه وەك: (پرتەقاڵی، خۆڵەمێشی، هەناری، کەرکوکی، چەمچەماڵی، .......هتد)، سۆفێکسی /–ی/ لەم نموونانەدا هەموویان ئاوەڵناو ئاسان و سیفەتی نیسبین، که جیاوازن لەو ناوه ڕۆنراوانەی، سۆفێکسی /–ی/ی داڕێژی ناوی ئەبستراکت سازیدەکات.

**ئاسن + /-گەر/ + /-ی/ = ئاسنگەری ...................... (چووەتە سەر ناوی داڕێژراو).**

**جوان + /-ی/ = جوانی ......................................... (چووەتە سەر ئاوەڵناوی سادە).**

**ڕوو + ڕەش + /-ی/ = ڕووڕەشی .............................. (چووەتە سەر ئاوەڵناوی لێکدراو).**

**/نا-/ + پاك + /-ی/ = ناپاکی ...............................( چووەتە سەر ئاوەڵناوی داڕێژراو).**

**هەر لەبارەی بەپێزی ئەم سۆفێکسەوە (فاروق عومەر سدیق) دەڵێت: "لە زمانی کوردیدا سۆفێکسی (ی) ڕۆڵێکی یەجگار باڵا لە دروست کردنی ناوی ئەبستراکتیدا دەبینێت. ئەم سۆفێکسە دەتوانین بە بەرهەمدارترین سۆفێکسی لە زمانی کوردیدا دابنێین، چونکە هەتا ئێستا ئەم سۆفێکسە ژمارەیەکی یەجگار زۆری لەناوی ئەبستراکتی لە زمانی کوردیدا دروستکردووە." (فاروق عومەر سدیق: 1975، 494).**

**هەروەها سۆفێکسی /-یی/، لەو وشانەدا، کە بە ڤاوڵی /ا،ە،ۆ،وو،ێ/ کۆتاییان هاتووە، وەك ئەلۆمۆرفی سۆفێکسی /-ی/، دەردەکەوێت، کە ئەمەش بە فاکتەری فۆنۆلۆژی دروست دەبێت، چونکە دوو ڤاوڵ ناتوانن بەسەریەکەوە بێن بۆیە (ی – y) یائێکی نیمچە کۆنسۆنانت دێتە نێوان هەردوو ڤاوڵەکەوە، وەك:**

**جۆلا > جۆلایی**

**پیسکە> پیسکەیی**

**ڕاستگۆ>ڕاستگۆیی**

**دووڕوو>دووڕوویی**

**زۆربلێ>زۆربلێیی**

**لەڕووی پێکهاتەشەوە ئەو ناوانەی، کە ئەم سۆفێکسە وەردەگرن جیاوازن، لەوانەش:**

1- **ئەم سۆفێکسە دەچێتە سەر ناوی سادەو دەیکاتە ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو، وەك:**

**ناوی سادە + /-ی/ = ناوی ئەبستراکت:**

**برا > برایی**

**منداڵ > منداڵی**

**حەماڵ > حەماڵی**

**بەقاڵ > بەقاڵی**

**.....................هتد.**

2- **ئەم سۆفێکسە /-ی/، دەچێتە سەر ناوی لێکدراو و دەیکات بە ناوی ئەبستراکت، لەڕووی ستراکچەرەوە ئەو ناوە لێکدراوانەی، کە ئەم پاشگرە وەردەگرن، بەم شێوەیەیە:**

**ناو + ڕەگی کردار + /ـی/= ناوی ئەبستراکت:**

**دارتاش > دارتاشی**

**گوڵفرۆش > گوڵفرۆشی**

**نانکەر > نانکەری**

**نامەنووس > نامەنووسی**

**..........................هتد**

**هەرلـەم ڕوانگەیەشـەوە پێویسـتە تێبینـی ئـەوە بکـەین، کـە ئـەم سۆفێکسـە ناچـێتە سـەر ئـەو نـاوە لێکدراوانەی، کە پێکهاتەکەیان بریتییە لە دوو ناو، یاخود دوو ناو بە یارمەتی کۆنجێکشن، وەك:**

**٭ماستاوی**

**٭گوڵبەدەمی**

**٭هێلکەوڕۆنی**

**٭گوڵەگەنمی**

**ئەم سۆفێکسە دەچێتە سەر وشەیەکی لێکدراوی وەك (پـێش نوێـژ)، کـە وشـەکە لـەڕووی سـتراکچـەرەوە بریتییە لە:**

**(ئاوەڵکردار + ناو = ناوی لێکدراو + /ـی/ = ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو) > (پێش نوێژی)، بەڵام ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە، کەوا تـەنها لـەم نموونەیـەدا دەتـوانین بـەم شـێوەیە بیخـە- ینەڕوو، چونکە لە نموونەکانی تری هەمان پێکهاتەدا ناتوانین ناوی ئەبستراکتی لێ دابڕێژین، وەك:**

**٭ بن باخەڵی**

**٭ ژێرکراسی ..........................هتد**

**3- سۆفێکسی /ـی/ی داڕێژی ناوی ئەبستراکت، دەچێتە سەر نـاوی داڕێـژراوی کۆنکرێـت و دەیکـات بـە ناوی داڕێژراوی ئەبستراکت، واتە ئەو ناوانەی، کە ئەم پاشگرە دەچێتە سەریان پێشـتر لەڕێگـەی پاشـگر و پێشگرەکانەوە بوونەتە ناوی داڕێـژراو، کـە هەریەکـەیان دەلالـەت لـە تایبەتمەنـدی و واتـای جیـاوازی خۆیان دەکەن، بۆیە ئێمە هەوڵ دەدەین سەرەتا چۆنیەتی پێکهاتنی ئـەو نـاوە داڕێژراوانـە بخەینـەڕوو، کە ئەوانیش بەپێی پاشگر و پێشگرەکان دابەشدەبن بۆ دوو جۆر لەناوی داڕێژراو:**

**یەکەم/ ناوی داڕێژراو بە یارمەتی پاشگری جیاواز:**

**1- ناو + /ـگەر/ + /ـی/ = ناوی ئەبستراکت:**

**ئاسنگەری، مسگەری، کیمیاگەری، ..........هتد**

**2- ناو+ /ـباز/ + /ـی/ = ناوی ئەبستراکت:**

**سەربازی، کۆتربازی، جامبازی، ..............................هتد**

**3- ناو + /ـمەند/ + /ـی/ = ناوی ئەبستراکت:**

هونەرمەندی، دەوڵەمەندی، ........................هتد

4- ناو + /ـدار/ + /ـی/ = ناوی ئەبستراکت:

دووکانداری، ماڵداری، باخداری، ....................هتد

5- ناو + /ـساز/ + /ـی/ = ناوی ئەبستراکت :

ددانسازی، چەخماخسازی، وشەسازی، ......................هتد

6- ناو + /ـبەند/ + /ـی/ ناوی ئەبستراکت:

نالبەندی، ....................................................هتد

7- ناو + /ـوان/، یان /ـەوان/ + /ـی/ = ناوی ئەبستراکت:

کەشتیوانی، باخەوانی، فڕۆکەوانی، شاخەوانی، دەریاوانی، ...................هتد

8- ناو + /ـوەر/، یان /ـەوەر/ + /ـی/ = ناوی ئەبستراکت:

سەروەری، دەمەوەری، ......................................................هتد

9- ناو + /ـەوا/ + /ـیی/ = ناوی ئەبستراکت:

نانەوایی، ...................................................هتد

10- بناغە/ناو + /ـەوار/ + /ـی/ = ناوی ئەبستراکت:

خوێندەواری، کوردەواری.................هتد

11- ڕەگی کردار/ناو + /ـیار/ + /ـی/ = ناوی ئەبستراکت:

کڕیاری، فرۆشیاری، جوتیاری، .......................................هتد

12- ڕەگی کردار + /ـیدە/ + /ـیی/ = ناوی ئەبستراکت:

گەڕیدەیی، ..................................................هتد

13- ئاوەڵناو + /ـکە/ + /ـیی/ = ناوی ئەبستراکت:

پیسکەیی، .....................................................هتد

14- ئاوەڵکردار + /ـەوا/ + /ـیی/ = ناوی ئەبستراکت:

پێشەوایی، .........................................هتد

**دووەم/** ناوی داڕێژراو بە یارمەتی پێشگری جیاواز:

1- /ـپێ/ + ڕەگی کردار+ /ـی/ = ناوی ئەبستراکت:

پێویستی، ..........................هتد

2- /هاوـ/ + ناو/ئاوەڵناو + /ـی/ = ناوی ئەبستراکت:

هاوخەمی، هاوڕێیی/هاوڕێیەتی، هاودەردی، هاوکاری، .......هتد

## دووەم/ مۆرفێمی داڕێژی /-ی/ لەگەڵ ئاوەڵناودا:

ئـەم پاشـگرە بەشـێوەیەکی گشـتی دەرکـەوتنی لەگـەڵ ئاوەڵنـاودا زیـاترە وەك لەگـەڵ نـاودا، بەتایبەتیش لەگەڵ ئاوەڵنـاوە سـادەکاندا، چونکە ئاوەڵنـاوە سـادەکان زۆر بـە ئاسـانی دەتـوانن ئـەم سۆفێکسە وەربگرن و لە ئەنجامدا ناوێکی ئەبستراکتی داڕێژراو دروست بکەن.

هـەر وەك پێشـتر ئاماژەمـان بـۆ کـرد، کـە ئـەم پاشـگرە /-ی/، پاشـگرێکی چـالاك و بـە پێـزە لەداڕشتن و سازکردنی ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو لە ناو و ئاوەڵناوەوە، لـەم بارەیـەوە بەشـێوەیەکی فراوان چۆنیەتی بەشداریکردنی ئەم پاشگرەمان بەپێی ستراکچەری ناوەکان و لە هەمانکاتدا ڕادەی بەپێزی ئەم سۆفێکسە/-ی/ لە ڕۆنانی ناوی ئەبستراکت لە نـاوەوە خسـتەڕوو، هـەر بۆیـە ئێسـتاش هەوڵ دەدەین ڕادەی پێز و بەرهەمی ئەم پاشگرە لەگەڵ ئاوەڵناویشدا بـەپێی سترکچـەری وشـەکان بخەینەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- سۆفێکی /-ی/ دەچێتە سەر ئەو ئاوەڵناوانەی، کە لەڕووی پێکهاتەوە سادەن، وەك:

ئاوەڵناوی سادە + /-ی/ = ناوی ئەبستراکت:

جوانی، تاڵی، ڕەشی، سوێری، زبری، بەرزی، نزمی، قوڵی، پانی، .......................هتد

2- سۆفێکسی /-ی/ دەچێتە سەر ئەو ئاوەڵناوانەی، کە لەڕووی سترکچەرەوە لێکدراون، وەك:

أ- ناو + ئاوەڵناو + /-ی/ = ناوی ئەبستراکت:

ڕووڕەشی، دڵڕەقی، بەخت ڕەشی، باڵابەرزی، سەرشۆڕی، بۆنخۆشی، چاوقایمی،..............هتد

ب- ناو + /-بە-/ + ناو + /-ی/ = ناوی ئەبستراکت:

لێوبەباری، قوڕبەسەری، دەست بەسەری، .......................................هتد

ت- ئاوەڵناو + ناو + /-ی/ = ناوی ئەبستراکت:

خۆش باوەڕی،.............................................هتد

پ- ناو + ڕەگی کردار + /-ی/ = ناوی ئەبستراکت:

دەست بڕی، ئاشتی خوازی،........هتد

ج- ئاوەڵناو + ڕەگی کردار+ /-ی/ = ناوی ئەبستراکت:

ڕاستگۆیی، بەدبینی، ڕەشبینی، ڕەشپۆشی، نەرمەڕۆیی، خۆش ڕۆیی ............هتد

ح- ژمارە + ناو + /-ی/ = ناوی ئەبستراکت:

دوودڵی، دووڕوویی، ........................................هتد

خ- ئاوەڵکردار + ناو + /-ی/ = ناوی ئەبستراکت:

ژێردەستی/ژێردەستەیی، .................................هتد

د- ئاوەڵکردار + ڕەگی کردار + /ـی/ = ناوی ئەبستراکت:
کەمخۆری، زۆربڵێیی، ..................................هتد

3- ئەم سۆفێکسە /ـی/ دەچێتە سەر ئەو ئاوەڵناوانەی، کە داڕێژراون، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم/ ئاوەڵناوی داڕێژراو بە یارمەتی پێشگر:**

1- /بێـ/ + ناو + /ـی/= ناوی ئەبستراکت:
بێ هۆشی، بێ خەوی، بێکاری، بێ هێزی، بێ وەفایی، بێ دەنگی،............هتد

2- /بەـ/ + ناو +/ـی/ = ناوی ئەبستراکت:
بەهێزی، بەپێزی، بەجەرگی، ...............................................هتد

3- /نەـ/ + ئاوەڵناو/ڕەگ/چاوگ + /ـی/ = ناوی ئەبستراکت:
نەخۆشی، نەساغی،نەزانی، نەمری، نەبوونی، ..........................هتد

4- /ناـ/ + ئاوەڵناو+ /ـی/ = ناوی ئەبستراکت:
ناپاکی، ناشیرینی، ناڕاستی،ناڕەحەتی، ناخۆشی، ....................................هتد

5- /بـ/ + ڕەگی کردار + /ـی/ = ناوی ئەبستراکت:
بوێری، .....................هتد

**دووەم/ ئاوەڵناوی داڕێژراو بە یارمەتی پاشگر:**

1- ناو + /ـەوەر/ + /ـی/ = ناوی ئەبستراکت:
بەختەوەری،................هتد

2- ناو +/ـدار/ + /ــی/ = ناوی ئەبستراکت:
دینداری، ناوداری، .................هتد

3- ناو + پاشگرەکانی /ـناك، ــگین، ــزن، ــباز/ + /ـی/ = ناوی ئەبستراکت:
غەمناکی، غەمگینی، درۆزنی، فێڵبازی، .....................هتد

هەر لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین پاشگری /ـی/ی داڕێژی ناوی ئەبستراکت، جگە لەوەی، کە دەچێتە سەر ناو و ئاوەڵناوی پێکهاتە جیاواز، دەچێتە سەر ئەو وشانەی، کە لەڕووی واتاوە ئیدیۆمن، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە، کە هەموویان لەڕووی پێکهاتەوە لەدوو وشە پێکهاتوون و ئاوەڵناوی لێکدراون، بەڵام بەهۆی بەکارهێنانیان بۆ مەبەستی جیاواز و دوور لە واتای ڕاستەوخۆی وشەکان وەك پێکهاتەیەکی ئیدیۆمی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. وەك:

(( زمـان لوسـی/زمان درێـژی، دەم درێـژی، دەسـت کـورتی، دەسـت بـلاَوی، چـاوقایمی، بەرچـاوتەنگی، سەرشۆڕی، سەربەرزی، لوت بەرزی، چاوباشقاڵی، دەست پیسی، چارە ڕەشی، ...............هتد)).

پاش خستنەڕووی لایـەنی پێکهاتـەی هەریـەك لـە وشـەکان (نـاو و ئاوەڵناو)ەکـان، کـە لەڕێگـەی ئـەم پاشگرەوە /-ی/، بوونەتە ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو، ئێستاش هـەوڵ دەدەیـن لـەڕووی سیمانتیکییەوە گرنگترین ئەو خالاَنە بخەینەڕوو، کە ئەم جۆرە ناوە ئەبستراکتییانە ئاماژەی بۆ دەکەن:

1- ئـەو وشـانەی، کـە بـەهۆی ئـەم پاشـگرەوە ڕۆنـراون، بەتایبـەتی ئاوەڵناوەکـان، بەشـێوەیەکی گشـتی لەڕووی واتاییەوە، دەلالەت لە باروحاڵەتێك دەکەن، وەك:

گەرمی، جوانی، شادی، ساردی، گەنجی، ناشیرینی، تاڵی، سوێری، نزمی، بەرزی، ................هتد

2- لە چەند حاڵـەتێکی کەمیشـدا ئـەو ناوانـەی، کـە بـەهۆی ئـەم پاشـگرەوە بوونەتـە نـاوی ئەبسـتراکت ئەوانیش ئاماژە بۆ حاڵەتێك دەکەن، وەك:

برایی، زاوایی، دزی، ................هتد

3- ئەو ناوانەی، کە لە بنەڕەتدا بەهۆی پاشـگرەکانی داڕێـژی پیشـەوە ڕۆنـراون، یـاخود دەربـڕی واتـای جۆرێك لە پیشەن، کاتێك بەهۆی پاشگری /-ی/ی ئەبستراکتەوە بوونەتە نـاوی واتـایی بەهـەمان شـێوە دەلالەت لە جۆری ئەو پیشەیە دەکەن، واتـە بۆنموونـە پاشـگرێکی وەك: /-گـەر/، کاتێـك دەچـێتە سـەر وشـەکانی (ئاسـن، کیمیـا، مـس، .....................هتـد)، ئـەوا ئـەو نـاوە داڕێـژراوەی، کـە ڕۆیـدەنێت، دەگەڕێتەوە بۆ کەسـەکە، واتـە خـاوەن پیشـەکە، بـەلاَم پاشـگری /-ی/ی ئەبسـتراکت ناوەکـە دادەماڵێـت لەکەسەکەو بەشێوەیەکی ئەبستراکتی دەلالـەت لـە واتـای گشـتی ئـەو کارە/پیشـەیە، یـاخود دەلالـەت لـە جۆری ئەو پیشەیە دەکات، وەك:

(ئاسنگەری، مسگەری، چەخماخسازی، ماڵداری، ناڵبەنـدی، جوتیاری، نانەوایی، باخەوانی، هونەرمەنـدی، کرێکاری، کۆتربازی، ............هتد).

4- هەنـدێك لـە ناوەکـان، یـاخود ئاوەڵناوەکـان، کـە ئـەم پاشـگرە دەچـێتە سـەریان، لـەڕووی واتاییـەوە دەربڕی قۆناغێکی دیاریکراون لە تەمەنی مرۆڤ، وەك:

(منداڵی، هەرزەکاری، پیری، گەنجی، لاوی، ساوایی، خوێندکاری).

– تەمەنی خوێندکاریم بەخۆشی بەسەر برد. .......... (خوێندکاری) بە تەنها بەکار نایات.

## 3/3 پاشگری /-ێتی/ لەگەڵ ناو و ئاوەڵناودا:

### یەکەم/ پاشگری /-ێتی/ لەگەڵ ناودا:

ئەم پاشگرە دەچێتە سەر ناوی سادە و دەیکات بە ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو، وەك:

**ناوی سادە + /-ێتی/ = ناوی ئەبستراکت:**

دایك > دایكێتی

كەس > كەسێتی

بەڕێوەبەر> بەڕێوەبەرێتی

قوتابی > قوتابێتی

هتد..................................

ئەم پاشگرە دەچێتە سەر ئەو ناوانەی، كە لەڕووی ستراكچەرەوە لێكدراون و دەیانكات بە ناوی ئەبستراكتی داڕێژراو، بەم شێوەیە:

**ناوی لێكدراو + /-ێتی/ = ناوی ئەبستراكت:**

ڕۆژنامەنووس > ڕۆژنامەنووسێتی

نانكەر > نانكەرێتی

نامەبەر> نامەبەرێتی

سوالْكەر> سوالْكەرێتی

هتد...............

هەر سەبارەت بەم پاشگرە /-ێتی/، دەچێتە سەر ناوی داڕێژراوی كۆنكرێت و دەیكات بە ناوی ئەبستراكتی داڕێژراو، كە لەڕووی واتاییەوە دەلالەت لە جۆرە جیاوازەكانی پیشە دەكەن وەك:

**ناوی داڕێژراوی كۆنكرێت + /-ێتی/ = ناوی ئەبستراكت:**

ئاسنگەر > ئاسنگەرێتی

هونەرمەند > هونەرمەندێتی

كرێكار > كرێكارێتی

تەنەكەچی > تەنەكەچێتی

حوكمڕان > حوكمڕانێتی

فڕۆكەوان > فڕۆكەوانێتی

ئاشەوان > ئاشەوانێتی

ئەمیندار > ئەمیندارێتی

باخدار > باخدارێتی

شارستان > شارستانێتی1

هتد.......................

---

1- نموونەی (شارستان – شارستانێتی/حضارة/civilization)، بەواتای پێشكەوتن و بەمەدەنیبوون دێت، نەك پیشە، هەروەها وشەی (حوكمڕانێتی)یش، بەواتای پیشە نایەت، بەلاّم وەك وشەكانی تر ئەمیش سۆفێكسی /-ێتی/، چۆتە سەر.

هەر لەبارەی پاشگری /-ێتی/ توێژەران ڕای جیاوازیان هەیە و لەم بارەیەوە: **(ئەورەحمانی حاجی مارف و مەسعوود محەمەد)** پێیان وایە، کە ئەم پاشگرە پاشگرێکی ناوچەییەو تایبەتە بە ناوچەی سلێمانی و پاشگرێکی ڕەسەن نییە، لەم ڕووەوە **مەسعوود محەمەد** پێی وایە، کە بەکارهێنانی پاشگری /-ێتی/ لە وشەکانی (/برسێتی ، خەنێتی/)دا " لەڕاستە دەستووری کوردی لایداوە." (مەسعوود محەمەد: 2011: 113). واتە ئەم پاشگری /-ەتی/ بە پاشگرێکی ڕەسەن دەزانێت و دەڵێت وشەکان دەبنە (/برسیەتی و خەنیەتی/)، بۆیە ئێمە لەم بارەیەوە پێمانوایە هەرچەندە لە زۆربەی ئاوەڵناوەکاندا هەردوو پاشگری /-ەتی/، /-ێتی/ وەك سینۆنیمی یەکتر دەردەکەون و دەتوانن لەبری یەکتر بێن، بەلام ناتوانین بڵێین، پاشگری /-ێتی/ پاشگرێکی ناڕەسەن و شوێنکەوتووی پاشگری /-ەتی/یە، چونکە

هەموو کات ناتواتین لەبری یەکتر بەکاریان بهێنین و هەریەکەیان لە چەند وشەیەکدا جیادەبنەوە و تایبەتمەندی و سنووری خۆیان دیاریدەکەن و واتای خۆیان هەیە وەك:

کوردێتی .................. *کوردەتی

کەرێتی .................... *کەرەتی

دەتوانین بڵێین لەڕووی بەکارهێنان و ئیکۆنۆمیکردنیشەوە بەکارهێنانی پاشگری /-ێتی/ ئاسانترە و پێویستی بەوزەی کەمترە، ئەمە جگەلەوەی، کە ئەو وشانەی بە ڤاوڵ کۆتاییان هاتووە بەکارهێنانی پاشگری /-ێتی/ ئاسانترە بۆیان، هەرچەندە هەردوو پاشگری /-ەتی/ و /-ێتی/ بە ڤاوڵ دەستپێدەکەن، بەلام ئەگەر پاشگری /-ەتی/ بەکاربهێنین ئەوا پێویستی بەهێنانە ناوەوەی ناوبەندی/-ی-/ دەبێت بۆ جیاکردنەوەی هەردوو ڤاوڵەکە، بەلام بە پێچەوانەوە ئەگەر پاشگری /-ێتی/ بەکاربهێنین، ئەوا بەحوکمی ئەوەی، کە ڤاوڵی /ێ/ بەهێزترە ڤاوڵە لاوازەکە لادەبات و خۆی شوێنی دەگرێتەوە و وزەو کاتیشمان بۆ دەگێڕێتەوە و بە ئاسانیش دەدرکێنرێت. وەك:

برسی > برسییەتی > برسێتی

بۆیاخچی > بۆیاخچییەتی > بۆیاخچێتی

قوتابی > قوتابییەتی > قوتابێتی

هەر لەبارەی ئەم پاشگرەوە /-ێتی/، **(فاروق عومەر سدیق: 1975: 496)** پێی وایە، کە پاشگرەکە /-تی/یە، نەك /-ێتی/ و ڕای وایە، کە ئەو وشانەی بە دەنگی ڤاوڵی /ی/ کۆتاییان هاتووە، بە هۆی پاشگری /-تی/یەوە دەبنە ناوی ئەبستراکت، لەم ڕووەوە دەڵێت: " پاش ئەوەی کە سۆفێکسی (تی ti) دەچێتە سەر ئەو وشانەی کە کۆتاییان بە دەنگی (ی)ی دەنگدار دێت، ئەو دەنگی (ی) دەنگدارە دەگۆڕێ بە دەنگی دەنگداری (ێ e)، وەك:

| وشە | سۆفێکسی (تی ti) | ناوی ئەبستراکتی |
|---|---|---|
| قوتابی | تی | قوتابێتی |
| خوێڕی | تی | خوێڕێتی |

ئێمە لەم بارەیەوە پێمانوایە، کە پاشگرەکە /–تی/ نییە، بەڵکو هەر /–ێتی/یە، بەلاَم بەهۆی ئەو یاسا فۆنۆلۆژییەی، کە دوو ڤاوڵ بەسەر یەکەوە نایەن و لەهەندێ حاڵەتدا ڤاوڵە بەهێزەکە لاوازەکەیان لادەبات وەك لەکاتی ناساندنی ناوی (مامۆستا) بەهۆی مۆرفیمی /–ەکە/ی ناسیارییەوە، دەبینین، کە چۆن ڤاوڵی /ا/ ڤاوڵی /ە/ی لابرد، وەك:

مامۆستا > مامۆستاکە.

کەواتە لەکاتی دارِشتنی ناوی ئەبستراکت لە ئەو وشانەی، کە بە دەنگی ڤاوڵی /ی/ کۆتاییان هاتووە بەهۆی بەهێزی ڤاوڵی /ێ e/ ڤاوڵی /ی/یەکە نامێنێت، هەروەها پێویستە تێبینی ئەو خاڵەش بکەین، کە چەندین وشەمان هەیە لەکاتێکدا، کە بە ڤاوڵیش کۆتاییان نەهاتووە و هەر بەهۆی پاشگری /–ێتی/ دەبنە ناوی ئەبستراکت، نەك بەهۆی پاشگری /–تی/، چونکە ئەگەر وابوایە، دەبوایە لەم وشانەشدا هەر پاشگری /–تی/یان بۆ بەکار بهاتایە، وەك:

دایك > دایکێتی

کەر > کەرێتی

دز > دزێتی، منداڵێتی، .........هتد

## دووەم/ پاشگری /–ێتی/ لەگەڵ ئاوەڵناودا:

ئەم پاشگرە بە هەمان شێوەی ناو دەچێتە سەر ئاوەڵناو و دەیکات بە ناوی ئەبستراکتی دارِێژراو، بەلاَم بەزۆری لەگەڵ ئاوەڵناوە سادەکاندا دەردەکەوێت و کەمتر دەچێتە سەر ئاوەڵناوی لێکدراو و دارِێژراو، وەك:

**ئاوەڵناوی سادە + /–ێتی/ = ناوی ئەبستراکت:**

سوور > سوورێتی

رِەش > رِەشێتی

چەوت > چەوتێتی ( نوری عەلی ئەمین: 1958: 35).

خوێرِی > خوێرِێتی

زەرد > زەردێتی

.....................هتد

**ئاوەڵناوی لێکدراو + /–ێتی/ = ناوی ئەبستراکت:**

قورِبەسەر > قورِبەسەرێتی

کارەکەر > کارەکەرێتی

کۆڵبەر > کۆڵبەرێتی

........................هتد

**ئاوەڵناوی داڕێژراو + /-ێتی/ = ناوی ئەبستراکت:**

**سیحرباز > سیحربازێتی**

**دیندار > دینداریێتی**

**بریندار > برینداریێتی**

**فێڵباز > فێڵبازێتی (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1991: 79).**

## 4/3 پاشگری /ایەتی/ و ئەلۆمۆرفەکانی لەگەڵ ناو و ئاوەڵناودا:

### یەکەم/ پاشگری /ایەتی/ و ئەلۆمۆرفەکانی لەگەڵ ناودا:

**مۆرفیمی (ایەتی) لە زمانی کوردیدا پاشگرێکی چالاکەو یاریدەی داڕشتنی دەیان وشەی داوە، (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1977: 29)، واتە بەشێوەیەکی گشتی زمانی کوردی توانیویەتی سوود لەم پاشگرە وەربگرێت بۆ داڕشتنی وشەی نوێ و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، ئەم پاشگرە دەچێتە سەر ناو و ئاوەڵناو و دەیانکات بە ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو، بەڵام پێویستە تێبینی ئەوەش بکەین، کە پاشگری /-ایەتی/ بە بەراود لەگەڵ پێزو بەرهەمی پاشگری /-ی/دا کەم بەرهەمە، دیارە ئەمەش بۆ چەند فاکتەرێك دەگەڕێتەوە لەوانە:**

**1- پاشگری /-ایەتی/ لەڕووی بەکارهێنانەوە سنوورێکی دیاریکراوی هەیەو تەنها دەچێتە سەر ئەو ناو و ئاوەڵناوانەی، کە لەڕووی ستراکچەرەوە سادەن، واتە بە پێچەوانەی پاشگری /-ی/یەوە، کە سنووری بەکارهێنانی فراوانە و لەڕووی ستراکچەرەوە دەچێتە سەر وشەی سادەو لێکدراو داڕێژراو و تەنانەت ئەو وشانەی، کە واتای ئیدیۆمییان هەیە.**

**2- لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە بەکارهێنانی پاشگری /-ی/ بەرهەمدارترە، چونکە دەچێتە سەر ژمارەیەکی زۆری وشەکان و پێویستی بە وزەیەکی کەم هەیە و وزە و کات بۆ ئاخێوەر دەگێڕێتەوە، لەبەرئەوەی پاشگری /-ی/ یەك دەنگە، بەڵام پاشگری /-ایەتی/ پێکهاتووە لە (5) دەنگ، کە ئەمەش پێویستی بەوزەو کاتی زیاترە.**

**3- لەڕووی واتاییەوە ئەم پاشگرە دەربڕی سنوورێکی دیاریکراوە لە خستنەڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەندێ کردەو حاڵەتی دیاریکراو، کە ئەمەش ڕێگرە لە بەپێزی ئەم پاشگرەدا.**

**4- بوونی چەند ئەلۆمۆرفێکی ئەم پاشگرە، کە هەمان ئەرکیان پێ سپێردراوە وایکردووە، لە بەرهەمی پاشگری /-ایەتی/ کەم بکەنەوە، وەك: ئەلۆمۆرفەکانی (/-یەتی، -ەتی، -اتی، -ێتی/)، ئەمە جگە لەوەی کە هەندێ نموونەشمان هەیە، لەڕووی سیمانتیکییەوە ئەم سۆفێکسە قەبووڵناکەن و پاشگری تر وەردەگرن، وەك:**

**کوڕ > کوڕێنی ........................ کوڕ > *کوڕایەتی**

**بوك > بووکێنی ........................ بووك > *بووکایەتی**

لەڕووی ستراکچەرەوە پاشگری /-ایەتی/ و ئەلۆمۆرفەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە دەچنە سەر ناو و ئاوەڵناو:

**یەکەم/ ناو + /-ایەتی/ = ناوی ئەبستراکت:**

خزم > خزمایەتی

دەروێش > دەروێشایەتی

باوك > باوکایەتی

کۆمەڵ > کۆمەڵایەتی

هەروەها: کوردایەتی، مرۆڤایەتی، جاشایەتی، مەلایەتی، موڵکایەتی ..............................هتد

**ناو + ئەلۆمۆرفی/-یەتی/ = ناوی ئەبستراکت:**

پاشگری /-یەتی/ بەهۆی فاکتەری فۆنۆلۆژییەوە دروست بووە و بووە بە ئەلۆمۆرفی پاشگری /-ایەتی/، واتە دەتوانین بڵێین ئەو ناو و ئاوەڵناوانەی، کە بە دەنگی ڤاوڵی /ا/ کۆتاییان هاتووە بەهۆی یاسای نەهاتنی دوو ڤاوڵ لە زمانی کوردیدا بەسەر یەکەوە، بووەتە هۆکاری دروستبوونی ئەم ئەلۆمۆرفە. وەك، نموونەکانی:

برا > برایەتی

ئامۆزا > ئامۆزایەتی[1]

پاشا > پاشایەتی

مامۆستا > مامۆستایەتی

خاڵۆزا > خاڵۆزایەتی

ئاغا > ئاغایەتی

نانەوا > نانەوایەتی

.................هتد

**ناو + ئەلۆمۆرفی /ەتی/ = ناوی ئەبستراکت:**

ئەم ئەلۆمۆرفەیان بە فاکتەری سیمانتیکی دروستبووە، چونکە ئەگەر سەیری نموونەیەکی وەك:- (ژن > ژنایەتی) بکەین، ئەوا ئەبوایە بوترایە (پیاوایەتی)، بەڵام لەبەر لایەنی ئاسانی دەربڕین و ڕوونی سیمانتیکی پاشگری /-ەتی/ بۆ وشەیەکی وەك /پیاو/ بەکارهاتووە. (پیاو > پیاوەتی).

---

1- هەردوو ناوی (ئامۆزایەتی و خاڵۆزایەتی)، لە ناوچەی گەرمیان و چەمچەماڵ بەکاردەهێنرێت و ئەم وشانە لە سلێمانی تاڕادەیەك بەکارهێنانی باو نییە.

**ناو + ئەلۆمۆرفی /ـێتی/ = ناوی ئەبستراکت:**

ئەم پاشگرە جگە لەوەی، کە وەك ئەلۆمۆرفی /ـایەتی/ خۆی دەردەخات، بەلاّم لە هەمان کاتدا وەك هاوواتای پاشگری /ـایەتی/ و تەنانەت لە هەندێ وشەدا دەبنە هۆی هێنانەئارای واتای جیاواز، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە چەند نموونەیەك دەخەینەڕوو:

1- لە وشەکانی /دزێتی و کەرێتی/دا وەك ئەلۆمۆرفی پاشگری /ـایەتی/ دەردەکەوێت، کە ئەمەش پەیوەستە بە لایەنی سیمانتیکییەوە.

2- لە وشەکانی /بەڕێوەبەرایەتی، بەڕێوەبەرێتی/دا وەك سینۆنێم خۆی دەردەخات، کە هەردوو پاشگرەکە لەڕووی سیمانتیکییەوە هەمان واتایان بەوشەکان بەخشیوە، بەلاّم دوو پێکهاتەی جیاوازن.

3- لە هەردوو وشەی /کەسایەتی (قرابة)، بەواتای خزمایەتی، کەسێتی (شخصیة) /، لێرەدا ئەم دوو پاشگرە کاتێك، کە چوونەتە سەر ناوێکی وەك (کەس) دوو واتای جیاوازیان دروستکردووە. بەهەمان شێوەش لە وشەکانی /کوردایەتی (بە واتای بزوتنەوە و چالاکی)، کوردێتی (بە واتای حالّەتی کوردبوون)دێت.

**ناو + ئەلۆمۆرفی /ـاتی/ ناوی ئەبستراکت:**

"هەندێك جار پاشگری /ـایەتی/ لە شێوەی /ـاتی/دا دەردەکەوێت وەك:

شینکاتی

سەوزاتی

خوشکاتی " (ڕۆژان نوری: 2007: 43).

## دووەم/ پاشگری /ـایەتی/ و ئەلۆمۆرفەکانی لەگەلّ ئاوەلّناودا:

پاشگری /ـایەتی/ دەچێتە سەر ژمارەیەك لە ئاوەلّناوەکان و دەیانکات بە ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو، بەلاّم پێویستە تێبینی ئەوە بکەین، کە ئەم پاشگرە بەگشتی دەچێتە سەر ئەو ناوانەی، کە پەیوەندی کۆمەلاّیەتی دەردەبڕن و لەگەلّ ئاوەلّناوەکاندا دەرکەوتنی زۆر کەمە، وەك:

سوکایەتی، مەردایەتی، کەرایەتی، دژایەتی، مەزنایەتی، زۆلاّیەتی، .............

**ئاوەلّناو + ئەلۆمۆرفی /ـیەتی/ ناوی ئەبستراکت:**

ئازا > ئازایەتی،

..............هتد

پاشگری /–ایەتی/ بەشێوەیەکی گشتی دەربڕی چەند لایەنێکە لەڕووی واتاییەوە، وەك:

1- دەربڕی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانە، جا ئەو پەیوەندییە پەیوەندی نێوان دوو کەس یان پەیوەندی خێزانی و خزمایەتی، یان پەیوەندی نێوان مرۆڤ بێت بەگشتی، واتە دەربڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان مرۆڤەکانە، وەك:

دۆستایەتی

باوکایەتی

دوژمنایەتی

مرۆڤایەتی، بەندایەتی،..........................هتد

2- دەربڕی واتای بزوتنەوە و چالاکییە، یاخود واتای کردە/ڕوودانێك دەبەخشێت، وەك:

کوردایەتی

مەردایەتی

پێشمەرگایەتی

حیزبایەتی

3- دەربڕی واتای بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنە، وەك:

سەرۆکایەتی، پاشایەتی، بەڕێوەبەرایەتی، ..........هتد

4- دەربڕی واتای خاوەنداریێتییە، وەك:

موڵکایەتی،

5- پاشگرێکە واتای شوێن دەبەخشێت، کە لێرەدا هۆمۆنیمی پاشگرە ئەبستراکتییەکەیە، وەك:

مەنگوڕایەتی

جافایەتی

باڵەکایەتی

## 5/3 پاشگری /–ەتی/ لەگەڵ ناو و ئاوەڵناودا:

## یەکەم/ پاشگری /–ەتی/ لەگەڵ ناودا:

ئەم پاشگرە جگەلەوەی، کە وەك ئەلۆمۆرفی پاشگری /–ایەتی/ دەردەکەوێت، بەلاّم لەهەمان کاتیشدا وەك پاشگرێکی سەربەخۆ کاردەکات و دەچێتە سەر ژمارەیەك لەناوی پێکهاتە جیاواز و لە ئەنجامدا ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو ڕۆدەنێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**ناو + /–ەتی/ = ناوی ئەبستراکت:**

قوتابی > قوتابییەتی

ئەندام > ئەندامەتی/ئەندامێتی

جیران > جیرانەتی/هاوسێیەتی

ئەم پاشگرە دەچێتە سەر ناو و دەیکات بە ناوی ئەبستراکت، هەروەها پاشگری /-ەتی/ لەزۆر شوێندا پاشگری /-ێتی/ دەتوانێت، جێگەی بگرێتەوە و وەك هاوواتای پاشگری /-ەتی/ دەردەکەوێت، وەك:

قوتابی > قوتابییەتی/قوتابێتی

خوێڕی > خوێڕییەتی/خوێڕێتی

برسی > برسییەتی/برسێتی1

سەعاتچی > سەعاتچییەتی/سەعاتچێتی

هەر لەبارەی پاشگری /-ەتی/ مامۆستایان **(ئەوڕەحمانی حاجی مارف و مەسعوود محەمەد)** پێیانوایە، کە پاشگری /-ەتی/ پاشگرێکی ڕەسەن و تەواوترە وەك لە پاشگری /-ێتی/ و لەم بارەیەوە **(ئەوڕەحمانی حاجی مارف)** لە پەراوێزی ژمارە(63)ی کتێبی **(وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا)** دەنووسێت: " پاشگری (ەتی) و (ێتی) هەردووکیان هەریەك پاشگرن، بەڵام هەرچی (ەتی)یە ڕاستترەو زۆریش بەکاردێ، کەچی (ێتی) بە تایبەتی لە ناوچەی سلێمانی باوە." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1977: 60). بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەم ڕایەدا نین و پێمانوایە هەرچەندە هەردوو پاشگری /-ەتی/ و /-ێتی/ لەزۆر شوێندا دەتوانن لەبری یەکتر بەکاربهێنرێن و وەك سینۆنێمی یەکتر دەردەکەون، بەڵام دەتوانین بڵێین هەریەکەشیان بەکارهێنان و واتای جیاوازی خۆیان هەیە و لەهەموو شوێن و کاتێکدا ناتوانرێن جێگەی یەکتر بگرنەوە. هەرچەندە پێشتریش لە (ل79)دا، لەم بارەیەوە ئاماژەمان بۆ ڕایەکی مەسعوود محەمەد کردووە. بۆ نموونە لەم وشانەی خوارەوەدا تەنها پاشگری /-ەتی/ دەچێتە سەریان. وەك:

گەورە + /-یەتی/ = گەورەیەتی .................... *گەورەێتی

پیاو + /-ەتی/ = پیاوەتی .............................. *پیاوێتی

بە پێچەوانەشەوە لەم وشانەی خوارەوە ناتوانین پاشگری /-ەتی/ لە بری پاشگری /-ێتی/ بەکاربهێنین، وەك:

کەر + /-ێتی/ = کەرێتی ................ *کەرەتی

کورد + /-ێتی/ = کوردێتی ............ *کوردەتی

هەر لەبارەی پاشگری /-ەتی/ دەتوانین بڵێین ئەم پاشگرە جگەلەوەی، کە دەچێتە سەر ناوە سادەکان و دەیانکاتە ناوی ئەبستراکت، هەروەها دەچێتە سەر زۆربەی ئەو ناوە ئەبستراکتییە داڕێژراوانەی، کە

---

1- ئەم جۆرە پێکهاتەیە هەموویان بەهۆی یاسای فۆنۆلۆژییەوە دروست بوون، (ی+ە= ێ)، واتە: برسی +یەتی= برسییەتی)، دەبێتە (برسێتی).

دەربڕی جۆرە جیاوازەکانی پیشەیەکن و بەهۆی پاشگری /-ی/داڕێژی ئەبستراکییەوە ڕۆنراون و جارێکی تر ئەبستراکت دەکرێنەوە، وەك:

**ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو + /ـەتی/ = ناوی ئەبستراکت:**

نانکەری + /ـەتی/ = نانکەریەتی1

دارتاشی + /ـەتی/ = دارتاشیەتی

دووکانداری + /ـەتی/ = دووکانداریەتی

هونەرمەندی + /ـەتی/ = هونەرمەندیەتی

باخەوانی + /ـەتی/ = باخەوانیەتی

........................هتد

هەروەها ئەم پاشگرە دەچێتە سەر ئەو ناوە داڕێژراوە کۆنکرێتیانەی، کە بەهۆی پاشگری /ـچی/، /-ەوا/وە بوونەتە ناوی داڕێژراو، وەك:

بۆیاخچی + /ەتی/ = بۆیاخچییەتی

سەعاتچی + /ەتی/ = سەعاتچییەتی

پێشەوا + /-ی-/ + /ـەتی/ = پێشەوایەتی

......................هتد

## دووەم/ پاشگری /ـەتی/ لەگەڵ ئاوەڵناودا:

ئەم پاشگرە دەچێتە سەر ئاوەڵناو و دەیکات بە ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو، بەتایبەتیش دەچێتە سەر ئەو ئاوەڵناوانەی، کە بەدەنگە ڤاوڵی /ی، ە، ا/ کۆتاییان هاتووە و (ی)یەکی ناوبەند دەچێتە نێوانیانەوە، وەك:

**ئاوەڵناو + /-ی-/ + /ـەتی/ = ناوی ئەبستراکت:**

گەورە > گەورەیەتی

برسی > برسییەتی

سپی > سپییەتی

خەنی > خەنیەتی

دڕندە > دڕندەیەتی

## 6/3 پاشگری /ـایی/ لەگەڵ ئاوەڵناودا:

پاشگری /ـایی/، دەچێتە سەر ئاوەڵناو و دەیکات بەناوی ئەبستراکت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

---

1- بەکارهێنانی پاشگری /-ەتی/، لەم نموونانەی سەرەوەدا، جۆرێك لە گرانی گۆکردنی تێدایە، بۆیە لەڕووی مۆسیقییەوە، ئاسانترە پاشگری /-ێتی/یان بۆ بەکاربهێنرێت. وەك: (دارتاشێتی).

**ئاوەڵناوی سادە + /ـایی/ = ناوی ئەبستراکت:**

ئەستوور > ئەستوورایی

بەرز > بەرزایی

ڕەش > ڕەشایی

سپی > سپیایی

قورس > قورسایی

تیژ > تیژایی

هەروەها: قولایی، تارمایی، کوێرایی، تەڕایی..................هتد

ئەوەی ئەم پاشگرە جیادەکاتەوە لە پاشگری /ـی/ی داڕێژی ناوی ئەبستراکت و پاشگرەکانی تری هەمان گروپ، بریتییە لە چەند تایبەتمەندییەك، کە هەوڵ دەدەین لە چەند خاڵێکدا بیانخەینەڕوو:

1- ئەم پاشگرە /ـایی/ بەپێچەوانەی پاشگری /ـی/ و زۆربەی پاشگرەکانی تری هەمان گروپەوە، تەنها لەگەڵ ئاوەڵناوەکاندا دەردەکەوێت، کە ئەوانیش ئاوەڵناوە سادەکانن، واتە لەگەڵ (ئاوەڵناوی لێکدراو و داڕێژراو و ناو)دا بەهیچ جۆرێك دەرناکەوێت.

2- لەگەڵ ئەوەشدا، کە پاشگری /ـایی/، تایبەتە بە ئاوەڵناو و لەگەڵ ئاوەڵناوی سادەدا دەردەکەوێت، بەلام ئەم دەرکەوتنەشی ڕەها نییەو ناتوانێت لەگەڵ هەموو ئاوەڵناوێکی سادەدا بێت بۆ سازکردنی ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو، بۆ نموونە ناتوانین ئەم پاشگرە لەگەڵ ئەم ئاوەڵناوانەی خوارەوەدا بەکاربهێنین:

جوان > جوانی ............................ جوان > ⋆جوانایی

کۆن > کۆنی ................................ کۆن > ⋆کۆنایی

زل > زلی ................................. زل > ⋆زلایی

3-ئەم پاشگرە ناچێتە سەر ئەو ئاوەڵناوانەی، کە بە دەنگی ڤاوڵ کۆتاییان هاتووە، بەڵکو لێرەدا لەگەڵ پاشگرەکانی /ـی/، /ەتی/، /ێتی/ی دا وەك ئەلۆمۆرفی یەکتر دەردەکەون، وەك:

گەورە > ⋆گەورایی ................. گەورەیی

برسی > ⋆برسیایی.................. برسییەتی/برسێتی

ئازا > ⋆ئازاایی....................... ئازایی/ئازایەتی

4-پاشگری /ـایی/، لەگەڵ زۆرێك لەو ئاوەڵناوانەدا بەکاردێت، کە بەهۆی پاشگری /ـی/ هاوئەرکییەوە بوونەتە ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو، واتە دەتوانین بڵێین لەم شوێنانەدا وەك سینۆنیمی /ـی/ دەردەکەوێت، بۆ نموونە:

پان > پانی >پانایی

کوێر > کوێری > کوێرایی

قوڵ > قوڵی > قولایی

هەر لەبارەی بەکارهێنانی ئەم دوو پاشگرە لە بری یەکتر (**مەسعود محەمەد**) لە وتاری (بەکارهێنای-(ی) لەڕێزمانی کوردی)دا پێی وایە، کە ئەم دوو جۆر بەکارهێنانە دەربڕی دوو جۆر واتای جیاوازن، کە ئەو ئاوەڵناوانەی بە هۆی پاشگری /-ی/یەوە بوونەتە ناوی ئەبستراکت واتای ڕەها (مطلق)ی ئەو ناوانە دەبەخشێت. وەك: (نزمی، بەرزی، سوێری، سووری، پانی، ......هتد)، بەپێچەوانەوە پاشگری /-ایی/ ناوەکان بەرەو جۆرێك لە (دیاریکردن – تحدید) دەبات و لایەنی ماددی و جۆرێك لە هەستپێکردن تیایاندا ڕەنگدەداتەوە. وەك: (نزمایی، بەرزایی، سوێرایی، سوورایی، پانایی).

کەواتە بەکارهێنانی ئەم دوو پاشگرە لە شوێنی یەکتر هەروا بە بۆش نەهاتووە، بەڵکو ئەوە سەلیقەی ئاخێوەری کوردە، یاخود پەیوەندی بە مۆسیقای وشەکانەوە هەیە، کە توانیویەتی جیاوازی بکات لەنێوان ئەو ئاوەڵناوانەی، بەجۆرێك لە جۆرەکان دەتوانرێن هەست بە وجودیان بکرێت، یاخود توانای کێشانەو پێوانەیان هەیەو لەڕێگەی پاشگری /-ایی/ییەوە کردوونی بەناوی ئەبستراکت نەك پاشگری /-ی/، هەر بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ڕایەکەی (مەسعود محەمەد) ، هەوڵ دەدەین، چەند نموونەیەك بخەینەڕوو:

بۆنموونە ئاوەڵناوی (کوێر)، کاتێك کە پاشگری /-ی/ دەچێتە سەر دەبێتە ناوی ئەبستراکت /کوێری/، کە ئەم ناوە واتای ڕەهای (کوێربوون) دەبەخشێت. واتە نەبینین بە تەواوەتی، بەڵام کاتێك، کە پاشگری /-ایی/ دەخەینە سەر دەبێتە /کوێرایی/، وەك لە ڕستەکانی:

1- کوێرایی لەچاوت کەوێ.
2- بەکوێرایی چاوی دوژمن.
3- کوێراییم داهات بۆ تۆزێ ئاوی سارد.

ئەگەر بەوردی لە واتای وشەی /کوێرایی/ بڕوانین لەم ڕستانەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە ناتوانین لەجێگەیان وشەی /کوێری/ دابنێین، جگەلەوەش لەواتای ڕستەکانەوە ئەوە بەدی دەکرێت، کە وشەی /کوێرایی/ بە واتای کوێربوونی تەواو، یاخود نەبینینی تەواو (ڕەها) نایەت، بەڵکو هەستکردنە بەشتێك، کە وەك نەبینین/کوێربوون وایە، واتە دیاریکراوە، بە واتای خەریکە تووشی نەبینین /کوێری/ دەبم، یاخود وشەیەکی وەك /زەرد/، کە دەڵێین /زەردی/، ئەوا واتای ڕەهای (زەردبوون) دەبەخشێت، بەڵام کە دەڵێین (زەردایی خۆر لە کاتی ئێواران)دا، یان (ئازاد کوێرنەبووە، بەڵکو هێشتا چاوی زەردایی یەکی تێدا ماوە)، کەواتە ئەمە جۆرێك لە تەحدیدکردن و هەستپێکردنە، یان وشەیەکی وەك /تارمایی/، بۆ نموونە (ئەسپ سوارێك) لە دوورەوە دێت هێشتا بۆت ڕوون نەبۆتەوە، کە کێ یەو جۆری وڵاخەکەی چییە، دەڵێی (تارماییەك لەدوورەوە هات، یاخود تارماییەك لە دوورەوە ئەبینم وا بەرەو ئێرە دێت). کەواتە هەموو ئەم نموونانە دەیسەلمێنن، کە هەردوو پاشگری /-ی/ و /-ایی/ بە بۆش بەکار نەهاتوون و دوو واتای جیاواز دەبەخشنە ناوەکان، بەڵام پێویستە تێبینی ئەوەش بکەین، کە مەرج نییە ئەم جۆرە دەستوورە بۆ هەموو ئاوەڵناوەکان بشێت، چونکە بۆ نموونە ئاوەڵناوەکانی

وەك (جوان، ناشیرین، درۆزن، ........هتد) تەحدیدکردنیان ئاسان نییە، چونکە ئەمە پەیوەندی بە بیرو تێڕوانینی مرۆڤەکانەوە هەیە، لەبەرئەوەی دەشێ شتێك لای من جوان بێت، لای کەسێکی تر وانەبێت، هەروەها وشەیەکی وەك /دەشت/، کە دەبێتە /دەشتایی/، ئەمەش ناتوانین بە پێوەری وشەکانی پێشووتر سەیری بکەین، چونکە تەحدیدی تێدا دەست نیشان ناکرێت.

4- پاشگری /-ایی/ دەچێتە سەر هەندێك لە ئاوەڵناوەکان و واتاکەیان بە تەواوەتی دەگۆڕێت، وەك:

سپی < سپیایی (شیرو ماست)

سەوز < سەوزایی (گژوگیا) (محەمەد مەعروف: 1990: 84).

6- پاشگری /-ایی/ بە بەراورد لەگەڵ پاشگری /-ی/، پاشگرێکی بە بەرهەم نییە، چونکە سنووری بەکارهێنانی دیاریکراوە و ناتوانیین لەگەڵ ناو و ئاوەڵناوە ناسادەکاندا بەکاری بهێنین، جگە لەوەش لەگەڵ هەموو ئاوەڵناوە سادەکانیشدا دەرناکەوێت، چونکە لایەنی فۆنۆلۆژی و سیمانتیکی ڕێگرن لە بەکارهێنانی ئەم پاشگرە. وەك: نموونەکانی خاڵی (3، 4).

7- پاشگری /-ایی/ لە وشەی /پیسایی/دا بە دوو واتا دێت، جارێك بەواتای ئەبستراکتی و جارێك بە واتای کۆنکرێتی، واتە دەتوانین یاری بە وشەکان بکەین. بەم شێوەیە:

1- بەواتای ئەبستراکتی دێت، کە بریتییە لە واتای پیسێتی، یاخود پیس بوون.

2- دەچێتە سەر ئاوەڵناوی /پیس/ و دەیکات بە ناوی کۆنکرێت، بە واتای پاشەڕۆی مرۆڤ.

### 7/3 پاشگری /-ە/ لەگەڵ ئاوەڵناو و ڕەگی کردار و ژمارەدا:

**یەکەم/ پاشگری /-ە/ لەگەڵ ئاوەڵناودا:**

ئەم پاشگرە /-ە/، پاشگرێکی کەم بەرهەمە لە داڕشتنی ناوی ئەبستراکت لە ئاوەڵناوەوە، واتە دەچێتە سەر چەند ئاوەڵناوێکی کەم و دەیانکات بە ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو، وەك:

**ئاوەڵناو + /-ە/ = ناوی ئەبستراکت:**

چاك < چاکە

خراپ < خراپە

**دووەم/ پاشگری /-ە/ لەگەڵ ڕەگی کردار و ژمارەدا:**

ئەم پاشگرە، دەچێتە سەر ڕەگی کردار و ناوی ئەبستراکت سازدەکات، کە ناوەکانیش بە زۆری بریتین لە ناوی دەنگ. بەم شێوەیەی خوارەوە:

**ڕەگی کردار + /-ە/ = ناوی ئەبستراکت:**

پرس < پرسە

پژم > پژمە

وەڕ> وەڕە

کۆك > کۆکە

.....................هتد

هەر لەم ڕووەوە (**نوری عەلی** ئەمین) دەڵێت: "بۆ دروستکردنی ناوی مەعنەوی (Abstract) لە چاوگی لازم بە فڕێدانی (ین) یان (ان) وە لە چاوگی متعدی دالی (اندن = Andin) وە دانانی پاشگری (ە = E) لە جێیان. وەك:

| **چاوگ** | **ڕەگی فرمان** | **ناوی مەعنەوی** |
|---|---|---|
| باڕان/باڕاندن | باڕ | باڕە |
| چرکان/چرکاندن | چرك | چرکە". |

(نوری عەلی ئەمین: 1958: 8).

هەروەها ئەم پاشگرە /-ە/، دەچێتە سەر ژمارە و دەیکات بە ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو، بەڵام کەم بەرهەمە، وەك:

**ژمارە + /–ە/ = ناوی ئەبستراکت:**

سەد > سەدە

چل > چلە

حەوت> حەوتە

## 8/3 پاشگری /–ێنی/ لەگەڵ ناو و ئاوەڵناودا:

پاشگری /–ێنی/ پاشگرێکی بێ پێزەو دەچێتە سەر چەند ناو و ئاوەڵناوێك و دەیانکات بە ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو، وەك:

**ناو + /–ێنی/ = ناوی ئەبستراکت:**

کوڕ > کوڕێنی

کچ > کچێنی

بووك > بووکێنی

**ئاوەڵناو + /–ێنی/ = ناوی ئەبستراکت:**

قۆز > قۆزێنی

ڕەش > ڕەشێنی

## 9/3 پاشگری /–ا/ لەگەڵ ئاوەڵناودا:

پاشگری /–ا/، پاشگرێکی زۆر ناچالاکە لە داڕشتنی ناوی ئەبستراکتدا، تەنها دەچێتە سەر هەردوو ئاوەڵناوی (گەرم، سارد) و دەیانکات بە ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو، بەم شێوەیە:

**ئاوەڵناو + /–ا/ = ناوی ئەبستراکت:**

گەرم > گەرما

سارد > سەرما

ئەم سۆفێکسە /ـا/، لەگەڵ هەردوو پاشگری /ـی/ و /ـایی/دا وەك سینۆنێم دەردەکەوێت، چونکە ئەم دوو پاشگرە بەهەمان شێوە دەچنە سەر هەردوو وشەی (/گەرم، سارد/) و دەیانکەن بە ناوی ئەبستراکتی دارێژراو، بەلاّم ئەگەر بەوردی بڕوانینە لایەنی واتایی ناوە ڕۆنراوەکان، ئەوا هەست بە بوونی واتای جیاواز دەکەین، بۆ نموونە ئەگەر پاشگرەکانی (/ـا/، /ـی/، /ـایی/) بخەینە سەر ئاوەڵناوی /گەرم/ تاڕادەیەك سێ واتا و بەکارهێنانی جیاوازیان هەیە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- گەرم + /ـا/ = گەرما

– گەرمای هاوین پڕوکێنەرە.

– گەرمی هاوین پڕوکێنەرە.

– *گەرمایی هاوین پڕوکێنەرە.

ئێمە لەو ڕستانەی سەرەوەدا ناتوانین وشەی (/گەرمایی/)، لەگەڵ وەرزی هاویندا بەکاربهێنین، چونکە پاشگری /ـایی/، بۆ گەرمییەکی تاڕادەیەك سنووردار و دیاریکراوە، وەك (گەرمایی ئاگر)، کە مرۆڤ دەتوانێت تاڕادەیەك هەستی پێ بکات و بەرەو جۆرێك لە کۆنکرێت دەچێت، یاخود جاری وا هەیە پەیوەندی بەلایەنی مۆسیقییەوە هەیەو پێکەوەهاتن و ئاوازی مۆسیقییان خۆش نییە، بۆیە ناکەونە تەك یەکتری. واتە لێرەوە دەتوانین بڵێین پاشگرەکانی /ـا، ـی/، کە دەچنە سەر ئاوەڵناوەکانی (/گەرم، سارد/) ئەوا پەیوەستن بە وەرزەکانی هاوین و زستانەوە و دەلالەت لە ڕادە و زۆر و کەمی ڕێژەی گەرمی و ساردی ئەو وەرزە دەکەن نەك گەرمی شتێکی دیاریکراو. واتە وشەکانی (/گەرما، سەرما/)ی ئەم پاشگرانە دەربڕی واتای گشتێتی/هەمەکی گەرمی و ساردییە نەك واتای هەندەکی (جزئی)، بەلاّم ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە پاشگری /ـایی/، دەربڕی واتای هەندەکی بێت و ناوی کۆنکرێتی ڕۆبنێت.

2- گەرم + /ـی/ = گەرمی

– نەوزاد گەرمی پێوەکەی شکاند.

– *نەوزاد گەرما پێوەکەی شکاند.

– *نەوزاد گەرمایی پێوەکەی شکاند.

بەهەمان شێوەی ڕستەکانی پێشووتر ئەم ڕستانەش لەلایەنی سیمانتیکییەوە واتای جیاوازیان هەیە و ناتوانین پاشگرەکانی (/ـا/، /ـایی/) لەم ڕستەیەدا بەکاربهێنین، چونکە وشەکانی (/گەرمی و ساردی/) بە واتای دیاریکردنی ڕێژەی گەرمی و ساردی شتە کۆنکرێتییەکان دێت نەك بە واتای ڕێژەی گەرمی وساردی وەرزەکانی هاوین و زستان بۆ نموونە وەك:

گەرمی ئاسن .................. *گەرمای ئاسن

ساردی ئاو.................. *سەرمای ئاو

3- **گەرم + /ـایی/ = گەرمایی:** – گەرمی ئاگرەکە هەست پێدەکەم.

– گەرمایی ئاگرەکە هەست پێدەکەم. – *گەرمای ئاگرەکە هەست پێدەکەم.

کەواتە بە پێی ڕستەکان هەردوو پاشگری /ـایی/ و /ـی/ سینۆنێمن، چونکە دەتوانین لە بری یەکتر بەکاریان بهێنین و واتاکانیشیان تێکنەچێ، بەڵام لەگەڵ پاشگری /ـا/دا، ناتوانین چونکە لایەنی واتایی ڕێگە بە بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە ڕستانە نادات. لەڕووی واتاییشەوە پاشگری /ـایی/ جۆرێك لە هەستکردن و دیاریکردن دەبەخشێت، چونکە کاتێك، کە دەڵێین (گەرمایی ئاگر)، ئەوا لای خۆتەوە هەست بە بوونی بڕێکی دیاریکراو لە گەرمی دەکەی، بەڵام (گەرمی ئاگر) جۆرێك لە هەمەکێتی پێوە دیارە.

**10/3 ئاماری ئەو پاشگرە داڕێژانەی، کە چوونەتە سەر (ناو، ئاوەڵناو، ڕەگی کردار، ژمارە) بۆ ڕۆنانی ناوی ئەبستراکت:**

پاش ڕوونکردنەوە و دیاریکردنی ڕادەی بەرهەم و پێزی هەریەك لە پاشگرەکانی (/ـی/، /ـێتی/، /ـایەتی/، /ـەتی/، /ـایی/، /ـە/، /ـێنی/، /ـا/،) و خستنەڕووی پێکهاتەی وشەکان و چۆنیەتی بەشداریکردنی ئەم پاشگرانە لەگەڵ وشە سادە و لێکدراو و داڕێژراوەکاندا، بۆ ڕۆنانی ناوی ئەبستراکت، ئێستاش لەڕێگەی ئەم خشتەیەی خوارەوە هەوڵ دەدەین ڕادەی بەشداریکردنی هەریەك لە پاشگرەکان بەنزیکەیی بخەینەڕوو، چونکە ئێمە تەنها لەسەر بنەمای ئەو ژمارە دیاریکراوەی وشەکان دەتوانین حکوم بدەین، کە وەك نموونە وەرمان گرتووە و دەشێت بە کۆکردنەوە و ئامارکردنی ژمارەیەکی زۆرتری وشە ئەبستراکتییە داڕێژراوەکانی زمانی کوردی ئەم ڕێژانەش شایانی گۆڕان بن، بۆیە ئەم ئامارەی ئێمە لەسەر بنەمای (206) وشە دەرخراوە، کە لە چوارچێوەی باسکردنەکانمان لەسەر پاشگرەکان هێنراونەتەوە.

**خشتەی یەکەم:** ڕێژەی بەشداریکردنی پاشگرە ئەبستراکتییەکان لە داڕشتنی ناوی ئەبستراکتیدا:

| مۆرفیم | ژ. وشە | ڕ. بەشداریکردن |
|---|---|---|
| /ـی/ | 103 | ٪ 50 |
| /ـێتی/ | 30 | ٪14,56 |
| /ـایەتی/و ئەلۆمۆرفەکانی | 28 | ٪13,59 |
| /ـەتی/ | 20 | ٪ 9.70 |
| /ـایی/ | 10 | ٪ 4.85 |
| /ـە/ | 8 | ٪ 3.88 |
| /ـێنی/ | 5 | ٪ 2,42 |
| /ـا/ | 2 | ٪ 0,48 |

خشتەی (1)

## 11/3 چەند مۆرفێمێکی داڕێژی ناچالاک لە سازکردنی ناوی ئەبستراکتدا:

**یەکەم/ پاشگری /-ش، -شت، -یشت/: 1**

ئەم شێوە جیاوازانە، کە هەموویان یەك سۆفێکسن نـاوی ئەبسـتراکت دادەڕێـژن و لـە ئێسـتادا چـالاك نیین، بەڵام سەردەمێك بووە، چالاکییان هەبووە، هەروەها ئەم سۆفێکسە لەم وشانەدا قەتیس ماوە و لە ئێستادا سۆفێکسەکە بووە بە بەشێك لە وشەکە و ناتوانین لەیەکتریان بترازێنین. وەك:

ئارایشت/ئارایش

ڕەوشت

سەرزەنشت

شۆڕش

ڕەوش

هەروەها: پەرستش، کۆشش، بڕشت، ............هتد

**دووەم/ پاشگری /-ار/:**

ئەم پاشگرە دەچێتە سەر ژمارەیەکی کەم لە ڕەگی کـرداری ڕابـردووی تێپـەڕ و دەیانکـات بـە نـاوی ئەبستراکت. وەك:

**ڕەگی کرداری ڕابردووی تێپەڕ + /-ار/ = ناوی ئەبستراکت:**

وت > وتار

کوشت > کوشتار

گوفت > گوفتار

کرد > کردار

**سێیەم/ پاشگری /-انە/:**

ئەم پاشگرە دەچێتە سەر ئاوەڵناو و دەیکات بە ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو، وەك:

**ئاوەڵناو + /-انە/ = ناوی ئەبستراکت:**

پاك > پاکانە

سوور > سوورانە

---

1- فاروق عومەر سدیق، چاوپێکەوتنی تایبەت، 17/7/ 2012، ك.زمان، بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی.

هەر لەم ڕوانگەیەوە پێویستە ڕەچاوی ئەوەش بکەین، کە پاشگری /-انە/ چەند ئەرکێکی تری هەیە، لەوانەش:

1- (انە) بە ناوەوە دەنووسێ و ئاوەڵناوی لێ دروست دەکات. وەك:

پیاو + انە = پیاوانە ............... هەندێجار دەبێتە ئاوەڵکار.

2- (انە) بە ناوەوە دەنووسێ واتای (کرێ دەستی دەبەخشێ). وەك:

شاگرد + انە = شاگردانە.

3- (انە) بە بەرکارەوە دەنووسێت و چەمکی بەردەوامی دەبەخشێ:

شەوانە، ڕۆژانە دەچێت. (هەموو شەو و هەموو ڕۆژێ). (محەمەد مەعروف و سەباح رشید: 2006: 77).

**چوارەم/ پاشگری /-ست/:**

ئەم پاشگرە دەچێتە سەر ڕەگی کرداری ڕانەبردوو ناوی ئەبستراکت ڕۆدەنێت:

توانین = توان > توانست

زانین = زان > زانست

**پێنجەم/ پاشگری /-ینی/:**

**ناو + /-ینی/ = ناوی ئەبستراکت:**

ئەم پاشگرە لە گۆڤەری کرمانجی ناوەڕاستدا زۆرکەم بەرهەمە، بەلاّم لە گۆڤەری کرمانجی ژورودا بەرهەمدارە، وەك: (مرۆڤینی، مێرینی، ........هتد).

ماتەم > ماتەمینی [1]

**شەشەم/ پاشگری /-ندە/:**

گاز + /-ندە/ = گازندە. (شێرکۆ حمەئەمین: 2002: 42).[2]

پاشگری /-ندە/، جگە لە دارشتنی ناوی ئەبستراکت هەروەها ناوی کۆنکرێتیش ڕۆدەنێت، وەك:

ناو + /-ندە/ = ناوی کۆنکرێتی دارێژراو:

باڵ > باڵندە

هەرچەندە پاشگرە ناچالاکەکانی (/-ش/-شت، -ینی، -ندە/)، بوونەتە بەشێك لەپێکهاتەی وشەکان، بەلاّم لەڕێگەی خشتەی ژمارە (2)، ڕێژەی بەشداریکردنی هەریەك لەم مۆرفیمە ناچالاکانە لەڕۆنانی ناوی ئەبستراکت بە نزیکەیی دەخەینەڕوو، کە ژمارەی نموونە وەرگیراوەکان بریتین لە (18) وشە.

---

1- پاشگری /-ینی/ بووەتە بەشێك لە وشەکەو وەك وشەیەکی سەربەخۆ بەکاردەهێنرێت.

2- پاشگری /-ندە/ لە وشەی /گازندە/ بووەتە بەشێك لێی و ناتوانین /گاز/ بە هەمان واتا بە تەنها بەکاربهێنین.

**خشتەی دووەم:** ڕێژەی بەشداریکردنی چەند مۆرفیمێکی ناچالاك لە ڕۆنانی ناوی ئەبستراکتدا:

| مۆرفیم | ژ.وشە | ڕ. بەشداریکردن |
|---|---|---|
| /ـش/ـشت/ | 8 | ٪44 |
| /ـار/ | 4 | ٪22 |
| /ـانە/ | 2 | ٪11 |
| /ـست/ | 2 | ٪11 |
| /ـینی/ | 1 | ٪5,55 |
| /ـندە/ | 1 | ٪5,55 |

خشتەی (2)

## 12/3 ڕۆنانی ناوی ڕووداوی ئەبستراکت (چاوگ) لە ڕەگی کرداری ڕابردووەوە:

نیشانەی چاوگ /ـن/، وەك سۆفێکسێکی چالاك، دەچێتە سەر کرداری ڕابردووی سادە/ڕووت و ناوی ڕووداوی ئەبستراکت ڕۆدەنێت، واتە جگە لەوەی، کە وشەکە لە کردارەوە، بە واتای ئەوەی لە کردەوە دەگۆڕێت بۆ ناوی ڕووداو (پرۆسیس)، ئەو ناوەی، کە ڕۆی دەنێت لەڕووی سیمانتیکییەوە ناوێکی ئەبستراکتی داڕێژراوە و دەلالەت لە پرۆسێس دەکات. هەر لەم بارەیەوە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) دەڵێت: " چاوگ یان فۆرمی دیارنەخراو ئەگەرچی پێکهاتن و تایبەتێتی خۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەر بەفۆرمە گەردانەنەکراوەکانی کردارەو واتای ڕوودان ڕادەگەیەنێ بێ ئەوەی ئیشارە بۆ پێوەندێتی بە ڕێژە یان کات یان کەس یان ژمارەوە بکات. لەم ڕووەوە چاوگ وەك ناوی مەعنەوی لەکاردایە، بەڵام ئەم پرۆتسێس نیشان دەداو هەرچی ناویشە شت دیاری دەکات." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 2000: 37).

واتە بەشێوەیەکی گشتیی لەڕووی سیمانتیکییەوە هەم ناوە ئەبستراکتییەکان بە یارمەتی پاشگرە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت و هەم کردارەکان بە یارمەتی نیشانەی (چاوگ) هەردووکیان دەلالەت لە واتای ئەبستراکتی و نادیاری دەکەن، بەڵام جیاوازییەکە لە پۆلی ئاخاوتنی وشەکاندایە، چونکە ناوە ئەبستراکتییەکان لە چوارچێوەی پۆلی ناودا، ئاماژەن بۆ شت و حاڵەت و دیاردە و وەك پۆلێکی سەربەخۆی ئاخاوتن تایبەتمەندی خۆیان هەیە و لەسەر بنەمای ناو یاخود ئاوەڵناو یان ڕەگی کردارەوە بە یارمەتی پاشگرە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت سازدەکرێن. بەڵام بە پێچەوانەوە چاوگەکان لە چوارچێوەی پۆلی کرداردا ئەژماردەکرێن و لە سەر بنەمای ڕەگی کرداری ڕابردوو بەیارمەتی نیشانەی /ـن/ ڕۆدەنرێن و لە هەموو حاڵەتێکدا /ـن/ تەنها سۆفێکسە، کە دەچێتە سەر کردارەکان و ناوی ڕووداو ڕۆدەنێت.

کەواتە دەتوانین ئاماژە بۆ ئەو خاڵە بکەین، کە سەرجەم (ناوی ڕووداو/چاوگەکان) وەك ناوێکی ئەبستراکتی ڕۆنراو لەکاردان و ئاماژەن بۆ واتا و مەبەستی جیاواز بەپێی واتای کردارەکە، واتە دەتوانین بڵێین نیشانەی چاوگ وەك سۆفێکسێکی چالاك ڕۆڵدەبینێت لە سازکردن و داڕشتنی ناوی ڕووداوی ئەبستراکتی داڕێژراو لە کردارەوە، هەر لەم بارەیەوە (فاروق عومەر سدیق) پێی وایە، کە (–ن)ی نیشانەی ناوی ڕووداو دەچێتە سەر کردار و ناوی ڕووداوی ئەبستراکتیی دروست دەکات، ڕەگەکەش دروستکەری ناوی چاوگەکەیە و ناتوانین چاوگەکان جارێکی تر لەڕێگەی پاشگرە داڕێژەکانی ترەوە، کە دەچنە سەر ناو بۆ داڕشتنی ناوی ئەبستراکت بەکاربهێنین بۆ ئەبستراکتکردنی ئەم چاوگانە.[1] هەروەها بۆ داڕشتنی ناوی ڕووداوی ئەبستراکت لەکردارەوە پەیڕەوی لەیەك یاسا دەکرێت بەم شێوەیە:

**کرداری ڕابردووی سادە + /–ن/ = ناوی ڕووداوی ئەبستراکت:**

مرد > مردن

کرد > کردن

هات > هاتن

خەوت > خەوتن

سوتا > سوتان

بوو > بوون

فڕی > فڕین

..................هتد

**کرداری ڕابردووی لێکدراو + /–ن/ = ناوی ڕووداوی ئەبستراکت:**

سەرکەوت > سەرکەوتن

ژێرکەوت > ژێرکەوتن

ئازادبوو > ئازادبوون

خۆرگیرا > خۆرگیران

باران باری > باران بارین

سەوزبوو > سەوزبوون

مانگ گیرا > مانگ گیران

دزی کرد > دزیکردن

..................هتد

---

1- فاروق عومەر سدیق، چاوپێکەوتنی تایبەت، 17/7/ 2012، ك.زمان، بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی.

**کرداری ڕابردووی داڕێژراو + /ـن/ = ناوی ڕووداوی ئەبستراکت:**

**هەڵکەوت > هەڵکەوتن**

**وەرگەڕا >وەرگەڕان**

**هەڵپژا > هەڵپژان**

**هەڵگەڕا > هەڵگەڕان**

**دابەزی > دابەزین**

**...............................هتد**

## 13/3 ئەو مۆرفێمە داڕێژە ئەبستراکتییانەی، کە بەشداری لە گۆڕینی پۆلەڕەگەزی (ئاوەڵناو بۆ ناو) دەکەن.

**یەکەم/ پاشگری /ـی/:**

**ئەم پاشگرە ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی هەیە لە داڕشتنی ناوی ئەبستراکت لە ئاوەڵناوەوە، واتە دەچێتە سەر ئاوەڵناوی پێکهاتە جیاواز و پۆلە ئاخاوتنەکەی دەگۆڕێت بۆ ناو، بۆ نموونە:**

**چالاك ........................................... ئاوەڵناوی سادە**

**چالاکی ........................................... ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو**

**ڕووگرژ............................................ ئاوەڵناوی لێکدراو**

**ڕووگرژی.......................................... ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو**

**نەشارەزا........................................... ئاوەڵناوی داڕێژراو**

**نەشارەزایی......................................... ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو**

**هەروەها: شیرینی، زمان پاراوی، نەزۆکی، بێزاری، بێ ویژدانی...............................هتد**

**دووەم/ پاشگری /ـەتی/:**

**ئەم پاشگرە بەشێوەیەکی گشتی دەرکەوتنی لەگەڵ ئاوەڵناوەکاندا زیاترە، بۆ داڕشتنی ناوی ئەبستراکت، وەك لەگەڵ ناودا، واتە پاشگری /ـەتی/ بەرهەمدارە لە داڕشتنی ناوی ئەبستراکت لە ئاوەڵناوەوە، دەچێتە سەر ئاوەڵناوی پێکهاتە جیاواز و پۆلەڕەگەزەکەی دەگۆڕێت بۆ ناو، بەم شێوەیە:**

**مەرد..................... ئاوەڵناوی سادە**

**مەردیەتی.................. ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو**

**زمان لوس.................. ئاوەڵناوی لێکدراو**

**زمان لوسیەتی........... ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو**

**بێ ویژدان................. ئاوەڵناوی داڕێژراو**

**بێ ویژدانیەتی......... ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو**

**هەروەها: خوێڕیەتی، قارەمانیەتی، ......هتد**

**سێیەم/ پاشگری /–ێتی/:**

پاشگری /–ێتی/، دەچێتە سەر ئاوەڵناوی پێکهاتە جیاواز و کەتیگۆرییەکەیان دەگۆڕێت بۆ ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو، بەلاّم لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە ئاوەڵناو دەردەکەوێت، بەڵکو زیاتر لەگەڵ ناوەکاندا دەردەکەوێت، وەك:

برسی ........... ئاوەڵناوی سادە

برسێتی.......... ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو

بەخت ڕەش.............. ئاوەڵناوی لێکدراو

بەخت ڕەشێتی.......... ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو

هەروەها: دۆستێتی، کەرێتی، ......................هتد

**چوارەم/ پاشگری /–ایی/:**

پاشگری /–ایی/، تەنها دەچێتە سەر ئاوەڵناوی سادەو پۆلەڕەگەزەکەی دەگۆڕێت بۆ ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو، بەم شێوەیە:

سوور.......................................... ئاوەڵناوی سادە

سووری ................................. ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو

پان................................. ئاوەڵناوی سادە

پانایی.............................. ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو

گەرم ................................. ئاوەڵناوی سادە

گەرمایی................................. ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو

**پێنجەم/ پاشگری /–ایەتی/:**

ئەم پاشگرە دەچێتە سەر ژمارەیەکی کەم لە ئاوەڵناوی سادەو پۆلەکەیان دەگۆڕێت بۆ ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو، واتە کەم بەرهەمە لە داڕشتنی ناوی ئەبستراکت لە ئاوەڵناوەوە:

سووك.................................. ئاوەڵناوی سادە

سووکایەتی......................... ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو

ئازا................................. ئاوەڵناوی سادە

ئازایەتی........................... مەردایەتی

**شەشەم/ پاشگری /–ە/:**

ئەم پاشگرە، لەگەڵ ئاوەڵناوەکاندا زۆر بێ بەرهەمە بۆ سازکردنی ناوی ئەبستراکت و گۆڕینی پۆلی ئاخاوتنی وشەکان لە ئاوەڵناوەوە بۆ ناو، وەك:

باش.......................... ئاوەڵناوی سادە
باشە.......................... ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو

**حەوتەم/ پاشگری /ـا/:**

ئەم پاشگرە تەنها دەچێتە سەر ئاوەڵناوەکانی (گەرم، سارد) و پۆلەکەیان دەگۆڕێت بۆ ناو بەم جۆرە:
گەرم.......... ئاوەڵناوی سادە
گەرما.......... ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو

**هەشتەم/ پاشگری /ـانە/:**

ئەم پاشگرەش بە هەمان شێوەی پاشگری /ـا/ ناچالاکە لە دارشتنی ناوی ئەبستراکتیدا و تەنها دەچێتە سەر ئاوەڵناوەکانی (پاك، سوور) و کەتیگۆرییەکەیان دەگۆڕێت بۆ ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو:
پاك............ ئاوەڵناوی سادە
پاکانە......... ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو

**نۆیەم/ پاشگری /ـێنی/:**

ئەم پاشگرەش سۆفێکسێکی زۆر ناچالاکە لە گۆڕینی پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناو بۆ ناو و ڕۆنانی ناوی ئەبستراکتیدا.
قۆز.......................... ئاوەڵناوی سادە
قۆزێنی...................... ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو

پاش خستنەڕووی پاشگرە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت، کە دەچنە سەر ئاوەڵناو و پۆلە ئاخاوتنەکەی دەگۆڕن بۆ ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو، ئێستاش هەوڵ دەدەین، بەپێی ڕادەی بەشداریکردنی هەریەك لەم پاشگرانە، لە دارشتنی ناوی ئەبستراکتیی لە ئاوەڵناوەوە، بە پێی ئامارێك ڕادەی پێز و بەرهەمیان بە نزیکەیی بخەینەڕوو، کە ژمارەی نموونە وەرگیراوەکان بریتین لە (29) وشە، بەم شێوەیەی خوارەوە:
**خشتەی سێیەم:** ئاماری مۆرفیمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت، کە بەشدارن لە گۆڕینی کەتیگۆری ئاوەڵناو بۆ ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو:

| مۆرفێم | ژ.وشە | ڕ.بەشداریکردن |
|---|---|---|
| /-ی/ | 8 | ٪ 27.58 |
| /-ەتی/ | 5 | ٪ 17.24 |
| /-ێتی/ | 4 | ٪ 13,79 |
| /-ایی/ | 3 | ٪ 10,34 |
| /-ایەتی/ | 2 | ٪ 6.89 |
| /-ە/ | 2 | ٪ 6,89 |
| /-ا/ | 2 | ٪ 6,89 |
| /-انە/ | 2 | ٪ 6,89 |
| /-ێنی/ | 1 | ٪ 3,44 |

خشتەی (3)

**14/3 ئەو مۆرفێمە داڕێژە ئەبستراکتییانەی، کە بەشداری لە گۆڕینی پۆلەڕەگەزی (کردار بۆ ناو) دەکەن.**

**یەکەم/ پاشگری /-ە/:**

ئەم پاشگرە، پاشگرێکی چالاکە، کە دەچێتە سەر ژمارەیەك لە ڕەگی کرداری ڕانەبردوو دەیانکات بە ناوی ئەبستراکت، ئەو ناوانەی، کە ڕۆشی دەنێت بەزۆری ناوی دەنگن، وەك:

**ڕەگی کردار + /-ە/ = ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو:**

پرسین = پرس > پرسە ............ (پرسە) ناوی دەنگ نییە، وەك نموونەکانی تر).

وتن = وت > وتە

پژمین = پژم > پژمە

قیژان = قیژ > قیژە

وەڕین = وەڕ > وەڕە

نەڕاندن= نەڕ> نەڕە

**دووەم/ پاشگری /-ار/:**

ئەم پاشگرە /-ار/ دەچێتە سەر ژمارەیەك لە ڕەگی کرداری ڕابردوو پۆلەکەیان دەگۆڕێت بۆ ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو، وەك:

**ڕەگی کرداری ڕابردوو + /-ار/ = ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو:**

**وتن = وت > وتار**

**کوشتن = کوشت > کوشتار**

**کردن = کرد > کردار**

**ڕەفتن= ڕەفت > ڕەفتار**

***سێیەم/ پاشگری /-ش/، /-شت/:***

**ئەم پاشگرە دەچێتە سەر ژمارەیەك لەڕەگی کرداری ڕانەبردوو پۆلەکەیان دەگۆڕێت بۆ ناوی ئەبستراکت، وەك:**

**ڕەگی کرداری ڕانەبردوو + /-ش، -شت/ = ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو:**

**کۆشین = کۆش > کۆشش**

**ڕەوین = ڕەو > ڕەوش/ ڕەوشت**

**بڕین = بڕ > بڕشت**

**.........................هتد**

**چوارەم/ پاشگری /-ست/:**

**ئەم پاشگرە، دەچێتە سەر هەردوو ڕەگی ڕانەبردووی (زان، توان) و پۆلەکەیان دەگۆڕێت بۆ ناوی ئەبستراکت:**

**ڕەگی کرداری ڕانەبردوو + /-ست/ = ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو:**

**زانین = زان > زانست**

**توانین = توان > توانست**

**پاش ڕوونکردنەوەی ئەو مۆرفێمە لێکسیکییانەی، کە بەشداریدەکەن لەگۆڕینی پۆلی ئاخاوتنی کردار بۆ ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو، ئێستاش هەوڵ دەدەین ڕێژەی بەشداریکردنی هەریەك لەو پاشگرانە ئاماربکەین و بەپێی ژمارەی نموونە وەرگیراوەکان، کە بریتییە لە (15) وشە ڕێژەکانیان دەربکەین، بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**خشتەی چوارەم:** **ئاماری مۆرفیمە داڕێژەکانی، کە دەچنە سەر ڕەگی کردار و پۆلی وشەکە دەگۆڕن بۆ ناوی ئەبستراکت:**

| ڕ. بەشداریکردن | ژ.وشە | مۆرفیم |
|---|---|---|
| ٪ 40 | 6 | /ـە/ |
| ٪ 26.66 | 4 | /ـار/ |
| ٪ 20 | 3 | /ـش،ـشت/ |
| ٪ 13.33 | 2 | /ـست/ |

خشتەی (4)

**15/3 ئەو مۆرفیمە داڕێژانەی، کە بەشدارن لەگۆڕینی بەشەئاخاوتنی (ژمارە بۆ ناو):**

**یەکەم/ پاشگری /ـە/:**

ئەم پاشگرە دەچێتە سەر ژمارە و کەتیگۆرییەکەی دەگۆڕێت بۆ ناو، وەك:

سەد + /ـە/ > سەدە

چل + /ـە/ > چلە

حەوت + /ـە/ حەوتە

**دووەم/ پاشگری /ـێتی/ یان /ـیەتی/:**

یەك + /ـێتی/، یان /ـیەتی/ > یەکێتی/یەکیەتی.

## 16/3 ئاماری گشتیی مۆرفیمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت بەگوێرەی بە پێزییان:

پاش خستنەڕووی پێزو بەرهەمی هەریەك لەمۆرفیمە لێکسیکییەکانی داڕێژی ناوی ئەبستراکت و دیاریکردنی ڕێژەی بەشداریکردنی هەریەك لەم مۆرفیمانە لە داڕشتن و ڕۆنانی ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو، بەشداریکردن لە گۆڕینی کەتیگۆری ئاوەڵناو و کردار و ژمارە بۆ ناو، لەکۆتاییدا دەمانەوێت ئاماری گشتیی مۆرفیمەکان، کە لە خشتەکانی (1، 2، 3، 4)دا بەپێی ڕێژەی بەشداریکردن و چالاکی هەریەك لەو مۆرفیمانە پیشانماننداوە، بخەینەڕوو، دیارە ئەم خستنەڕووەش لەسەر بنەمای(246) وشە، کە وەك نموونە بە درێژایی بەشی سێیەم لە باسکردنی هەریەك لەمۆرفیمەکاندا هێناومانەتەوە، دیاریدەکەین و حکومدانی ئێمەش لەسەر پێز و ڕێژەی بەرهەمی هەریەك لەم پاشگرانە لەسەر ئەم بنەمایەیە و ڕێژەی بەشداریکردنی هەریەك لە پاشگرەکانمان دیاری کردووە، پاشگرەکانیش بە گوێرەی بەپێزییان لە بەپێزەوە بۆ بێ پێز ڕیزدەکەین. کە لە خشتەی ژمارە (5)دا ئاماژەی بۆ کراوە، بەم شێوەیە:

**خشتەی پێنجەم:** ئاماری گشتیی مۆرفیمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت بەگوێرەی بە پێزییان:

| مۆرفیم | ژ.وشە | ڕ. بەشداریکردن |
|---|---|---|
| /-ی/ | 111 | %45,12 |
| /-ێتی/ | 34 | %13,81 |
| /-ایەتی/و ئەلۆمۆرفەکانی | 28 | %11,38 |
| /-ەتی/ | 25 | %10,16 |
| /-ایی/ | 13 | %5,28 |
| /-ە/ | 10 | %4,06 |
| /-ش، شت/ | 8 | %3,25 |
| /-ێنی/ | 5 | %2,03 |
| /-ار/ | 4 | %1,62 |
| /-ست/ | 2 | %0,81 |
| /-انە/ | 2 | %0,81 |
| /-ا/ | 2 | %0,81 |
| /-ینی/ | 1 | %0,40 |
| /-ندە/ | 1 | %0,40 |

خشتەی (5)

# ئەنجامەکان

لەکۆتایی توێژینەوەکەماندا گرنگترین ئەنجامەکان لە چەند خاڵێکدا دەخەینەڕوو:

1- لە بەرامبەر ناوە کۆنکرێتییەکاندا، ناوە ئەبستراکتییەکان گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە، بۆ ئاخێوەری هەر زمانێك، چونکە لەڕێگەی هەریەك لە وشە ئەبستراکتی و کۆنکرێتییەکانەوە، قسەکەر دەتوانێت تا ڕادەیەك هێڵێکی ڕاست لەنێوان دنیای ئایدیاڵ و ماتریاڵی زماندا بکێشێت و ئەو دوو جیهانە لەیەکتر جودا بکاتەوە، واتە هەروەك چۆن مرۆڤ پێویستی بە وشە کۆنکرێتییەکان هەیە بۆ ناوان و جیاکردنەوەی شتە بەرهەست و دیارەکان، بەهەمان شێوەش مرۆڤ پێویستی بە وشە ئەبستراکتییەکان هەیە بۆ دەربڕینی چەمك و واتا نادیارەکان و شتە زەینییەکان.

2- ناوی ئەبستراکت دەربڕی واتای ئەو شتانەیە، کە لەدنیای دیار و بەرهەستدا، ئاماژەدەرێکی ماددی نییە، کە مرۆڤ بتوانێت لەڕێگەی هەستەکانی (بینین، بیستن، بۆنکردن، چەشتن، بەرکەوتن)، هەست بە بوونی بکات، ئەمە لەکاتێکدا بە پێچەوانەی ناوی کۆنکرێتەوە، کە ئاماژەدەرێکی ماددیمان بۆی هەیە و مرۆڤ دەتوانێت هەست بە بوونیان بکات. هەر لەسەر ئەم بنەمایەشە، کاتێك، کە منداڵ سەرەتا وشەکانی زمانێکی دیاریکراو وەردەگرێت، ئەو ناوانە فێردەبێت، کە ئاماژەن بۆ شتی کۆنکرێتی و دیار، چونکە منداڵ لەم قۆناغەدا واتای شتەکە بە خودی کەرەستەکەوە لە دەرەوەی زمان دەبەستێتەوە.

3- هەردوو چەمکی (بەبەرهەمی: بەپێزی)، پەیوەندییەکی هەمبەریان لەنێواندا هەیەو بەرهەمداری یاسایەکی مۆرفۆلۆژی ڕاستەخۆ دەربڕی بەپێزی ئەو یاسایەیە، واتە بەرزبوونەوە و زۆربوونی ڕێژەی بەشداریکردن و سازکردنی وشەی نوێ لەلایەن پاشگرێکی دیاریکراوەوە، یاخود یاسایەکی دیاریکراوەوە، ئەوا ئاماژە دەری ئەو ڕاستییەیە، کە ئەو پاشگرە، یان یاسایە بە پێزە و بەرهەمدارە، پێچەوانەکەشی ڕاستە.

4- بەشێوەیەکی گشتی ناوە ئەبستراکتییەکان زیاتر لە ڕێگەی داڕشتنەوە سازدەکرێن، وەك لە ناوە کۆنکرێتییەکان، بەحوکمی ئەوەی ناوە کۆنکرێتییەکان، ناون بۆ شتێکی کۆنکرێتی، واتە لەگەڵ لەدایکبوونی شتێکی کۆنکرێتی ناوێکی لێدەنرێت، یاخود بە ئامادەکراوی بۆی دەخوازرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە ناوە ئەبستراکتییەکان بۆ دەربڕینی دیاردە و حاڵەت و شتی ئەبستراکتی پێویستی بە داڕشتن و سازکردن هەیە، بە یارمەتی مۆرفیمە داڕێژەکانی سازکەری ناوی ئەبستراکتی.

5- لەڕووی ئەرکەوە گروپی مۆرفیمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت، جگەلەوەی، کە ناوی ئەبستراکتی دادەڕێژن، ڕۆڵی ئاخاوتنی هەندێك لە وشەکانیش دەگۆڕن، لە (ئاوەڵناو، ژمارە، کردار)ەوە، بۆ ناوی ئەبستراکت.

ئەمە جگەلەوەی، کە لەچوارچێوەی پۆلی کرداریشدا، بەهۆی /ـن/ی نیشانەی ناوی ڕووداوەوە، کاتێك، کە دەچێتە سەر (ڕەگ/قەدی) کرداری ڕابردوو، لە ئەنجامدا ناوی ڕووداوی ئەبستراکت ڕۆدەنێت، کە لەڕووی واتاییەوە، دەلالەت لە پرۆسێس دەکات و جیاوازە لە ئەو پاشگرانەی، لەچوارچێوەی پۆلی ناودا ناوی ئەبستراکت دادەڕێژن، چونکە ئەم جۆرەیان دەلالەت لە شت دەکەن، نەك پرۆسێس.

6- گروپی مۆرفێمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت، جگەلەوەی، کە لەڕووی ستراکچەرەوە دەچنە سەر وشە (سادە، لێکدراو، داڕێژراو)ەکان، بەڵام لە هەمان کاتدا، لەگەڵ هەموو ناوە داڕێژراوەکاندا نایەن، بۆ نموونە تەنها دەچنە سەر ئەو ناوە داڕێژراوانەی، کە بەهۆی گروپی مۆرفێمە داڕێژەکانی ناوی پیشەوە ڕۆنراون، کە یاسای پێکەوە هاتنیشیان بەم شێوەیەیە:

**(ناو + م. داڕێژی پیشە + م. داڕێژی ناوی ئەبستراکت = ناوی ئەبستراکتی داڕێژراو)**

**ئاسن + /-گەر/ + /-ی/ = ئاسنگەری.**

بە پێچەوانەوە ناچنە سەر ئەو وشانەی، کە بە هۆی پاشگرە داڕێژەکانی (ناوی شوێن و بچوککردنەوە) ڕۆنراون.

7- ئەوەی ئەم گروپەی لە مۆرفێمە داڕێژەکانی تری وەك (مۆرفێمەکانی بچوککردنەوە و پیشەو شوێن)، جیاکردووەتەوە، ئەوەیە کەوا ئەم پۆلە مۆرفێمە جۆرێك لە وشە ڕۆدەنێن، کەوا لەڕووی واتاییەوە زۆر جیاوازە لە بەرهەمی مۆرفێمە داڕێژەکانی تری ناو لە زمانی کوردیدا، چونکە بەرهەمی مۆرفێمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت بریتین لەو حاڵەت و جۆرو ڕووداوانەی، کەوا دەلالەت لە شتی زیهنی/بیریی دەکەن و بەرهەمیان دەچێتە چوارچێوەی جیهانی ئەبستراکتەوە، بەڵام مۆرفێمە داڕێژەکانی تری ناو بەپێچەوانەوە ئەو ناوانەی، کە دایدەڕێژن شت و کەرەسەی بەرهەستن و لە چوارچێوەی جیهانی کۆنکرێتدان و مرۆڤ هەست بە وجودیان دەکات

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان:

## بەزمانی کوردی:

### أ/کتێب:


1- ئەوڕەحمانی حاجی مارف: (1975)، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغدا.

2- ___________، (1977)، وشەرۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغدا.

3- ___________، (1979)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی)، بەشی یەکەم – ناو - – ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق ، بەغداد.

4- ___________، (1991)، ڕێزمانی کوردی بەرگی یەکەم (وشەسازی) بەشی سێیەم(ئاوەڵناو)، لەبلاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد، بەغدا.

5- ___________، (2000)، ڕێزمانی کوردی بەرگی یەکەم (وشەسازی) بەشی پێنجەم(کردار).

6- ___________، (2002)، بەرهەمە زمانەوانییەکانم، (نووسین و وەرگێڕان)، بەرگی یەکەم، کتێب و نامیلکە، سلێمانی.

7- ئەفلاتوون، (2003)، فایدۆن، و: ئاوات ئەحمەد، چاپخانەی ڕەنج.

8- ______، (2006)، کراتیلۆس، و: ئاوات ئەحمەد، چاپخانەی یاد.

9- ئارام قادر خەلەکانی، (2010)، شرۆڤەی لۆژیکی بۆ زمان (ڤنگنشتاین)، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی – دهۆك.

10- پودوستینینك یاخوت و پودوستینیك سبیزکین، (2007)، فەلسەفی مارکسیزم (کورتە باسێکی ماتریالیزمی دیالەکتیك و کورتە باسێکی ماتریالیزمی مێژوویی، و: جەلال دەباغ، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

11- گیو موکریانی، (1961)، فەرهەنگی مەهاباد، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان – هەولێر.

12- کەریم مستەفا، (2006)، 7وانەی فەلسەفی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی – کوردستان.

13- جۆن سیرل، (2009)، زمان و عەقڵ و کۆمەڵگە فەلسەفە لە جیهانی هاوچەرخدا، و: عەبدوڵلا مەحمود زەنگەنە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون.

14- فاروق عومەر سدیق، (2011)، لە دایکبوونی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

15- سەلام ناوخۆش، (2008)، زمانناسی (مێژوویی – بونیادگەری – چۆمسکی)، چاپی دووەم، چاپخانەی کاروان، هەولێر.

16- سەعید سدقی کابان، (1928)، مختصر صرف ونحوی کوردی، بەشی یەکەم، چاپخانەی نەجاح – بەغدا.

17- ساڵح حوسێن، (1985)، کورتەیەك لە ڕێزمانی کوردی- گردوکۆ و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی بەغدا – بەغدا.
18- شێخ محەمەدی خاڵ (2005)، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر.
19- شیروان حوسێن خۆشناو، (2011)، تێڕوانینێکی نوێ بۆ سینۆنێم لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی دیلان، سلێمانی.
20- غازی فاتیح وەیس، (1984)، فۆنەتیك، چاپی یەکەم، لە بلاّوکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی (ناوچەی کوردستان).ژ1
21- غازی عەلی خورشید، (2011)، زمانی فەرمی بۆ کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان – سلێمانی.
22- حەمید عەزیز، (2006)، فەلسەفە و لاهوت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان – سلێمانی.
23- __________، (2009)، بنەڕەتەکانی فەلسەفە، چاپی دووەم، ئەندێشە بۆ چاپ و بلاّوکردنەوەی کتێب.
24- __________، (2012)، سەرەتایەك لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، چاپی پێنجەم، چاپخانەی ڕۆژهەلاّت، هەولێر.
25- __________، (2012)، فەلسەفەی نوێ لە ئەوروپا، چاپخانەی ڕۆژهەلاّت، هەولێر.
26- ه.د. ویدۆوسن، (2008)، سەرەتایەك بۆ زمانەوانی، و: هۆشەنگ فاروق، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.
27- عەبدولواحید موشیر دزەیی، (2009)، واتاسازی (چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، هەولێر.
28- وریا عومەر ئەمین، (2009)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
29- لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، (2009)، زمان و ئەدەبی کوردی – پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، چاپخانەی ئەکاسیا هەولێر.
30- لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد، (2011)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
31- محەمەدی مەحوی، (2001)، زمان و زانستی زمان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (104)، بەرگی یەکهەم، سلێمانی.
32- __________، (2006)، ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەڕۆك – وابەستە، زانکۆی سلێمانی.

33- ___________، (2009)، زانستی هێما، هێما واتا و واتالێکدانەوە، بەرگی یەکهەم، زانکۆی سلێمانی. (بلاوّنەکراوە).
34- ___________، (2009)، زانستی هێما، هێما واتا و واتالێکدانەوە، بەرگی دووهەم، زانکۆی سلێمانی. (بلاوّنەکراوە).
35- کۆمەڵێك زمانەوان، (2009)، مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، و: محەمەدی مەحوی: مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.
36- ___________، (2010)، مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان – مۆرفۆلۆژی کوردیی، بەرگی یەکهەم – سلێمانی.
37- ___________، (2011)، بنەماکانی سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکهەم، بەرگی یەکهەم – سلێمانی.
38- محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید، (2006)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
39-محەمەد مەعروف فتاح، (2010)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنەوەی: شێروان حسێن و شێروان میرزا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
40-___________، (2011)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، هەولێر.
41- محەمەد کەمال، (2010)، فەلسەفەی ئەفلاتوون، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان – سلێمانی.
42- مەسعوود محەمەد، (2011)، زاراوەسازی پێوانە، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم – هەولێر.
43- نوری عەلی ئەمین: (1956)، قەواعیدی زمانی کوردی لە ((صرف و نحو))دا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی مەعاریف – بەغدا.
44- ___________، (1958)، قەواعیدی زمانی کوردی لە ((صرف و نحو))دا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی مەعاریف – بەغدا.
45- ___________، (1960)، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران – سلێمانی.
46- ___________، (1958)، گرتنی کەلێنێکی تر لە ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی مەعاریف – بەغدا.
47- ڕەشیدێ کورد، (2008)، ڕێزمانا زمانێ کورمانجی، ئیسماعیل تاها شین: ژ ئەلفبێیا لاتینی ڤە گوهازتیە عەرەبی، چاپا ئێکێ، چاپخانا خانی، دهۆك.
48- ڕۆژان نوری عەبدولا، (2007)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی چوارچرا، چاپی یەکەم – سلێمانی.

## ب/گۆڤار:


1- فاروق عومەر سدیق، (1975)، وشەسازی لە زمانی کوردیدا (سۆفێکسی ناوی ئەبستراکتی (ی)، سۆفێکسی سیفەتی نسبی (ی)، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم بەشی دووەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

2- غازی فاتیح وەیس، (1985)، جیاوازی نێوان فۆنێم و مۆرفێم، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە: (107).

3- محەمەد مەعروف فتاح، (1990)، هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ:125.

4- مەسعوود محەمەد، (1973)، بەکارهێنای (ی) لەڕێزمانی کوردیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.


## پ/ نامەی زانکۆیی بلاّونەکراوە:


1- تابان محەمەد سەعید، (2008)، گەشەسەندن و پوکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

2- کەوسەر عەزیز، (1990)، بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاّحەدین.

3- کسپە ئەبوبەکر عەلی، (2011)، پەیوەندی بیر و زمان لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

4- فەرهاد تۆفیق، (2010)، پەیوەندییە سیمانتیکییەکان و دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

5- سازان زاهیر، (2009)، پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی بچوککردنەوە و ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

6- شێرکۆ حەمە ئەمین، (2002)، مۆرفێمە بەندە لێکسیکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆڕاندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

7- هیدایەت عەبدوڵلاّ، (2002)، ڕێکەوتنی واتایی ناو و ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

8- یارا قادر، (2008)، مۆرفۆسینتاکس لە زاری کۆیە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە.

9- نەرمین عومەر، (2010)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

## ت/زمانی فارسی:

1- طلعت بصاری، (1348)، دستور زبان فارسي، چاپ دوم، ناشر: كتابخانه طورى، تهران.

## ج/ زمانی عەرەبی:

1- جميل صليبا، (1385)، المعجم الفلسفي ذوالقربي، الطبعة الاولى، الجزء الثاني.
2- حسن بشير صالح، (2003)، علاقة المنطق باللغة عند فلاسفة المسلمين، الطبعة الاولى، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية، مصر.
3- حاتم الضامن، (1991)، الصرف، قسم اللغة العربية – كلية الاداب، جامعة بغداد.
4- دينكن ميشيل، (1980)، معجم علم الاجتماع، ت: احسان محمد حسن، دار الرشيد للنشر، جمهورية العراق.
5- محمود فهمى زيدان، (2003)، فى فلسفة اللغة، الطبعة الاولى، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية، مصر.
6- مركز اطلس العالمى للدراسات والابحاث، (2002)، قاموس اطلس (انكليزى— عربي) .
7- نايف خرما، (1978)، أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، عالم المعرفة، الكويت.

## چ/ زمانی ڕووسی:

1- بوداگەڤ، (1958)، سەرەتایەك لە زانست دەربارەی زمان، مۆسكۆ.

## خ/ چاوپێکەوتنی تایبەت:

1- پ.ی.د. فاروق عومەر سدیق، پسپۆڕ لە مۆرفۆلۆژیدا، (2012/5/15)، زانكۆی سلێمانی.
2- پ.ی.د. حەمید عەزیز، پسپۆڕ لە فەلسەفەدا، (2012/5/7)، زانكۆی سەلاحەدین.

## ح/ وانەی خوێندنی بالآ:

1- ئەبوبەكر عومەر قادر: (2011)، وانەی خوێندنی بالآ، (زانستی زمان).

### د/ وتاری بلآونەكراوە:

1- فاروق عومەر سدیق: (2012)، باسی زانستیی ئامادەكراو بۆ چاپ.

## ر/ زمانی ئینگلیزی:

1- Geoffrey Leech & Benita Cruikshank &Roz Lvanic, (2001), A – Z of English Grammar &Usage, England.

2- Randolph Quirk,(1985), A comprehensive Grammar of the English, first published, U.S.A, by Longman . new York.

3- Jack C. Richards and Richard Schmidt, (2010), Longman Dictionary of Language Teaching & Applied, forth edition, published in Great Britain

4- Mark Aronof,(2011), what is morphology, second edition, Wiley Blackwell.

5- David Crystal, (1981), Linguistics , England

6- John Lyons, (1981), Language and Linguistics, first published, Cambridge University.

7- Sally Wehmeier, (2003), Oxford Advanced Learners Dictionary, New york.

8- F. Katamba& J. Stonham,(2006), Morphology, second edition.

9- Bauer,(2004), Morphological Productivity, first Edition, Cambridge University press.

10- Haspelmath, (2010), Understanding Morphology , second edition, London.

11- Sally Wehmeier, (2006), Oxford Advanced Learners Dictionary, New york.

12- Lieber, (2009), Introducing Morphology, first published , Cambridge University press, New York.

13- Fromkin& Rodman &Hyams, (2011), An Introduction to Language, 9edition. International Edition.

14- D.Crystal, (1992), An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, first published, U.S.A .

# ملخص البحث

هذه الرسالة، التي هي بعنوان (**الاسم المجرد وجدوى الوحدات الصوتية "المورفيمات" الصائغة للاسم المجرد في اللغة الكردية**)، دراسة وصفية تحليلية تتناول فعالية وجدوى مجموعة معينة ومهمة من الوحدات الصوتية "المورفيمات" الصائغة في اللغة الكردية، وهي مجموعة المورفيمات الصائغة للاسم المجرد. وتسعى الرسالة – من خلال عرض المعطيات والاحصاءات – الى أن تعرض نسبة الفعالية والمساهمة لكل وحدة صوتية أو مورفيم من هذه المجموعة، التي لها دور وأهمية خاصة في اغناء معجم اللغة الكردية.

الرسالة تتألف – فضلاعن المقدمة والنتائج وقائمة المصادر – من ثلاثة أقسام، وكالتالي:

**القسم الأول**: هذا القسم، الذي يحمل عنوان (**المفهوم المجرد والمجرد في المستويات اللغوية المختلفة**)، قسم نظري، ويبيَن فيه بصورة عامة معنى مصطلح "المجرد" و "المفهوم المجرد" في الفلسفة واللغة. وفي الوقت نفسه يتناول "المجرد" في المستويات المختلفة للغة بالتوضيح.

**القسم الثاني**: تحت عنوان (**مفهوم الجدوى والوحدات الصوتية "المورفيمات" الصائغة للاسم المجرد**)، في هذا القسم سعى الباحث لألقاء الصوء على مفهوم الجدوى والانتاجية بصورة عامة، وخاصة في اللغة والمستوى الصرفي (المورفولوجي)، يلى ذلك عرض لموضوع الاسم المجرد والمورفيمات الصائغة للأسم المجرد في اللسانيات الكردية.

**القسم الثالث**: خُصَص ل (**جدوى المورفيمات الصائغة للأسم المجرد في الصياغة الأسماء الجديدة**) وهنا سعى الباحث لإلقاء الضوء على دور وفعالية كل واحد من المورفيمات الصائغة للاسم المجرد على حِدة، بشكل عملي (تطبيقي)، وبعد ذلك عرض نسبة جدوى وانتاجية المورفيمات التجريدية واحدا بعد واحد مع تحديد نسبة جدوى وانتاجية كل واحد منها بشكل تقريبي وعلى أساس ذلك العدد المعين من الكلمات التجريدية التي استعملناها في الرسالة كنماذج.

# Abstract

This thesis is entitled *abstract nouns and the productivity of the derivational suffixes of abstract nouns in kurdish,* is an analytical descriptive study which deals with the role and productivity of an important and specific group of the derivational suffixes in kurdish, that important group is the derivational suffixes of abstract nouns. The research also tries to show the level of participation and activity of each morphemes of this group through data collection. Which play an important role to enrich kurdish language and dictionary.

The research consists of, apart from the introduction, conclusion and list of references, three chapters, as follow:

Chapter one

This chapter which is given the title of *the concept of abstract and abstract in the different linguistic levels*, is a theoretical part in which the term and concept of abstract in philosophy and language have been elucidated, besides, there is a brilliant argument about abstract in this chapter.

Chapter two

This chapter is *the concept of productivity and the derivational suffixes of abstract nouns*. In this chapter, the researcher tried to explain the concept of productivity in general, and particularly in languabe and on the level of morphology. Then the reasearch deals with the explanation of abstract nouns and the derivational morphemes of abstract nouns, refering and evaluating the works which have previously been done about abstract nouns and the derivational suffixes of abstract nons.

Chapter three

This chapter is devoted for *the productivity of the derivational suffixes of abstract nouns in composing of new words*, in which practically the role and influences of each of the derivational suffixes of abstract nouns have been explained separately, later the level of products and productivity of each abstract morphemes. Finally, performing general data the abstract derivational morphemes and identifying the level of products and productivity approximately, and on the basis of that specific number of abstract words, which we have used as examples in this research .

پاشکۆ:

لیستی (ناوە ئەبستراکتییەکان)، کە وەك نموونە بەدرێژایی بەشی سێیەم بەکارمانهێناوە.

| ژ | پاشگری /-ی/ لەگەڵ ناودا | 29 | دەریاوانی |
|---|---|---|---|
| 1 | برایی | 30 | سەروەری |
| 2 | منداڵی | 31 | دەمەوەری |
| 3 | حەماڵی | 32 | نانەوایی |
| 4 | بەقاڵی | 33 | خوێندەواری |
| 5 | دارتاشی | 34 | کڕیاری |
| 6 | گوڵفرۆشی | 35 | فرۆشیاری |
| 7 | نانکەری | 36 | جوتیاری |
| 8 | نامەنووسی | 37 | گەڕیدەیی |
| 9 | پێش نوێژی | 38 | پیسکەیی |
| 10 | ئاسنگەری | 39 | پێشەوایی |
| 11 | مسگەری | 40 | پێویستی |
| 12 | کیمیاگەری | 41 | هاوکاری |
| 13 | سەربازی | 42 | هاودەردی |
| 14 | کۆتربازی | 43 | هاوخەمی |
| 15 | جامبازی | 44 | هاوڕێیی/هاوڕێیەتی |
| 16 | هونەرمەندی | ژ | پاشگری /-ی/ لەگەڵ ئاوەڵناودا |
| 17 | دەوڵەمەندی | 45 | پانی |
| 18 | دوکانداری | 46 | جوانی |
| 19 | ماڵداری | 47 | تاڵی |
| 20 | باخداری | 48 | ڕەشی |
| 21 | دانسازی | 49 | سوێری |
| 22 | چەخماخسازی | 50 | زبری |
| 23 | وشەسازی | 51 | بەرزی |
| 24 | ناڵبەندی | 52 | نزمی |
| 25 | کەشتیوانی | 53 | قووڵی |
| 26 | باخەوانی | 54 | چالاکی |
| 27 | فرۆکەوانی | 55 | شیرینی |
| 28 | شاخەوانی | 56 | دڵڕەقی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 57 | بەخت ڕەشی | 86 | نەساغی |
| 58 | بالآبەرزی | 87 | نەزانی |
| 59 | سەرشۆڕی | 88 | نەمری |
| 60 | بۆنخۆشی | 89 | نەبوونی |
| 61 | بێ دەنگی | 90 | ناپاکی |
| 62 | بێ وەفایی | 91 | ناشیرینی |
| 63 | دەست بەسەری | 92 | ناڕاستی |
| 64 | لێوبەباری | 93 | بوێری |
| 65 | قوڕبەسەری | 94 | بەختەوەری |
| 66 | خۆش باوەڕی | 95 | دینداری |
| 67 | دەست بڕی | 96 | نارەحەتی |
| 68 | ئاشتی خوازی | 97 | ناوداری |
| 69 | ڕاستگۆیی | 98 | غەمناکی |
| 70 | بەدبینی | 99 | غەمگینی |
| 71 | ڕەشبینی | 100 | درۆزنی |
| 72 | ڕەشپۆشی | 101 | فێڵبازی |
| 73 | دوودڵی | 102 | ناخۆشی |
| 74 | دووڕوویی | 103 | ناشارەزایی |
| 75 | ژێردەستی/ژێردەستەیی | 104 | بێ ویژدانی |
| 76 | کەمخۆری | 105 | بێ هۆشی |
| 77 | زۆربڵێیی | 106 | بێ خەوی |
| 78 | چاوقایمی | 107 | بێ کاری |
| 79 | ڕووڕەشی | 108 | بێ هێزی |
| 80 | ڕووگرژی | 109 | بێ زاری |
| 81 | زمان پاراوی | 110 | نەزۆکی |
| 82 | بەهێزی | 111 | نەفامی |
| 83 | بەپێزی | ***ژ*** | ***پاشگری /-ێتی/ لەگەڵ ناودا*** |
| 84 | بەجەرگی | 112 | دایکێتی |
| 85 | نەخۆشی | 113 | کوردێتی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 114 | بەڕێوەبەرێتی | 142 | قوڕبەسەرێتی |
| 115 | قوتابێتی | 143 | کارەکەرێتی |
| 116 | ڕۆژنامەنوسێتی | 144 | سیحربازێتی |
| 117 | نانکەرێتی | 145 | دیندارێتی |
| 118 | نامەبەرێتی | **ژ** | ***پاشگری /-ایەتی/ و ئەلۆمۆرفەکانی لەگەڵ ناودا*** |
| 119 | سوالّکەرێتی | 146 | خزمایەتی |
| 120 | ئاسنگەرێتی | 147 | دەروێشایەتی |
| 121 | هونەرمەندێتی | 148 | باوکایەتی |
| 122 | کرێکارێتی | 149 | حزبایەتی |
| 123 | حوکمڕانێتی | 150 | کوردایەتی |
| 124 | تەنەکەچێتی | 151 | مرۆڤایەتی |
| 125 | فرۆکەوانێتی | 152 | جاشایەتی |
| 126 | ئاشەوانێتی | 153 | مەلایەتی |
| 127 | ئەمیندارێتی | 154 | موڵکایەتی |
| 128 | باخدارێتی | 155 | برایەتی |
| 129 | شارستانێتی | 156 | ئامۆزایەتی |
| **ژ** | ***پاشگری /-ێتی/ لەگەڵ ئاوەڵناودا*** | 157 | پاشایەتی |
| 130 | ڕەشێتی | 158 | مامۆستایەتی |
| 131 | چەوتێتی | 159 | خاڵۆزایەتی |
| 132 | خوێڕێتی | 160 | ئاغایەتی |
| 133 | زەردێتی | 161 | نانەوایەتی |
| 134 | سوورێتی | 162 | بەڕێوەبەرایەتی |
| 135 | کەرێتی | 163 | کەسایەتی |
| 136 | برسێتی | 164 | خوشکاتی/خوشکایەتی |
| 137 | بەخت ڕەشێتی | **ژ** | ***پاشگری /-ایەتی/ و ئەلۆمۆرفەکانی لەگەڵ ئاوەڵناودا*** |
| 138 | فێڵبازێتی | 165 | شینکاتی |
| 139 | یەکێتی | 166 | سەوزاتی |
| 140 | کۆڵبەرێتی | 167 | ئازایەتی |
| 141 | منداڵێتی | 168 | سوکایەتی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 169 | مەردایەتی | 197 | زمان لوسیەتی |
| 170 | کەرایەتی | 198 | بێ ویژدانیەتی |
| 171 | دژایەتی | ژ | ***پاشگری /-ایی/*** |
| 172 | مەزنایەتی | 199 | کوێرایی |
| 173 | زۆڵایەتی | 200 | تەڕایی |
| ژ | ***پاشگری /-ەتی/ لەگەڵ ناودا*** | 201 | پانایی |
| 174 | پیاوەتی | 202 | بەرزایی |
| 175 | قوتابیەتی | 203 | ئەستورایی |
| 176 | ئەندامەتی | 204 | ڕەشایی |
| 177 | جیرانەتی/هاوسێیەتی | 205 | سپیایی |
| 178 | نانکەریەتی | 206 | قورسایی |
| 179 | دارتاشیەتی | 207 | تیژایی |
| 180 | دوکانداریەتی | 208 | قوڵایی |
| 181 | هونەرمەندیەتی | 209 | تارمایی |
| 182 | باخەوانیەتی | 210 | چاڵایی |
| 183 | بۆیاخچییەتی | 211 | گەرمایی |
| 184 | سەعاتچییەتی | ژ | ***پاشگری /-ە/ لەگەڵ ڕەگی کرداردا*** |
| 185 | پێشەوایەتی | 212 | کۆکە |
| ژ | ***پاشگری /-ەتی/ لەگەڵ ئاوەڵناودا*** | 213 | پرسە |
| 186 | گەورەیەتی | 214 | پژمە |
| 187 | مەردیەتی | 215 | وتە |
| 188 | برسیەتی | 216 | وەڕە |
| 189 | سپیەتی | ژ | ***پاشگری /-ە/ لەگەڵ ژمارەدا*** |
| 190 | خەنیەتی | 217 | سەدە |
| 191 | دڕندەیەتی | 218 | چلە |
| 192 | هەژاریەتی | 219 | حەوتە |
| 193 | نەزانیەتی | ژ | ***پاشگری /-ە/ لەگەڵ ئاوەڵناودا*** |
| 194 | نامەردیەتی | 220 | چاکە |
| 195 | خوێڕیەتی | 221 | خراپە |
| 196 | قارەمانیەتی | ژ | ***پاشگری /-ش/شت/*** |

| | |
|---|---|
| 222 | ڕەوش |
| 223 | کۆشش |
| 224 | ئارایشت/ئارایش |
| 225 | ڕەوشت |
| 226 | سەرزەنشت |
| 227 | بڕشت |
| 228 | پەرستش |
| 229 | شۆڕش |
| ژ | ***پاشگری /-ێنی/ لەگەڵ ناو و ئاوەڵناودا*** |
| | کوڕێنی |
| 230 | کچێنی |
| 231 | بوکێنی |
| 232 | قۆزێنی |
| 233 | ڕەشێنی |
| ژ | ***پاشگری /-ار/ لەگەڵ ڕەگی کرداردا*** |
| 234 | وتار |
| 235 | کوشتار |
| 236 | گوفتار |
| 237 | کردار |
| ژ | ***پاشگری /-انە/ لەگەڵ ئاوەڵناودا*** |
| 238 | سوورانە |
| 239 | پاکانە |
| ژ | ***پاشگرەکانی/-ست، -ا، -ینی، -ندە/*** |
| 240 | توانست |
| 241 | زانست |
| 242 | گەرما |
| 243 | سەرما |
| 244 | ماتەمینی |
| 245 | گازندە |